# گوڵان

ڕۆژنامەی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٨٥)- (١٦)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣

## دیداری بازنەی گفتوگۆ

## هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی سیاسی

### فازڵ میرانی

**بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

# دەبێت کوردایەتی بکەین نەك حزبایەتی

بازنەی گفتوگۆ زۆر بە زانایی ئەم گفتوگۆیانەی ئەنجام داوە، بۆیە دەبێت حکومەت، دەزگاکانی دەوڵەت، حزبە سیاسییەکان زۆر باشتر لە بەرهەمی ئەم گفتوگۆیانە تێبگەن و پراکتیکی بکەن

ئەوەی دڵسۆز بێت بۆ ئەم خاك و نیشتمانە، دەبێت ئەوەی لەبەر چاو بێت، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەردەوامیی دەرکردنی یاسا، سەقامگیری و دەستوورییەتی هەرێمی کوردستان



# دەستپێکی ڕۆڵی کورد لە بەغدا دوای ڕووخانی ڕژێم

٨٦




لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بڕیار درا، شاندێک سەردانی بەغدا بکات، بۆ ئەم مەبەستە، ڕۆژی ٢٨ی نیسانی ٢٠٠٣ بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتین، لەگەڵ مام جەلال وا ڕێک کەوتبووین کە لە کەرکووک یەک بگرینەوە و پێکەوە بچینە بەغدا.

بۆ ئامادەکاری و دابینکردنی بارەگا و شوێنی مانەوە، هەڤاڵانمان پێشتر ناردە بەغدا، چونکە هیچ بارەگا و شوێنمان نەبوو، برادەرانیش هۆتێلی (برج الحياة)یان بەکرێ گرتبوو وەک شوێنی مانەوەمان، بەکردەوەش بوو بە تەنیا شوێن کە هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لێی کۆ ببنەوە.

ڕۆژانە کۆبوونەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام بوون و میوانداریی هەموو لایەنەکانمان دەکرد. بەڵام دیار بوو گێرەشێوێنییەکی یەکجار زۆر هەبوو، هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی ناوشار نەمابوو. پۆلیسی هاتوچۆ نەبوو. لە هەموو شەقامەکان ترافیک و قەرەباڵغییەکی زۆر دروست دەبوو. دامودەزگای حکوومی نەمابوون، هەموو خەڵکەکە سەرگەردان و پەرێشان بوون.


ڕۆژانە خەلیلزاد و گارنەر لە شوێنی مانەوەمان سەردانیان دەکردین و ناوبەناویش لە کۆبوونەوەکانی هێزە سیاسییەکاندا بەشدارییان دەکرد. لە هەموو دیدار و سەردانەکانیاندا هانیان دەداین بۆ ئەوەی پەلە بکەین لە پێکهێنانی حکوومەتی کاتی.

گفتوگۆی هێز و لایەنە سیاسییەکانیش زیاتر لەسەر بەدەستهێنانی پلە و پۆست بوو، زۆر جاریش کۆبوونەوەکان دووبارەکردنەوەی بابەتەکانی پێشوو بوون.

خەلیلزاد و گارنەر هەمیشە لایەنەکانیان هان دەدا و، مەردانە دووپاتیان دەکردەوە کە پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکوومەتی کاتی، نەوەک کات و دەرفەتەکەتان لە دەست بچێت، بەڵام کەس بایەخ و گرنگیی بە داواکەیان نەدەدا. ئەو دۆخە بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی بڕیاری ژمارە (١٤٨٣)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣ دەرچوو. بەپێی بڕیارەکە ئەمەریکا خۆی لە هێزێکی ڕزگارکەرەوە کردە هێزی داگیرکەر و حاکمێکی مەدەنیی بە ناوی پۆل بریمەر دەستنیشان کرد و ستافێکی گەورەی ئیداریی ناردە عێراق و لە شوێنی حکوومەتی کاتی، دەسەڵاتێکی کاتیی دامەزراند.

# چاپکراوی نوێ





بڵاوکراوەی (پرۆژەکانی کەرتی کارەبا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، سەرجەم پرۆژەو چاکسازییەکان و کاروچالاکییەکانی وەزارەتی کارەبا لەخۆدەگرێت، بڵاوکراوەکە گرنگییەکی تایبەتی بەو یاسا و ڕێنمایی و هەموارکردنی گرێبەستەکان داوە، هەروەکو چۆن بەشێوەیەکی پوخت و کورت باس لەو پرۆژە گەورە و ستراتیژییانەش دەکات کە لە سێکتەرەکانی (بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردن و کۆنترۆڵکردنی کارەبا) لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنی کابینەکەدا ئەنجام دراون، بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بە داتاو ئامار زانیاریی تەواو لەسەر ئەو پرۆژانە و گرنگیی بۆ بونیاتنانی ژێرخانی کارەبا و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بڵاوکردۆتەوە، لەمەش گرنگتر باسێکی وردی سیستەمی پێوەری زیرەك و سیستەمی پریپەیدی تێدایە کە دوو سیستەمی پێشکەوتوون و کۆنترۆڵ و بەڕێوەبەردنێکی باشی کەرتی دابەشکردنی کارەبا دەکات و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سامانی کارەبا بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکات، بەشێکی بڵاوکراوەکە تایبەتە بەوەی (چی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا ؟) .

لەم بڵاوکراوەیەدا ئاماژە بەوە کراوە، وەزارەتی کارەبا وەزارەتێکی خزمەتگوزاریی بەردەوامە و ڕاستەوخۆ پەیوەست و پەیوەندی بە ژیان و بژێوی هاووڵاتیانەوە هەیە، بۆیە بە پاڵپشتیی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك هەنگاو و گۆڕانکاریی گرنگ بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و باشترکردنی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ خێرا ڕای کردنی مامەڵەکانی هاووڵاتیان دراوە، ڕاگەیاندنی وەزارەتەکەش کە لە ڕێگەی پەیجی فەرمیی وەزارەت و وێب سایت و سۆشیال میدیا و هۆکارەکانی دیکەی پۆستی ئەلەکترۆنی و سکاڵای ئەلەکترۆنی و کاراکردنی تۆڕێکی فراوانی ژمارە تەلەفونەکانی چاککردنەوەی کارەبای هاووڵاتیان و وەڵامدانەوەی سکاڵاکان و وێب سایتی پسوولە ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی دیجیتاڵی پردێکە لەنێوان وەزارەتی کارەبا و هاووڵاتیاندا.

دەستخۆشی لە تیمی ڕاگەیاندنی وەزارەتی کارەبا و تەواوی ستافی وەزارەتەکە دەکەین، کە وێڕای قەیرانی دارایی بەسەر کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بوون و ئەم پرۆژە و کاروچالاکییانەیان ئەنجام داوە، بەهیوای ئەوەی هەروەکو لە بەشی پلاندانانی بڵاوکراوەکەدا هاتووە لە قۆناغی داهاتوو پلانەکانی وەزارەت بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ئەنجام بدرێت بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەی کارەبا.







ئەو دوو کتێبەی بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست بە زمانی کوردی و عەرەبی (گفتوگۆیەك لەگەڵ نارەزایی خەڵك) و(حوار مع استياء الناس) بەرهەمی ماندووبوونی لیژنەی بازنەی گفتوگۆیە کە ئۆرگانێکی هاوشانی ئۆرگانەکانی دیکەی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لەو سۆنگەیەوە کە گەورەترین و ترسناکترین کێشە لەناو سیستەمی دیموکراتی لەو بۆشاییەدا نەشونما دەکات کە لەنێوان (خەڵك و حزبە سیاسییەکان)، هەروەها (خەڵك و پرۆسەی حکومڕانی) دا دروست دەبێت، ئەگەر ئەم بۆشاییە نەکرێتە پانتاییەکی گشتی بۆ گفتوگۆی نێوان خەڵك و حزبە سیاسییەکان و خەڵك و کۆی دامەزراوەکانی پرۆسەی حوکمڕانی، ئەوا جۆرە دردۆنگییەك دروست دەبێت کە سەرەنجام متمانە و لێکتێنەگەیشتن لەنێوان خەڵك و حوکمڕانی نامێنێت.

ئەم کتێبە کە بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی دەیخەینە بەردەستی خوێنەران وەك قۆناغی شەش مانگی یەکەمی بازنەی گفتوگۆ، بەرهەمی شەش گفتوگۆی ڕاشکاوانە و چڕوپڕە کە لە ماوەی مانگی کانوونی دووەم تا حوزەیرانی ٢٠٢٣ سازدراون و لەسەر شەش ڕاپرسی و ڕاپۆرتی مەیدانی لەگەڵ خەڵك ئەنجامدراون، پێشتر لە گۆڤاری گوڵان بڵاوکراونەتەوە ئەو پرسانەی لەم گفتوگۆیانە گەنگەشەیان لەسەر کراون بریتی بوون لە: گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی، ڕۆڵی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا، ئینتیمای نیشتمانی.. پرس و گەنگەشە، میدیای کوردی .. قۆناغ و بەرپرسیاریەتی، خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان.

لەم شەش گفتوگۆیەدا ٤١ دەستەبژێر و ئەکادیمیست و بەرپرس و سیاسەتمەدار بەشدریان تێدا کردووە و بە ڕاشکاوی و بوێری دەستیان خستۆتە سەر کێشەکان و پێشنیار و چارەسەری گونجاویان خستۆتە ڕوو، قۆناغی دووەمی بازنەی گفتوگۆ لە مانگی تەمووزەوە جارێکی دیکە دەست پێ دەکاتەوە، بۆ ئەم قۆناغەش شەش پرسی گرنگی دیکەی ئەم نیشتمانە دەکاتە بابەتی گفتوگۆکانی دوای ئەنجامدانی ئەم قۆناخەش، لە کتێبێکی دیکەدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەیخاتە بەردەستی خوێنەران. ئامانجی بازنەی گفتوگۆ هەوڵێکە بۆ بونیاتنانەوەی کوردستانێکی بەهێز، ئەم کوردستانە بەهێزە بە بەشداریی کاریگەریی خەڵك لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیدا دێتە ئاراوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
دستەی کارگێر

الحزب الديمقراطي الكوردستاني
المكتب السياسي
الهيئة العاملة

بەڕێز هەڤاڵان ئەندامانی لیژنەی بازنەی گفتوگۆ


ڕێز و سڵاو

هەموو ئەو بابەتانەی لە دانیشتنەکانی بازنەی گفتوگۆدا خراونەتە بەر باس و گفتوگۆوە، بابەتی گرنگ و هەستیارن، بەشداری کردنی کەسانی پسپۆر و ئەکادیمی و شارەزا و بەرپرسانی حکومی لە دانیشتنەکانی بازنەی گفتوگۆدا، دەرەنجامی زۆر باشی دەبێت بۆ تێگەیشتن و نزیك بوونەوە لەو گرفت و کێشانەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەن. ناوەرۆکی تەواوی ئەو دانیشتنانەش شایستەی ئەوەن ببنە بەرنامەی کاری دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.کارێکی باشتان کرد کە پوختەی ناوەرۆکی شەش دانیشتنی بازنەکەتان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە دوو بەرگە کتێبی جودا، بڵاو کردەوە.
بەردوام و سەرکەوتوو بن.

فاضل میرانی


بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی

دکتۆر محەمەد شوکری:




## پلان و نەخشەی وەبەرهێنان وەرچەرخانی لە سێکتەری کشتوکاڵی لێ کەوتەوە

ئاراس جەواد مەلەکشاهی:



## کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانی بە باوکی ڕۆحی و ناسنامەی گەلی کوردستان دادەنێن

باوەڕ فلات :



## پەکەکە دژی هەموو حزب و لایەنە نەتەوەییەکانی کوردستانە

پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس:



## زۆرێک لەو ئیسرائیلییانەی حەماس کوشتنی بەرهەڵستکاری نەتانیاهۆ بوون





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

ئەمیل ئیستیفان:



**مسعود بارزانی پارێزەری پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانە**

لینا عەلی :

**ئەگەر گرێبەستیشم بۆ بێت قبوڵی ناکەم و لەیانەی هەڵەبجە دەمێنمەوە**



**خواستی قوتابییانی زانکۆ لەسەر چەند بەشێکی دیاریکراوە و چەندین بەشیش لە ئاستی داخستندان**



**رۆبۆتێکی بچووک چاودێری ماڵەوە دەکات**



**ئایا بەکارهێنانی میلاتۆنین بۆ خەو زیانی هەیە؟**




زۆیـــــا :

**سەرەڕای ئاستەنگەکان هونەری کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان پێشکەوتووە**





## ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی یەکەمی بازنەی گفتۆگۆ

# گفتوگۆ لەگەڵ ناڕەزایی خەڵک

ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ ٢٠٢٣، بە ئامادەبوونی فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی و کوردستان و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و د.سالار عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی یەکەمی بازنەی گفتوگۆ کە شەش گفتوگۆی خولی یەکەمی لە خۆی گرتبوو، بە ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ ناڕەزایی خەڵك» بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی سیاسی و وەزیر و پەرلەمانتاران و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەکادیمیست و دەستەبژێری نیشتمانپەروەر و کەسایەتی و دەستەبژێرانی بەشداربووی ئەڵقەکانی (١تا٦)ی بازنەی گفتوگۆ ئامادە بوون، لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا د.سالار عوسمان وتاری بەشی ڕۆشنبیری و بازنەی گفتوگۆی خوێندەوە، دوای بەخێرهاتنی میوانەکان، تیشکی خستە سەر ئەوەی بۆچی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بیری لەوە کردەوە کە هاوشانی ئۆرگانەکانی دیکەی، بازنەی گفتوگۆش وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت؟ بۆچی لیژنەی بازنەی گفتوگۆ بڕیاری دا، پوختەی ئەم گفتوگۆیانە بە شێوەی ڕاپۆرت لە گۆڤاری گوڵان بڵاو بکرێتەوە؟ بۆچی بڕیارمان دا لە دوو کتێبدا بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی ئەو گفتوگۆیانە کۆ بکەینەوە و چاپی بکەین؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند :



«گفتوگۆ بۆ هەر کۆمەڵگەیەك زۆر گرنگ و پێویستە، هەستمان کردووە، بە داخەوە ژینگەی دیالۆگی ساغڵەم و سپی و بەرهەمهێن لە کوردستان لە مەترسیدایە و خەڵکانێکی نابەرپرس، تا ڕادەیەکی زۆر میدیا و سۆشیال میدیایان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆرخ کردووە، حزبە سیاسییەکانیش بە داخەوە لەبەر ململانێی سیاسیی خۆیان، ناتوانن کەشێکی پێویست بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنێکی باش فەراهەم بکەن، ئەو کەشی گفتوگۆیەی کە هەموو کۆمەڵگەکان پێویستیانە.

ئامانجمان ئەوە بوو، لە یەك ئاراستەی سیاسییەوە گفتوگۆ نەکەین و، بازنەی گفتوگۆ بکەینە پلاتفۆرمێکی کراوە بۆ کۆکردنەوەی تێکڕای بیروبۆچوونە جیاوازەکان و، لەم ڕوانگە جیاوازانەوە گفتوگۆ بکەین و خاڵی هاوبەشی لێکتێگەیشتن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەکانی کۆمەڵگە دروست بکەین».

سەبارەت بە چاپکردنی ئەم گفتوگۆیانە وەك کتێب، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ئاماژەی بەوە کرد، ئەم گفتوگۆیانە لەبەر ڕۆشنایی ڕاپرسیی ناو خەڵك و ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییانە کراون، کە لیژنەی بازنەی گفتوگۆ بۆ هەر گفتوگۆیەك ئامادەی کردوون، بەرنامەی گفتوگۆکانیش بەو شێوە داڕێژراون کە هەموو پرس و کێشەکانی خەڵك و کۆمەڵگە و نیشتمانی خۆمانی گرتووەتەوە و، ئەو دەستەبژێرانەشی کە لەم گفتوگۆیانەدا بەشدارییان کردووە، جیا لەوەی لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بوون، لە هەمان کاتدا باکگراوندی سیاسیی جیاوازیشیان هەبووە و لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان بوون و، لە ناو هەناوی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و سیاسییەکانەوە ڕایەڵەی

پێکەوە گرێدانەوەی بۆچوونەکان دروست کراوە و، پێشنیار و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خراونەتە ڕوو و، پێشکەشی پرۆسەی سیاسیی کوردستان و تەواوی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی خۆمان لە کوردستان کراوە.

لەم کتێبەدا (گفتوگۆ لەگەڵ نارەزایی خەڵك) شەش گفتوگۆی ڕاشکاوانە بڵاو کراوەتەوە، کە بریتین لە:

١. گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی.

٢. ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا.

٣. ئینتمای نیشتمانی پرس و گەنگەشە.

٤. میدیای کوردی قۆناغ و بەرپرسیاریەتی.

٥. خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.

٦. ئاڵنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەم شەش پرسەی لەم کتێبەدا گفتوگۆیان لەسەر کراوە، پێکەوە بەشێکی گرنگی کێشەکانی خەڵك و کۆمەڵگەی خۆمان پیشان دەدات و پەیوەندیی بە هەموو هاوولاتیانی کوردستانەوە هەیە، بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە، لەم ڕوانگەیەوە بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە ئامادەبووانی ڕیپۆرەسمەکەی ڕاگەیاند: «ئێمە لەو ڕوانگەیەوە بیرمان کردەوە کە بە زمانی عەرەبییش ئەم کتێبە چاپ بکەین، لەبەر ئەوەیە هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژوو لانکەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بووە و، لەم ساڵانەی دواییشدا کە بە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەوە لە عێراق، هەروەها کاری توندوتیژی گرووپە تیرۆریستییەکان، جیا لەوەی پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکانی تەواوی عێراق هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و ئێستا لە کوردستان نیشتەجێن، هاوکات ژمارەیەکی زۆری هاوولاتیانی پارێزگاکانی عێراقیش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئێستا وەك هاوولاتیانی کوردستان لەم هەرێمەدا دەژین و پەیوەندیی بە کاروباری ڕۆژانەی ئەوانیشەوە هەیە، بۆیە بڕیارمان دا، ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبییش چاپ بکەین».

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕیپۆرەسمەدا، لیژنەی بازنەی گفتوگۆ دیدارێکی لەسەر گرنگیی گفتوگۆ بە ناونیشانی (هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی سیاسی) بۆ فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێك خست، لەم دیدارەدا میرانی وێڕای ئەوەی بە شێوەیەکی هزری و سیاسی زۆر بە بایەخەوە هەڵوەستەی لەسەر گرنگیی گفتوگۆ و دانوستاندن کرد، لە هەمان کاتدا لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردستانیش چەند پرسێکی گرنگی ورووژاند، پاشانیش لەلایەن ئامادەبووانەوە چەند پرسیارێکی لێ کرا و زۆر بە ڕاشکاوانە لەلایەن فازڵ میرانی وەڵام درانەوە. (لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە پوختەی قسەکانی بەڕێزیان بڵاو کراوەتەوە).

لە کۆتایی ڕیپۆرەسمەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنانی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەشداربووانی هەر شەش ئەڵقەی گفتوگۆکانی بازنەی گفتوگۆ و بازنەی گفتوگۆکە بەخشرا،کە ئەم بەڕێزانە بوون:

■ **بەشداربووانی گفتوگۆی گەنج و ڕەخنە سیاسییەکانی**

د. چنار سەعد عەبدوڵڵا
عەبدولسەلام مەدەنی
د. بەهات حەسیب قەرەداغی
کەژان محەمەد
پ. د. سەردار قادر

■ **بەشداربووانی گفتوگۆی ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیدا**

د. کوردستان موکریانی
پرۆفیسۆر د. ڕەشاد میران
د.خانزاد ئەحمەد
کنێر عەبدوڵڵا
د.شیرین حسنی ڕەمەزان
د. تاهیرە عەبدولڕەزاق سادق
ئاوات حوسامەدین

■ **بەشداربووانی گفتوگۆی ئینتیمای نیشتمانی پرس و گەنگەشە**

پ. د.کامەران ساڵحی
د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس




د. مەهاباد سەعدی
د.فازڵ عومەر
د. ئیبراهیم مەلا زادە

■ **بەشداربووانی گفتوگۆی میدیای کوردی قۆناغ و بەرپرسیاریەتی**
ئازاد جندیانی
ئازاد حەمەدەمین
د.سادق حەمە غەریب
نەرمین سندی
د.سامان جەلال
بەفرین سەلمان

■ **بەشداربووانی گفتوگۆی خەڵك و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری**
ئازاد تۆفیق
ئومێد خۆشناو
د.هەڤاڵ ئەبووبەکر
پ.د. عەلی تەتەر
هەڵگورد شێخ نەجیب
فارس یوحەننا

■ **ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا**
د. ڤالا فەرید
حاکم رزگار محەمەد ئەمین
د.مونا یوخنا یاقۆ
د.محەمەد شەریف
د. ئیسماعیل نامیق
د.محەمەد رێکانی
بەختیار حەیدەر

■ **بازنەی گفتوگۆ**
د.سالار عوسمان
شڤان حەمدی
د.نەزاکەت حسێن
عەبدولرەزاق عەلی
د.جەلال ئەحمەد
فەرهاد محەمەد

جێگەی ئاماژەپێکردنە بازنەی گفتوگۆ وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە ٢٠٢٣ دەستبەکار بووە، لە ماوەی ئەو شەش ئەڵقەیەی کە لەم دوو کتێبەدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەو رێورەسمەدا دابەشمان کرد، ستراتیژیەتی کارکردنی بەو ئاراستەیە تۆمار کردووە کە «هەمووکات خەڵك و هاووڵاتی خاوەن مافە»، بۆیە دەبێت گوێ بۆ خواست و داخوازییەکانیان بگرین و کۆدی ئەو سایکۆلۆژییەتە نارازییە بدۆزینەوە کە بۆشایی نێوان خەڵك و حزبەکان و دامەزراوەکانی حکومەت دروستیان کردووە.

بازنەی گفتوگۆ بەردەوامە لە ئەنجامدانی گفتوگۆکانی و هەتا ئێستا نۆ ئەڵقەی لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری گوڵان بڵاو کراوەتەوە و لە ئامادەکاریدایە بۆ ئەوەی هەر لەم مانگەدا ئەڵقەی دەیەمی بازنەی گفتوگۆ ئەنجام بدات، دوای تەواوبوونی ئەم شەش ئەڵقەیەی خولی دووەمیش، بە هاوشێوەی شەش ئەڵقەکەی خولی یەکەم لە چوارچێوەی دوو کتێبدا و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپی دەکەین و لە رێورەسمێکی شایستەدا پێشکەشی دەکەین.



دیداری بازنەی گفتوگۆ

## هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی سیاسی

**فازڵ میرانی**

بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەبێت کوردایەتی بکەین نەک حزبایەتی



رۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ لە هۆڵی بەشی رۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی یەکەمی «بازنەی گفتوگۆ» بەڕێوەچوو. لەم ڕێوڕەسمەدا دیدارێک بۆ فازڵ میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناونیشانی «هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی سیاسی» ڕێک خرا. لەم دیدارەدا تیشکی خستە سەر گرنگیی «گفتوگۆ و دانوستاندن» و هەڵوەستەی لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کرد، ئەم دیدارە لەلایەن عەبدولڕەزاق عەلی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ بەڕێوەبردرا و، لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر چەند لایەنێکی ئەو دیدارە.



### ■ ئەقڵانییەتی مرۆڤ لە گفتوگۆ و دانوستاندن بەرجەستە دەبێت

لە دەستپێکی دیدارەکەدا «هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی سیاسی»، فازڵ میرانی تیشکی خستە سەر گفتوگۆکانی بازنەی گفتوگۆ و هەروەها دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، بە دامەزراندنی ئەم ئۆرگانە تازەیە «بازنەی گفتوگۆ» وەك ئۆرگانێکی سەربەخۆ و پلاتفۆرمێکی کراوە بۆ کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و دەستەبژێری نیشتمانپەوەر بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە و بەمجۆرە لەسەر گرنگیی گفتوگۆ هاتە ئاخاوتن:

گفتوگۆ و دانوستاندن، پێش هەموو شت یەکتربینینە، هەتا ڕاستەوخۆش پێکەوە کۆنەبینەوە، ناتوانین گفتوگۆ و دانوستاندن ئەنجام بدەین.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی چۆن بیرۆکەی «گفتوگۆ و دانوستاندن» لای مرۆڤی ئاقڵمەند هاتە ئاراوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: پەروەردگار مرۆڤی بە جیاوازیی ڕەگەز و ڕەنگەوە دروست کردووە، ئەم جیاوازیی ڕەگەز و ڕەنگەش کۆمەڵگەی جیاوازی دروست کردووە، پاشانیش کە ئایینەکان هاتوون، ئیدی ئەو جیاوازییانە زیاتر ڕەنگی داوەتەوە و، لە ئاکامدا شەڕ و توندوتیژی لەنێوان کۆمەڵگەی مرۆڤەکان دروست بووە و، هەر لایەکیان لە ئاکامی ئەم شەڕ و توندوتیژییانە زیان و ئازاری زۆریان پێ گەیشتووە، سەرەنجام گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ لایەکیان ناتوانن لایەکەی دیکە لەناو بەرن، بۆیە بیریان لەوە کردووەتەوە لەگەڵ ئەوەی جیاوازیشمان هەیە، بەڵام دەبێت زمانی یەکتری قبووڵکردنیش پەیدا بکەین، لێرەوە یەکتری قبووڵکردن بووە زمانی گفتوگۆ و دانوستاندن.

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ناونیشانی ئەم دیدارە کە ناوتان لێ ناوە «هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی سیاسی»، لەسەر ئەم ناونیشانە دەڵێم: بۆ ناوتان لێ ناوە «گفتوگۆی سیاسی»، کاتێك سەرنجم لە ئەڵقەکانی ئەم کتێبەی بازنەی گفتوگۆ دا، ئێوە لەسەر چەندین پرسی جیاواز گفتوگۆتان کردووە، وەك پرسەکانی «جڤاکی، گەنج، ئافرەتان، سەروەریی یاسا، خزمەتگوزاری، ئایین و.. هتد»، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە من ئەم هەمەڕەنگییەی گفتوگۆکان بە کارێکی باش دەزانم. بە دیدی من گرنگە چەند شتێکی دیکەش پێش ئەنجامدانی گفتوگۆکان لەبەر چاو بگرن، لەوانە:

١. ئەوانەی گفتوگۆ دەکەن پسپۆڕی و شارەزایی و ئەزموونیان چییە، نەك ئەوانەی گفتوگۆ دەکەن کێن.

٢. لەسەر چ پرسێك گفتوگۆ دەکەن و شێوازی گفتوگۆکە چۆن بەرێوە دەچێت؟

٣. بە چ ئەقڵییەت و واقیعبینییەك گفتوگۆ دەکرێت، ئایا بە ئەقڵییەتی من گەورە و تۆ بچووك، من زانا و تۆ نەزان، من تێر و تۆ برسی، من پیاو و تۆ ئافرەت و.. هتد؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێم، گەوهەری گفتوگۆ لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، من لە چاوی تۆوە چۆن خۆم دەبینم، نەك من لە چاوی خۆمەوە چۆن تۆ دەبینم.

ئەمانە پرانسیپە سەرەکییەکانی گفتوگۆی بەرهەمدارن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر پێشوەختە یەکتریمان ڕەت کردەوە و یەکتریمان قبووڵ نەکرد، ئیدی گفتوگۆ لە پێناوی چیدا دەکەین؟ ئەگەر پێشوەختە من خۆم بە ڕاست زانی و تۆ بە هەڵە، ئیدی گفتوگۆ چ مانایەکی دەبێت؟ بۆیە مەرجی سەرەکی یەکتری قبووڵکردن و لێکتێگەیشتنە بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکان چۆن چارەسەر بکەین.

### ■ دەبێت سیاسەت سەرپۆشێك بێت بۆ پاراستنی بەرهەمەکانی گفتوگۆ

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا میرانی هەڵوەستەی لەسەر ئەوە کرد کە بەرهەمی گفتوگۆی سەرکەوتوو تەنیا بۆ ئەو کەسانە نییە کە گفتوگۆکە دەکەن، بەڵکو دەبێت بەرهەمی ئەم گفتوگۆیە پراکتیزە بکرێت، ئەمەشی بە بەرهەمی کێڵگەیەك بەراوردکرد کە جووتیارێك بەرهەمی دەهێنێت و لەم چوارچێوەیەدا بەمجۆرە جەختی لەسەر سوودوەرگرتن لە بەرهەمی گفتوگۆی بەرهەمدار کردەوە:

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئێمە گفتوگۆ لە پێناوی گفتوگۆ ناکەین، بۆیە دەبێت بپرسین: ئایا چۆن سوود لە دەرەنجامەکانی گفتوگۆ وەردەگرین؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە من نموونەیەك باس دەکەم و دەڵێم:

**گەوهەری گفتوگۆ لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، من لە چاوی تۆوە چۆن خۆم دەبینم، نەک من لە چاوی خۆمەوە چۆن تۆ دەبینم**

**ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ زۆر بە زانایی ئەم گفتوگۆیانەیان ئەنجام داوە، بۆیە دەبێت حکومەت، دەزگاکانی دەوڵەت، حزبە سیاسییەکان زۆر باشتر لە بەرهەمی ئەم گفتوگۆیانە تێبگەن و پراکتیکی بکەن و بیکەنە یاسا، نەریت و ڕێنمایی و زۆر بە باشی سوودی لێ وەربگرن**

**دەبێت باکگراوەندی سیاسیمان سەرپۆشێکی پارێزەر بێت بۆ پاراستنی گفتوگۆ و دەستبەرداری گفتوگۆ نەبێت**

**پێشنیاری من بۆ هەموو لایەک و پێش هەموانیش بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەیە کە ئێمە بە ئەندام و کادرانی پارتی بڵێین، بڕۆن لە دەرەوەی پارتیبوونی خۆتان لەسەر هەموو پرسێک گفتوگۆ بکەن**

**نەک هەر لە سیاسەتدا، بەڵکو لە شەڕیشدا هەموو دەرگاکان دانەخراون، ئەوجا چ بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئێمە زۆر جار دەرگاکان لە خۆمان دادەخەین و ڕاستەوخۆ پەنا بۆ کاردانەوە دەبەین**

کاتێك جووتیارێك لە پاییزدا زەوییەکەی دەکێڵێت و تۆوی دەکات، بۆ ئەوەیە لە بەهار و هاویندا بەرهەمەکەی کۆبکاتەوە، گریمان ئەم بەرهەمە گەنمە، پرسیار ئەوەیە ئەم بەرهەمە چی لێ دەکات؟ بێگومان ئەم بەرهەمە دەبێت بگاتە دەستی خەڵك و چەندین بەرهەمی دیکەی وەك نان و سەموون و ساوەر و.. هتد لێ دروست بکرێت، بەڵام کێ ئەم کارە دەکات و دەیگەیەنێتە دەستی خەڵك؟ ئەوا دەبێتە ئەرکی حوکمڕان و سیاسەتمەدارەکان.

بە دیدی من بەرهەمی گفتوگۆش هەر بەو شێوەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە گفتوگۆ تەنیا بۆ گفتوگۆ ناکەین، هەروەها گفتوگۆش تەنیا بۆ ئەو کەسانە نییە کە بەشداری تێدا دەکەن، بۆیە دەبێت ئەم بەرهەمی گفتوگۆیەش بۆ خەڵك بێت و سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە چ لایەنێك ئەم بەرهەمە دەگەیەنێتە خەڵك و سوودی لێ وەردەگرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەش دەڵێم: بەرهەمی ئەم گفتوگۆیانەی کە لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە، بە تەنیا بەس نییە، ئەم کتێبە لەوانەیە قوتابییەکی زانکۆ، یان توێژەرێك سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام ئەنجامدانی ئەم گفتوگۆیە گرنگانە تەنیا بۆ هێندە نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە لە شێوەی مامەڵەکردنمان لەگەڵ یەکتری پەیڕەوی بەرهەمی ئەو گفتوگۆیانە بکەین. ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ زۆر بە زانایی ئەم گفتوگۆیانەیان ئەنجام داوە، بۆیە دەبێت حکومەت، دەزگاکانی دەوڵەت، حزبە سیاسییەکان زۆر باشتر لە بەرهەمی ئەم گفتوگۆیانە تێبگەن و پراکتیکی بکەن و بیکەنە یاسا، نەریت و ڕێنمایی و زۆر بە باشی سوودی لێ وەربگرن.

## ■ گفتوگۆ لە دانوستاندن فراوانترە گرنگە لێك جیا بکرێنەوە

بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی وردکردنەوەیەکی هزرییانەی بۆ چەمکی «گفتوگۆ» کرد و بە فراوانتر لە دانوستاندنی سیاسی لە قەڵەمی دا، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، گرنگە گفتوگۆ لە دانوستاندن جیا بکرێتەوە و بەمجۆرە درێژەی بە قسەکانی دا:

بە دیدی من لەگەڵ ئەوەی لە نێوان گفتوگۆ و دانوستاندا خاڵی هاوبەش هەیە، بەڵام جیاوازیشیان هەیە، بۆیە گرنگە لێکیان جیا بکەینەوە. دانوستاندن پرسێکە لە نێوان ئەو شاندانەی کە دانوستاندن دەکەن لەسەر پرسێکی دیاریکراو، بۆ نموونە دوو حزبی سیاسی لەسەر کێشەیەکی تایبەتیی خۆیان دانوستاندن دەکەن، بەڵام گفتوگۆ فراوانترە و لەوانەیە کۆمەڵێك لایەنی جیاواز لە ڕووی سیاسییەوە، یان لە ڕووی ئایینی و نەتەوەییەوە لەسەر پرسێکی گرنگی کۆمەڵگە گفتوگۆ بکەن، بەڵام وێڕای بوونی ئەم جیاوازییەش، بناغەی سەرکەوتنی دانوستاندن هەر بەندە بە پرانسیپی یەکتری قبووڵکردنەوە، ئەوجا ئەو دانوستاندنە لە نێوان دوو حزبی سیاسیی کوردستانی بێت، یان لە نێوان حزبێکی سیاسی و حکومەت بێت، یان لە نێوان حکومەتی هەرێمی و حکومەتی فیدراڵی بێت، بناغەی سەرکەوتنەکەی بەندە بە واقعبینی و یەکتری قبووڵکردنەوە.

## ■ هێزی لۆژیك و لۆژیکی هێز

سەبارەت بە هێزی لۆژیك بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆ و دوورکەوتنەوە لە لۆژیکی هێز و یەکتری ڕەتکردنەوە، میرانی ئاماژەی بەوە کرد، لۆژیك دەڵێت ئەوەی لە فەرهەنگی لۆژیکدا بێت، دەبێت پەسەند بکرێت، بەڵام ڕەنگە زۆر جاریش لۆژیك قبووڵ نەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە پێتەکانی خاڵبەند کرد و لەسەر گرنگیی گفتوگۆ بەمجۆرە ڕای خۆی خستە ڕوو:

ئەو دەستەبژێرانەی لە بازنەکانی گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە گرنگانە گفتوگۆیان کردووە، ئەگەر بە واقیعبینی و بەدەر لەوەی لێی ڕاهاتوون، گفتوگۆیان بکردایە، ئەوا بە بۆچوونی من لەوانەیە بەرهەمەکەی لەمەی ئێستا جیاواز بووایە، لەمەدا مەبەستم ئەوەیە باکگراوەندی حزبی ئەوجا ئەو باکگراوەندە «پارتی، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، شیوعی و.. هتد»، زۆر جار ڕێگرە لەوەی کە بتوانین بە واقیعبینی و هێزی لۆژیك ڕاشکاوانە گفتوگۆ بکەین، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە من ناڵێم دەبێت سیاسەت واز لە گفتوگۆ بێنێت، بەڵکو دەڵێم دەبێت باکگراوەندی سیاسیمان سەرپۆشێکی پارێزەر بێت بۆ پاراستنی گفتوگۆ و دەستبەرداری گفتوگۆ نەبێت.

بۆیە پێشنیاری من بۆ هەموو لایەك و پێش هەموانیش بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەیە کە ئێمە بە ئەندام و کادرانی پارتی بڵێین،

بڕۆن لە دەرەوەی پارتیبوونی خۆتان لەسەر هەموو پرسێك گفتوگۆ بکەن. ئەگەر حزبە سیاسییەکان بەدەر لە باکگراوەندی حزبییان بوار بە ئەندام و کادرەکانی خۆیان بدەن، لەسەر پرسە گرنگەکان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری بکەن و، پێشوەختە نەڵێن ئەوەی تۆ هەڵەیە و من خاوەنی مافم و من لەسەر هەقم، بەوە گفتوگۆ بەرهەمی زۆر باشی دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم لۆژیکە نەبوو، ئەوا ئەو لایەنە خۆی لە هەڵوێستێکی موحریجدا دەبینێتەوە و ناتوانێت دۆست و پشتیوانی بۆ پرسەکەی خۆی دروست بکات و، تەنیا وەك ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراوی توێژێك دەمێنێتەوە.

بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە دەبێت مرۆڤ بەردەوام خۆی لە بازنەی واقیعبینی ببینێتەوە، نەك «تاکبینی، توێژبینی، حزببینی، ئایدیۆلۆژیەتبینی»، واقیعبینی ئەوەیە من خۆم لە چاوی تۆدا ببینم، نەك چاوی خۆم، یان بە چاوی خەڵك تەماشای خۆمان بکەین، ئەمە شتێکی گشتییە بۆ واقیعبینی، ئەوجا ئەمە کەسێك بێت، یان حزبێك، یان حکومەت بێت، دەبێت لە چاوی خەڵکەوە تەماشای خۆمان بکەین.

ئێوە لە بازنەی گفتوگۆ ئەم کتێبەتان ئامادە کردووە و ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ ناڕەزایی خەڵك»تان بۆ داناوە، بەڵام من دەڵێم ناڕەزایی لەسەر چی؟ گرنگە ناڕەزایی دیاری بکرێت، دەبێت بزانین ئەم ناڕەزاییانە، ناڕەزایی هاوبەشی خەڵکن، یان ناڕەزایی چینێك، یان ڕەگەزێکی دیاریکراوە؟ بۆیە ئەوانەی گفتوگۆ دەکەن، گرنگە پێش ئەوەی گفتوگۆ بکەن لەسەر شێوازی ناڕەزاییەکان ڕێك کەوتبن.

ئەمانەی ئاماژەم پێ کردن، وادەکات کە ئێمە خۆمان لەناو بازنەی واقیعبینی ببینینەوە، لەناو ئەم بازنەیەشدا لەسەر هەر پرسێك گفتوگۆ بکەین و، هەر بڕیارێك بدەین و لەسەر ئەم بنەمایە هەنگاو بهاوێژین، ئەگەر قازانجیش نەکەین، زەرەر ناکەین، ئەگەر هەنگاوێکیش نەچینە پێشەوە، ناگەڕێینەوە بۆ دواوە، بەڵام بەپێچەوانەوە و لە دەرەوەی بازنەی واقیعبینی هەر هزرێك و هەر بڕیارێك و هەر هەنگاوێك هەڵبگرین، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەگەر زەرەر نەکەین، قازانج ناکەین، ئەگەر بەرەو دواوە نەگەڕێینەوە، بەرەو پێشەوە ناچین.

■ **سیاسەت بە میزاج و کار و کاردانەوە ناکرێت**

چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا وا دەبینرێت کە گفتوگۆ و دانوستاندنی نێوان حزبە سیاسییەکان لە بارێکی باشدا نییە و هەندێك جاریش وادەبینرێت، کە حزبەکان پشتیان لە یەکدی کردووە و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان ناتوانێت خاڵی هاوبەش لە نێوانیان دروست بکات، سەبارەت بە هۆکار و کێشەی گفتوگۆ و دانوستاندن لەنێوان حزبەکانی کوردستاندا، میرانی بەمجۆرە ڕاشکاوییە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

گرفتی سەرەکی بۆ دروستبوونی ئەم واقیعە خۆمانین، حزبە سیاسییەکان، نەك کۆمەڵگە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی حزبەکان کۆمەڵگەیان بە سیاسی کردووە، یان بە دوای سیاسەت کەوتوون. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە شێوەیەکی هەڵە حزبایەتی دەکەین، هەڵەکانیشمان لەچەند بوارێکدایە لەوانە:

■ **سیاسەت بە میزاج ناکرێت**

ئەمەش واتە ناکرێت تۆ کەسێکت لە فلانە حزب خۆش ناوێت، هەموو حزبەکە بسڕیتەوە و بڵێیت خۆشم ناوێت، ئەمەش واتا گشتاندن لە ڕوانگەی بەشێك و سەپاندنی بەسەر گشتدا، لە سلێمانی دەڵێن «چەم بێ چەقڵ نابێت»، بەڵام من دەڵێم «سیاسەت بە میزاج ناکرێت».

■ **سیاسەت بە کار و کاردانەوە ناکرێت**

نەك هەر لە سیاسەتدا، بەڵکو لە شەڕیشدا هەموو دەرگاکان دانەخراون، ئەوجا چ بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئێمە زۆر جار دەرگاکان لە خۆمان دادەخەین و ڕاستەوخۆ پەنا بۆ کاردانەوە دەبەین، هەر بۆ نموونە حزبێك لە حزبەکان بڕیارێك دەدات، لەوانەیە ئەو بڕیارە لە دیدی منەوە هەڵە بێت و لە دیدی خۆیەوە ڕاست بێت، ئەم جیاوازە فەرزی دەکات، ئێمە گفتوگۆ و دانوستاندن بکەین، بۆ ئەوەی قەناعەتم پێ بهێنێت بڕیارەکەی ڕاستە، کە ئەمەی کرد، من تووشی کاردانەوە نابم، یان من هەوڵ دەدەم قەناعەتی پێ بهێنم کە بڕیارەکەی هەڵەیە بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەم وازی لێ بهێنێت، بەڵام کە ئەم ڕێگەیەمان واز لێهێنا و یەکسەر کاردانەوەمان پیشان دا، ئەوە ئیتر ناگەینە یەك و هەر لایەك لەسەر بڕیاری خۆی دەبێت.

**لە هەر بڕیارێکی سیاسیدا سۆز و عاتیفە پێوەر بێت، ئەوو بڕیارە هیچ ئاکامێکی نابێت، خۆپیشاندان و ناڕەزاییش لەسەر سۆز و عاتیفە ڕێک بخرێت، ئاکامی نابێت**

**ئێمە دەبێت کوردایەتی بکەین، نەک حزبایەتی، ئەگەر تەنیا حزبایەتی بکەین ناتوانین لەگەڵ خەڵکی خۆمان دابنیشین و بەرگری لە مافەکانیان بکەین**

**لە ئێستادا هەندێک باس لەوە دەکەن کە سەردەمی دەوڵەتی «نەتەوەیی و ئایینی» بەسەر چووە، بەڵام ئێمە وەک نەتەوەی کورد کێشەی نەتەوەییمان هەیە، هەتا ئێستاش خەڵکانێک هەن ئێمە وەک نەتەوەی کورد قبووڵ ناکەن**



■ **سیاسەت بە سۆز و عاتیفە ناکرێت**

لە هەر بڕیارێکی سیاسیدا سۆز و عاتیفە پێوەر بێت، ئەو بڕیارە هیچ ئاکامێکی نابێت، خۆپیشاندان و نارەزاییش لەسەر سۆز و عاتیفە ڕێك بخرێت، ئاکامی نابێت. هەر بۆ نموونە ئێستا مامۆستایان لەسەر دواکەوتنی مووچەکانیان ناڕازین، بەڵام دواکەوتنی مووچە مانای ئەوە نییە نادرێت، هەر بۆیە ئێمە هەموومان پشتیوانی لە مامۆستایان دەکەین بۆ ئەوەی مووچەکانیان وەربگرن، بەڵام خەڵکانێك دێن بە ڕێگەی سۆز و عاتیفە داوا دەکەن، هەموو کۆمەڵگە هەمان هەڵوێستی هەبێت، کە ئەمە لەوانەیە بارودۆخێکی نەرێنی بە دوای خۆیدا بێنێت.

لەبەر ئەم هۆکارانە و بۆ ئەوەی بڕیاری سیاسیی ئێمە ئاکامێکی هەبێت، دەبێت ئێمە بەردەوام لە بازنەی واقیعبینی کارەکانی خۆمان ئەنجام بدەین، دەبێت ئەو سیاسەت و فرەحزبییەی لە جیهان و کوردستانیش هەیە، لەناو بازنەی واقیعبینی مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەین، ئەگەر لەو بازنەیە هاتینە دەرەوە ئەوا پێکەوەژیان بوونی نابێت.

■ **دەبێت کوردایەتی بکەین نەك حزبایەتی**

بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ شکاندنی ئەو بەستەڵەکەی ئێستا لە نێوانی حزبەکانی کوردستان هەیە و کەمتر پێکەوە گفتوگۆ و دانوستاندن دەکەن، تەنانەت لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیش بۆچوونی جیاوازیان هەیە، فازڵ میرانی بەمشێوەیە ئەم واقیعەی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە:

ئێمە دەبێت کوردایەتی بکەین، نەك حزبایەتی، ئەگەر تەنیا حزبایەتی بکەین ناتوانین لەگەڵ خەڵکی خۆمان دابنیشین و بەرگری لە مافەکانیان بکەین، ئەوجا دەبێت لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی کوردایەتی، لایەنە سیاسییەکان ئێمە ڕابکێشن بۆ لای خۆیان بۆ ئەوەی گفتوگۆ و دانوستاندن بکەین، زۆر سوپاسیان دەکەین، ئێمە ڕایانبکێشین بۆ ئەوەی دانوستاندنیان لەگەڵ بکەین، دیسان سوپاسی بە دەنگەوەهاتنیان دەکەین.

لە ئێستادا هەندێك باس لەوە دەکەن کە سەردەمی دەوڵەتی «نەتەوەیی و ئایینی» بەسەر چووە، بەڵام ئێمە وەك نەتەوەی کورد کێشەی نەتەوەییمان هەیە، هەتا ئێستاش خەڵکانێك هەن ئێمە وەك نەتەوەی کورد قبووڵ ناکەن، ئەگەر بەغدا من وەك نەتەوەی کورد قبووڵ بکات، بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات و نایەت ئاستەنگ و کێشە بۆ قووتی خەڵکی کوردستان دروست بکات، خۆیان بە ملیاران دۆلاریان بە گەندەڵی بە هەدەر داوە، دێن بە ئێمە دەڵێن «ئەوەندە فەرمانبەرتان زیادە»، وەك پەروەردگاریش دەفەموێت «أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلَا تَعْقِلُونَ» ئەم ئایەتە ڕێك بەسەر ئەو ڕەفتارانەی بەغدا لەگەڵ ئێمە پراکتیزە دەبێت، بە ئێمە وا دەڵێن، بەڵام لە پراکتیکدا بۆ خۆیان ئەمە بوونی



نیە،ئەمەش وەك لە ئایەتێکی دیکە پەروەردگار دەفەرموویێت «یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ، كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ»، لەم ئایەتەدا سەرنج بدەن پەروەردگار چەند بەندەی خۆی خۆش دەوێت، بەڵام لەسەر ئەوەی کە شتێك دەڵێن و جێبەجێی ناکەن «كَبُرَ مَقْتًا»ی بەکار هێناوە، گەورەترین سووکایەتی بە بەندەکانی خۆی دەکات، کە ئەو کارانە دەکەن.

ئەمە واقیعی سیاسیی ئێمەیە، بۆیە ئێمە کێشەی نەتەوەییمان هەیە، ئێمە دەمانەوێت هاوبەشەکانی ئێمە خوشك و براکانمان لە حزبەکانی دیکەی کوردستان، بێن لەسەر ئەم پرانسیپە ڕێك بکەوین کە کوردایەتی چارەنووسی ئێمە دیاری دەکات.

لایەنێکی دیکە کە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، ئەوەیە ئێمە دەبێت «ئامانجی ستراتیژی و ئامانجی قۆناغبەندی» لێك جیا بکەینەوە، هەروەها دەبێت تاکتیك بخەینە خزمەتی ستراتیژ و، نابێت ستراتیژ بکەینە قوربانی بۆ تاکتیك، هەر بۆ نموونە بۆ ئەوەی حزبێك لە کوردستاندا لە ئێستا پێگەیەك بۆ خۆی مسۆگەر بکات، یان دەستکەوتێکی کاتی بەدەست بهێنێت، نابێت بڵێت «لە داهاتوو کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، یان نابێت، ئەوە کێشەی من نییە»، ئەو حزبە دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرێت، ئەو بەشێکە لە نەتەوەکەی، نەتەوە گرنگە کە هەموومان لەخۆی دەگرێت، کاتێك ئەمە دەکات، خۆی لاواز دەبێت و لە قۆناغێکدا دەکەوێت.

ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی مێژوو و جوگرافیا حوکم لەسەر خۆمان دەدەین، مێژووی ئێمە لە ساڵی ١٩٤٦ دەست پێ دەکات، ئێستاش لەو جوگرافیایەین کە کوردستانە و لە پەرلەمانی کوردستانیش زۆرینەین و، لەگەڵ حزبەکانی دیکەش لە حوکمڕانیدا هاوبەشین، بۆیە ڕێژەی بەرپرسیاریەتی بە ئاستی هاوبەشیمان لە حوکمڕانی دەگۆڕێت، هەر بۆ نموونە گریمان ئێمە لە کۆمپانیایەك پێکەوە هاوبەشین، لایەك پشکی ٧٠٪ی هەیە و بەرانبەرەکەی پشکی ٣٠٪، ئێ خۆ ناکرێت بڵێم ٥٠٪ تۆ بەرپرسیاری و منیش ٥٠٪، ئەگەر ئەمەم کرد واتە سووکایەتیم بە مێژوو و جوگرافیا و سەرمایەکەی خۆم لەو کۆمپانیایە کرد، بەڵام دەتوانم لەو دەستکەوتەی کۆمپانیاکە بەدەستی دەهێنێت، بڵێم بە ڕێژەی ٧٠٪ و ٣٠٪ دابەشی ناکەین، من واز لە ١٠٪ی دەستکەوتەکەی خۆم دەهێنم بۆ هاوبەشەکەم، ئەمەیان دەکرێت و دروستە. بەڵام لە هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی دروست نییە و دەبێت من ٧٠٪ بەرپرسیاریەتییەکە هەڵبگرم، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین پشتیوانی یەکدی بین و بەردەوامیش پێکەوە بین و، دەبێت پرانسیپی هاوبەشی کۆکەرەوەی هەموولایەکمان بێت و پێکەوە بین، هەمووومان بەهێزین و لێك دابڕین هەمووومان لاوازین.

پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، کەموکورتییەکە لە خۆمانە وەك حزبە سیاسییەکان، سەرۆك بارزانی لە

**سەرۆک بارزانی لە کردنەوەی یادگەی نیشتمانی بارزان، بانگەوازی کرد، حزبە سیاسییەکان پێکەوە کۆببنەوە ڕێک بکەون، پرسیاری من ئەوەیە کێ «بە کردار، نەک هەر بە قسە» بەپیر ئەم بانگەوازەوە هات**

**ئەگەر بەغدا من وەک نەتەوەی کورد قبووڵ بکات، بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات و نایەت ئاستەنگ و کێشە بۆ قووتی خەڵکی کوردستان دروست بکات**

**ئێمە دەمانەوێت هاوبەشەکانی ئێمە خوشک و براکانمان لە حزبەکانی دیکەی کوردستان، بێن لەسەر ئەم پرانسیپە ڕێک بکەوین کە کوردایەتی چارەنووسی ئێمە دیاری دەکات**

کردنەوەی یادگەی نیشتمانی بارزان، بانگەوازی کرد، حزبە سیاسییەکان پێکەوە کۆببنەوە ڕێك بکەون، پرسیاری من ئەوەیە کێ «بە کردار، نەك هەر بە قسە» بەپیر ئەم بانگەوازەوە هات و گوتی «پارتی تۆ ئەم بانگەوازەت کردووە، با هەموو لەسەر مێزێك کۆبینەوە و کێشەکانمان چارەسەر بکەین، با هەموومان ماف و ئەرکی خۆمان بزانین؟»

لێرەدا دەبێت هەموومان ئەو ڕاستییە بزانین و ئاوڕێك لە دوێنێ بدەینەوە، ئێمە خۆمان بە بێ کوردستان دیوە کە دەبوو بە «بەرگەیەکی تەرەدود»ەوە لە ورمێوە بچین بۆ کرماشان، هەروەها یەکێتیشمان بینیوە کە بە «بەرگەیەکی تەرەدود»ەوە لە زڵێوە دەچوون بۆ کرماشان، بەڵام ئێستا پرۆتۆکولاتمان هەیە، خاوەنی پاسپۆرتی دیپلۆماسین، فەرشی سوور بۆ سەرکردەکانمان ڕادەخرێت، دەبا ئەمەمان لەبەرچاو بێت، بۆ ئەوەی ئەم کوردستانە بپارێزین.

### ■ لەم قۆناغەدا دەبێت یەك بژارەمان هەبێت و پێکەوە بڕیاری لەسەر بدەین

لە ئێستادا حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئامادەکاریدان بۆ دوو پرۆسەی هەڵبژاردن، یەکەمیان هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقە کە لە کانوونی یەکەمی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێت، کە حزبەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەشداری تێدا دەکەن، دووەمیشیان هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە کە بڕیارە لە شوباتیساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت، سەبارەت بەم دوو پرسە گرنگە پرسیار کرا، ئایا بێجگە لە هەڵبژاردن بژارەی دیکەمان هەیە؟ میرانی بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە:

بژارەیەك لای من هەیە لە هەردوو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە گرنگترە، ئەویش ئەوەیە گرنگە هەموومان پێکەوە یەك بژارەمان هەبێت، ئەمەش واتە چۆن هەموو پێکەوە ئەم کارە بکەین، چۆن ئەم کارە نەکەین هەموو پێکەوە، کە ئەمەمان کرد، سەرکەوتوو دەبین.

ڕێکنەکەوتنمان لەسەر یەك بژارە، بووە هۆکاری ئەوەی ساڵی پار نەمانتوانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدەین، پرسیار ئەوەیە هەڵبژاردنمان نەکرد، کێ زیانی لێ کەوت؟ بێگومان نە ئەو لایەنە زیانی کرد کە پێداگری دەکرد هەڵبژاردن بکرێت، نە ئەو لایەنە زیانی کرد کە پێداگری دەکرد هەڵبژاردن نەکرێت، ئەوەی زەرەری کرد هەرێمی کوردستان بوو، وەك ئێستا دەیبینین کەوتووینەتە ناو بۆشایەکی دەستووری، ئەوەی ماومانە ئەوەیە سەرۆکی هەرێممان هەیە.

کێشەی خراپ ئەوەیە کاتێك براکەی خۆی زەرەر دەکات، ئەوی دیکە ئاسوودە دەبێت، هەست ناکات ئەویش زەرەری کردووە، بەڵام سەرەنجام هەر هەست دەکات، ئەویش زەرەری کردووە. بۆ ئێستاش خاڵی گرنگ ئەوەیە لەسەر بژارەیەك ڕێك بکەوین، ئێمە مەحکومین تا بەشێك بین لە عێراق پابەندی دەستووری عێراق بین، بەڵام نەك بە شێوەیەکی ئینتقائی دەستورەکە جێبەجێ بکرێت، یان هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانییەوە بڕیارمان بەسەردا فەرز بکرێت.

ئەگەر سەرنج لە پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق بدەین، دەبینین «دادگای فیدراڵی» جێگەی هەر سێ دەسەڵاتەکەی «یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری» گرتووەتەوە، کە ئەمە خۆی دژی پرانسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە. هەر بۆ نموونە سەرۆك وەزیرانی عێراق کە بەپێی دەستور فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، هەر بڕیارێك بدات، دەبێت جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەر لە مانگی ڕابردوو سەرۆك وەزیران بڕیارێکی دەرکرد، بۆ ئەوەی بارەگایەکی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆڵ بکرێت کە «قیادەی عەمەلیاتی کەرکووك»ی تێدایە، بەڵام دادگای فیدراڵی بە بڕیارێکی وەلائی بڕیارەکەی سەرۆك وەزیرانی ڕاگرت.

لە سەردەمی کابینەکەی حەیدەر عەبادی، پەرلەمانی عێراق هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی دا بە سەرۆك وەزیران بۆ ئەوەی گەمارۆ بخاتە سەر هەرێمی کوردستان، لەناو هەموو پەرلەمانتارانی عەرەبی شیعە و سوننە یەك پەرلەمانتار بە ناوی «فەهد دەهلەکی» هاتە دەنگ و گوتی: چۆن گەمارۆ دەخەنە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە هاووڵاتیی عێراقی نین؟

کەواتە ئێمە لە واقیعێکدا لە عێراق دەژین کە بەمجۆرە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، بۆیە ڕێگەی دیکەمان نییە و دەبێت پێکەوە لەسەر یەك بژارە ڕێك بکەوین.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش، دەبێت کێبڕکێی ئێمە لەسەر ئەوە بێت، کام لایەن زیاتر زەمینە بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە دەڕەخسێنێت، چونکە ئەوەی دڵسۆز بێت بۆ ئەم خاك و نیشتمانە، دەبێت ئەوەی لەبەر چاو بێت، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەردەوامیی دەرکردنی یاسا، سەقامگیری و دەستوورییەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بژارەی هەموومان بێت و پەلە لە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە بکەین.

**■ با بە ڕەشبینی سەیری ئایندەی میللەتی خۆمان نەکەین**

لە میانەی ئەو پرسیارانەی لەم دیدارەدا ئاراستەی میرانی کران، پرسی تێکەڵبوونی بەرپرسان بوو لەگەڵ خەڵك و چوونیان بۆ چایخانەکان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە خەڵك ببینن وگوێ بۆ کێشەکانیان بگرن، سەبارەت بەم لایەنەش میرانی بەمجۆرە وەڵامی ئامادەبووانی دایەوە:

پرسیارەکەتان زۆر کراوە بوو، منیش هەوڵ دەدەم زۆر بە کراوەیی وەڵامتان بدەمەوە، ئەو چایخانەی داوام لێ دەکەی من بچم، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە ناکات، ڕێگە و هۆکاری دیکە هەیە بۆ ئەوەی کار لەسەر کێشەکانی خەڵك بکەین.

بەرپرسان ئەوجا سەرۆك وەزیران بێت، یان وەزیر، یان بەڕێوەبەری گشتی و...هتد، ئۆفیسی خۆی هەیە و کار بە ڕێنمایی و یاسا دەکات، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کارەکەی خۆی بکات و بە جێبەجێکردنی کارەکەی بە سەرکەوتوویی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی خەڵك بکات، چوونە ناو خەڵك و چایخانەکان، کاری ئەوان نییە، بەڵکو کاری ئۆرگانەکانی حزب، ئەندام پەرلەمان، مامۆستایانی ئایینی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و موختاری گەڕەکەکانە و...هتد.

من جارێك سەردانی چایخانەی مچکۆم لە هەولێر کردووە، بۆ ئەوەی سپلیت و کەلوپەلەکانیان بۆ نوێ بکەمەوە، بەڵام ئەوە کاری بەرپرس نییە، واز لە ئیشەکەی خۆی بهێنێت و بچێت لە چایخانە دابنیشێت، هەر بۆیە دەبێت «وەزیرەکان، پارێزگارەکان، قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان، پزیشکان و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان و.. هتد» بەردەوام لەناو کارەکانی خۆیان بن و زۆر بە وردی و ڕێکوپێکی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی خەڵك ڕازی بێت، تەنیا بە جێبەجێکردنی کارەکانیان خەڵك لێیان ڕازی دەبێت، نەك تەنیا بە چوونە ناو خەڵك.

لە ڕووداوە کارەستبارەکەی خوشك و برا کریستیانەکانمان لە حەمدانیە، بینیمان خەڵك لێ نەگەڕان وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بچێتە هۆڵی پرسەکە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە کارەکانی خۆی کەمتەرخەم بووە، ئەگەر کەمتەرخەم نەبووایە خەڵك پێشوازی لێ دەکرد.

ئێمە خۆمان لە کارە باشەکان نادیدە دەکەین و بە چاومان هەر خراپەکان دەبینین، لەسەر ئەمە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: «ویل لأُمةٍ لم تقل للمُحسن أحسنت وللمسيئ أسأت»، سەرنج بدەن لەم فەرموودەیە کاری باش، (محسن) پێش کاری خراپ (مسيئ) خراوە، ئەگەر پاش و پێش بکرێن، لە ڕووی زمانییەوە ماناکەی هەر یەکە، بەڵام لۆژیکەکە لەوەدایە کە لە پێشدا دەستخۆشی لەکارە باشەکان بکرێت، پاشان ڕەخنە لە کارە خراپەکانیش بگیرێت.

ئێمە کە لە شاخ گەڕاینەوە، وەك خوالێخۆشبوو شەهید فرانسۆ هەریری دەیگوت «هەولێر گوندێکی گەورە بوو، دهۆك گوندێکی بچووك بوو»، ئێستا بارودۆخێکی دیکە دەبینین، شارەکانمان گەورە بوون و پڕۆژەی زۆر باش کراون، ڕاستە ئەم کارانە هەمووی حکومەت نەیکردوون، بەڵام حکومەت هۆکار بووە و زەمینەی خۆش کردووە بۆ ئەوەی لەم وڵاتە سەرمایەی گەورە بخرێتە گەڕ.

کەواتە دەتوانین بڵێین، بەڵێ کاری زۆر باش کراوە، بەڵام زۆریش ماوە دەبێت بکرێن. من دەڵێم گرنگە بترسین بۆ ئەوەی یەدەگی تەواوی خۆمان ئامادە بکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەگەرەکان، بەڵام نابێت خۆمان بترسێنین، چونکە کە خۆمان ترسان، بیر لەوە ناکەینەوە یەدەگی پێویست ئامادە بکەین، لە بچووکترین کارەساتدا دەشکێین. بۆیە زۆر باشە بترسین، بەڵام خۆمان نەترسێنین و بە ڕەشبینیشەوە سەیری میللەتی خۆمان نەکەین.

**ئەوەی دڵسۆز بێت بۆ ئەم خاك و نیشتمانە، دەبێت ئەوەی لەبەر چاو بێت، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەردەوامیی دەرکردنی یاسا، سەقامگیری و دەستوورییەتی هەرێمی کوردستان**

**لە ڕووداوە کارەستبارەکەی خوشك و برا کریستیانەکانمان لە حەمدانیە، بینیمان خەڵك لێ نەگەڕان وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بچێتە هۆڵی پرسەکە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە کارەکانی خۆی کەمتەرخەم بووە، ئەگەر کەمتەر خەم نەبووایە خەڵك پێشوازی لێ دەکرد**

**لۆژیکەکە لەوەدایە کە لە پێشدا دەستخۆشی لەکارە باشەکان بکرێت، پاشان ڕەخنە لە کارە خراپەکانیش بگیرێت**



**دکتۆر محەمەد شوکری**
**سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# پلان و نەخشەی وەبەرهێنان وەرچەرخانی لە سێکتەری کشتوکاڵی لێ کەوتەوە

# دۆزینەوەی بازاڕ و ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران گەورەترین و باشترین هاوکارییە بۆ پەرەپێدانی کارەکانیان

**بەبازاڕکردنی گەنم و دروستکردنی ئارد و خۆبژێوی لە گۆشتی مریشك و هێلکە و میوەجات و دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراك و دروستکردنی سایلۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی ناوخۆ، بەرهەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، لە ئێستادا بەرهەمەکانی دۆشاوی تەماتە و پەتاتە و هەنجیر و هەنار و چەندین میوەجاتی دیکەی کوردستان هەناردەی بازاڕەکانی عێراق و وڵاتانی کەنداو و بەریتانیا و ئەمریکا کراوە، جووتیارانی کوردستان بە گرنگییەوە دەڕواننە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی کوردستان و ساخکردنەوەیان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و وڵاتانی دەرەوە، ئەمەش بە یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و هاندان و پاڵپشتیکردنی جووتیاران دادەنرێت، لەم ڕووەشەوە لە دوای هەناردەکردنی هەنار و پەتاتە و هەنگوین و سێو و چەندین بەرهەمی دیکەی باخداری و کشتوکاڵی، بۆ پاڵپشتیی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان و جووتیاران ٢٥ تۆنی دۆشاوی تەماتەی کارگەی هەریر ڕەوانەی میرسینی تورکیا کرا و، لەوێوە بەرەو بازاڕەکانی ئەمریکا بەڕێ کرا، چاوەڕوان دەکرێت ئەم بڕەش لە داهاتوودا زیاتر بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان کرد.**

*** وەکو ئاگادارن کاروانێکی هەناردەکردنی دۆشاوی تەماتەی کارگەی هەریر بە کوالێتییەکی بەرز ڕەوانەی بازاڕەکانی ئەمریکا کرا، ئایا ئێوە وەکو دەستەی وەبەرهێنان تا چەند پاڵپشتی و پشتگیریی ئەم هەنگاوانە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی کارگە و جووتیارانی کوردستان دەکەن؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردە و ڕۆشنایی فەرمانەکانی مەسرور بارزانی گرنگییەکی تایبەتی داوە بە ئاسایشی خۆراك و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و زیادکردنی وەبەرهێنان لەم سێکتەرەدا، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت نەبەستین و ئابووریی کوردستان جۆراوجۆر بکەین و بەرەو فرەچەشنکردنی داهات هەنگاو بنێین، هەموو ئاگادارن کە چۆن کۆمپانیا نێوخۆییەکانی هان دا کە ئەو بەرهەمەی گەنمی ئەمساڵ کە لە سایلۆکانی عێراق وەرنەگیرابوون، حکومەت بە پاڵپشتی کۆمپانیا نێوخۆییەکان گەنمەکە وەرگرێت و ڕاستەوخۆش پارەکەی پێدان، هەروەها ناردنە دەرەوەی ٢٥ تۆن دۆشاوی تەماتەی کارگەی هەریر بۆ بازاڕەکانی ئەمریکا دوای زیادبوونی ئاستی بەرهەمی نێوخۆیی پەتاتە دێت بە بڕی ٦٠٠ هەزار تۆن، ئەمە و پێشتر ٥٠٠ تۆن لە پەتاتەی سنووری هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆك هەناردەی وڵاتی ئیماراتیش کران، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمپانیای (کوردستان – هۆڵەند)ەوە، بڕیاریشە لە ڕێگەی سەدان کامیۆنی بارهەڵگرەوە کۆمپانیا نێوخۆییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتانی کەنداو، بەرهەمی دیکەی پەتاتە هەناردەی



**ناردنە دەرەوەی ٢٥ تۆن دۆشاوی تەماتەی کارگەی هەریر بۆ بازاڕەکانی ئەمریکا دوای زیادبوونی ئاستی بەرهەمی نێوخۆیی پەتاتە دێت بە بڕی ٦٠٠ هەزار تۆن**

**ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هاندەرێکی باش بووین بۆ وەرچەرخان لە کەرتی وەبەرهێناندا تا وەبەرهێنان تەنیا لە بواری بیناسازی و عەقاراتدا نەمێنێتەوە**

وڵاتانی کوێت و سعودییە و ئیمارات و ئەردەن و ئازەربایجان و چەند وڵاتێکی دیکە بکەن، پێش ئەمەش بەرهەمەکانی هەنار و هەنگوین و هەنجیر و زەیتوون گەیشتە بازاڕەکانی وڵاتانی ئیمارات و سعودیە و بەحرەین.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی دوورینەوەی گەنمی جووتیاراندا ئاماژەی بەوە کرد، کە حکومەت بەرنامەی زۆرە بۆ هاوکاریی جووتیاران تاوەکو بە تێچوونێکی کەمتر و بەرهەمێکی زیاتر و باشتر پاڵپشتییان بکات، لەم ڕوانگەیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دەستەی وەبەرهێنان و هەموو ئەو وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارانەوە کە پەیوەستن بە کاری ئابوورییەوە، بە بایەخەوە کار بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی نێوخۆیی و بیانی دەکات، تاوەکو لە سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازیی خۆراکدا کار بکەن. ئێمە لە دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان هاندەرێکی باش بووین بۆ وەرچەرخان لە کەرتی وەبەرهێناندا تا وەبەرهێنان تەنیا لە بواری بیناسازی و عەقاراتدا نەمێنێتەوە، بگرە ڕوو لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی، بەتایبەتی پیشەسازیی خۆراك بکرێت، لەم ڕووەوە لەو ١٦١٢ پرۆژەیەی وەبەرهێنان کە پەسەند کراون، مۆڵەتمان بە ٢٨٠ پرۆژە داوە و لە کۆی ٣٢ هەزار کۆمپانیا کە لە هەرێمی کوردستانیش کار دەکەن، ژمارەیەکی زۆریان لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا کار دەکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی کارکردنمان لەسەر ١٦ ناوچەی پیشەسازییە، ئەوەتا لە دهۆك بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز ناوچەی پیشەسازیی خۆراك تەواو بووە، پرۆژەی بەبازاڕکردنی گەنم و دروستکردنی ئارد و شیرەمەنی و کارگە کشتوکاڵییەکان و دروستکردنی عەلوەی هاوچەرخ و دەیان پرۆژەی دیکەی پیشەسازیی خۆراکی گرنگییەکی زۆری بۆ برا جووتیارەکانمان هەیە، لەوانە کارگەی جووتیار و ناوچەی خواردەمەنی لە دهۆك و کارگەی شیر لە هەولێر، کارگەکانی پیشەسازیی خۆراکی و دروستکردنی ئارد تەنیا بۆ دابینکردنی هەلی کار بە سوود نییە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ بۆ جووتیارانیش سوودێکی زۆری هەیە، چونکە کاڵا و بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی ئەم کارگەیانە و هەناردەکردنی دەرەوە بۆ ساخ دەبێتەوە، هەموومان دەزانین دۆزینەوەی بازاڕ و ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران گەورەترین و باشترین پاڵپشتی و هاوکارییە بۆ پەرەپێدانی کارەکانیان.




*** تاچەند دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا توانیویەتی وەبەرهێنان بەرەو ئاراستەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بگۆڕێت، ئایا دەکرێت بگوترێت کەرتی بەرهەمهێنان لەم ڕووەوە هەنگاوی گەورەی ناوە؟**

- کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەبەرهێناندا بەرە و بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری هەنگاوی ناوە، بە واتایەکی دیکە، هەموو ئەو چاکسازی و چاوخشاندنەوە بە هەیکەلی دەستەی وەبەرهێنان و کارئاسانی و پاڵپشتیی هەر دوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، بووەتە هۆی هەڵکشانی کێرڤی بەرهەمهێنان، ئەمەش وێڕای قەیرانی دارایی و کۆرۆنا و وشکەساڵی و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدان و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان، کە لە ئاکامی بوونی ئیرادەیەکی بەهێزی سەرۆکی حکومەت و ستافەکەیەوە بەدەست هاتووە، ئەوەتا وەبەرهێنان گۆڕانکاریی نەوعیی بە خۆیەوە بینیوە و پڕۆژەکانی وەبەرهێنەرانی بیانی و نێوخۆیی ڕووی لە زیادبوون کردووە، کە ٨٣٪ی وەبەرهێنەرانی نێوخۆییە و ١٧٪ی وەبەرهێنەرانی بیانییە و بە بڕی سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە هەرێمی کوردستان بەگەڕ خستووە و ژمارەیەکی زۆری هەلی کاری بۆ گەنجەکان بەدەست هێناوە.

*** وێڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە ئەمساڵدا سەرکەوتوو بووە، هاوکات ئەو بڕە گەنمەشی لەلایەن سایلۆکان لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە وەرنەگیرابوو، توانرا لە ڕێگەی وەبەرهێنانی نێوخۆ و کۆمپانیاکانەوە وەربگیرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا گەرەنتی بۆ جووتیاران هەیە، بەوەی بۆ ئەمساڵی وەرزی دوورینەوەی گەنم بە هەمان شێوە وەرگرتنی بەروبوومی گەنمی جووتیاران کێشەی نابێت و هەموو گەنمەکەیان وەردەگیرێت؟**

- خۆشبەختانە لە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکدا توانرا ٥٠٠ هەزار تۆن گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت، ئەو بڕە گەنمەی کە وەریش نەگیرا، لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕکردنی توانرا لە ڕێگەی دوو کۆمپانیای نێوخۆییەوە زیاتر لە ٢٠ هەزار تەن گەنمی دیکەی جووتیاران وەربگیرێت،

**لەو ١٦١٢ پڕۆژەیەی وەبەرهێنان کە پەسەند کراون، مۆڵەتمان بە ٢٨٠ پرۆژە داوە و لە کۆی ٣٢ هەزار کۆمپانیا کە لە هەرێمی کوردستانیش کار دەکەن، ژمارەیەکی زۆریان لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا کار دەکەن**

**کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەبەرهێناندا بەرە و بونیادنانی ژێرخانی ئابووری و بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری هەنگاوی ناوە**




بە مواسەفاتی ئەو گەنمەی کە لە عێراق وەرگیراوە، بۆ ئەمەش پلە یەك تۆنی بە ٦٠٠ هەزار و پلە دوو تۆنی بە ٥٧٥ هەزار دینار وەرگیراوە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر سایلۆی دروست کردووە و، ئێمەش مۆڵەتمان بەوەبەرهێنەری نێوخۆ دا، چەند ئەمبار و سایلۆیەکی دیکەیان دامەزراند، بەمەش کێشەی نەبوونی شوێن بۆ ئەمبارکردنی گەنمی جووتیاران لە هەرێمی کوردستان کۆتایی هات، ئەو ستراتیژی و بەرنامەیەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایڕشتووە بۆ گرنگیدان بە کارگەکانی دروستکردنی ئارد و بەرهەمەکانی دیکەی گەنم، هەمووی وا دەکات لە داهاتوودا گەنمی جووتیاران و ساخکردنەوەیان کێشەی نەمێنێت، بەتایبەتی کە لە ئێستادا لە جیهان و ناوچەکە و عێراقیشدا بەرهەمی گەنم ڕەواجێکی زۆری هەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئاسایشی خۆراکەوە هەیە.

*** دەکرێت بگوترێت وەبەرهێنانی کوردستان لە کەرتی کشتوکاڵدا لە زۆر بواردا وای کردووە، ژێرخانی کەرتەکە و بەرهەم و کارگە و ساخکردنەوەی بەروبوومەکانیش گەیشتووەتە قۆناغی گەشەی ئابووری؟**

- لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە لە کابینەی نۆیەمدا کەرتی کشتوکاڵ وەرچەرخانی باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئێمەش لە دەستەی وەبەرهێنان بە دوو ئاراستەی «فرەچەشنکردنی ئابووری و گرنگیدان بە سێکتەری بەرهەمهێنان — دابەشکردنی دادپەروەرانەی وەبەرهێنان» کارمان کردووە، لە پلانی (٢٠٢٠ و ٢٠٢١) و ڕێبەری وەبەرهێنانی سەوز و تەنانەت نەخشەی وەبەرهێنانیش کە ١٠٥٠ پڕۆژەمان خستە ڕوو، ئێمەی گەیاندە قۆناغێکی نوێ، لە ماوەیەکی کەمدا مۆڵەتمان بە پڕۆژە داوە و جێبەجێ کراوە، بە دەیان بەنداوی بچووك و مامناوەند و دروستکردنی سایلۆ و کارگەی پیشەسازیی خۆراکمان دامەزراند و، بە سەدان هەلی کاری بۆ گەنجەکان فەراهەم کردووە. هەماهەنگییەکی باشمان لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەیە و، بۆ ئەم مەبەستەش کارو پڕۆژەی هاوبەشمان جێبەجێ کردووە، لەگەڵ باڵیۆز و کۆمپانیا بیانییەکان و وەبەرهێنەران و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بەردەوام لەسەر هێڵین، لە ماوەی ڕابردوو لەگەڵ ئەمینداری دەستەی کارگێڕی و کۆمەڵەی پیشەسازی و بازرگانیی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی بەربەستەکانی ڕێگری لە بەردەم زیادکردنی قەوارەی وەبەرهێنانی بیانی گفتوگۆی جددیمان هەبوو، لەگەڵ دامەزراوەی

**بە بڕی سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە هەرێمی کوردستان بەگەڕ خستووە و ژمارەیەکی زۆری هەلی کاری بۆ گەنجەکان بەدەست هێناوە**

**ئەو ستراتیژی و بەرنامەیەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایڕشتووە بۆ گرنگیدان بە کارگەکانی دروستکردنی ئارد و بەرهەمەکانی دیکەی گەنم، هەمووی وا دەکات لە داهاتوودا گەنمی جووتیاران و ساخکردنەوەیان کێشەی نەمێنێت**



دارایی نێودەوڵەتی IFC لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێککەوتننامەیەکمان واژۆ کرد، هەروەها بۆ پشتگیری لە پیشەسازیکاران و پەرەپێدانی کشتوکاڵ، بە یاوەریی ژمارەیەك لە بانکەکانی هەرێم، بیرۆکەی پڕۆژەی گەشەپێدان لە ڕێگەی قەرزی بانکی خرایە ڕوو، لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانیی عێراقیش جەختمان لەسەر پەرەپێدانی کاری هاوبەش و هەماهەنگیی زیاتری نێوانمان کردەوە، لەگەڵ فەرەنسییەکان گەورەترین پڕۆژەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کەرتی کشتوکاڵیدا لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، بەمەش گەیشتن بە خۆبژێوی، پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بەرهەمی وەزارەتی کشتوکاڵ و دەستەی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و پاڵپشتی و ئاسانکاریی ئەنجومەنی وەزیرانە، کە وای کردووە، لە ڕووی دروستکردنی بەنداو و سایلۆ و کۆگە و عەلوەی مۆدێرن و کارگەی پیشەسازیی خۆراك و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عێراق، وا بکەین دۆخەکە بچێتە قۆناغێکی دیکەوە.

*** ئاماژەت بە پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق کرد، دەستەکەتان تاچەند لەم ڕووەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوتاکەتان لە دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانیی عێراقی فیدراڵی و کۆمپانیا عێراقییەکان بەهێزە؟**

- وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی دەخرایە بەردەم ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و، زۆر جار ڕێگری لە هەناردەکردنی بەرهەمی جووتیاران بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەکرا، کۆڵمان نەدا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەیوەندییەکانمان باشتر دەبێت، کۆمپانیا عێراقییەکان ڕۆڵێکی باشیان لە هەرێمی کوردستان هەیە و بە پێچەوانەشەوە کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی کوردستانیش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق جموجووڵ و بزنێسی زیاتر ئەنجام دەدەن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە بەرژەوەندیی هاوبەش و بەرزکردنەوەی ئاستی جموجووڵی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی، هاوکات لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانیی عێراقی فیدراڵیشدا هاوڕا بووین لەسەر واژۆکردنی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو دەستەکەدا، ئەمەش لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکان و پەرەپێدان و کاری هاوبەشی وەبەرهێنان.

بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان کە لەم ماوە کورتەدا جێبەجێ کران، ئەنجام و وەرچەرخانێکی گەورەی بە جموجووڵی بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی داوە.

**لەگەڵ فەرەنسییەکان گەورەترین پڕۆژەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کەرتی کشتوکاڵیدا لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت**

**کۆمپانیا عێراقییەکان ڕۆڵێکی باشیان لە هەرێمی کوردستان هەیە و بە پێچەوانەشەوە کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی کوردستانیش لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق جموجووڵ و بزنێسی زیاتر ئەنجام دەدەن**

ئەمیل ئیستیفان

ڕاوێژکاری کاروباری پێکهاتەی مەسیحی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ گوڵان:

# مسعود بارزانی پارێزەری پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانە

## ٨٥٪ی مەسیحییەکانی عێراق ڕوویان لە هەولێری پایتەختی کوردستان کردووە

## هاتنی قەداسەتیی پاپا بۆ گەشەکردن و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان گرنگ بوو

## دەشتی نەینەوا بە هەموو پێکهاتەکانەوە بەشێکی دانەبڕاوەی هەرێمی کوردستانە

مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان بە چاوی ڕێزەوە دەڕواننە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، لە ماوەی ڕابردووشدا بە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە هۆڵێکی بووک گواستنەوەی مەسیحییەکان لە حەمدانییە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا سێ ڕۆژ ماتەمینی و هاوخەمی بۆ قوربانییەکان ڕاگەیاند و، هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانیش کەوتنە ئامادەباشی بۆ هاریکاری و چارەسەری قوربانییەکان، بەمەش جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان سەلماندییەوە کە پارێزەری کەلتووری پێکەوەژیانن و کوردستان نموونەیەکی جوانی کۆکردنەوەی هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی ناوچەکەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەمیل ئیستیفان ڕاوێژکاری کاروباری پێکهاتەی مەسیحی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجام دا.



*** پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بە یەکێک لە سیما جوانەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و جیهان بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە ئەم کەلتوورە، ئایا ئێوە وەك پێکهاتەی مەسیحی چۆن دەڕواننە ئەم پێکەوەژیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟**

- پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا بووەتە کەلتوور و بنەمایەکی ژیان و بەختەوەری، بنەما لە تێڕوانینی هزرییەوە دەکەوێتە سەرووی ئازادی و دیموکراتییەوە، چونکە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە هەر وڵات و شوێنێك هاوشێوەی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بوو، ئەوە مانای بوونی ئاشتی و لێبووردەییە، هەر پێکەوەژیانە وا دەکات، هێمنی و ئاسایش و یاسا بەرقەرار بێت، ئەمەی وای کردووە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم پێکەوەژیانە لە هەرێمی کوردستان بەهێزتر و قووڵتر ببێتەوە. ئەو مێژووە دێرینەیە کە وای کردووە پێکەوەژیان لای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان ببێتە بنەمایەك، تەنانەت سەرکردە گەورەکانی کورد لە شۆڕش و خەبات و وێستگەکانی مێژووی ئەم نەتەوانە و ئایینزایانە سەلماندوویانە چۆن ڕێز لە ئایین و ئایینزاکان دەگرن و پارێزگاری لێ دەکەن، بەتایبەت جەنابی مەلا مستەفا بارزانی و لە دوای ئەویش سەرکردە و ڕێبەری نەتەوەیی گەلی کوردستان جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، کە وایان کردووە، ئێستا لە ناوچەکە و هەموو دونیا بە چاوێکی سەرنجڕاکێشەوە تەماشای ئەو پێکەوەژیانە سەرکەوتووەی هەرێمی کوردستان بکەن. ئێمە وەك مەسیحییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بە گرنگی و ڕێزەوە کار بۆ گەشەکردنی ئەو پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەین، لە سایەی ئەم پێکەوەژیانەیە کە مەسیحییەکانی عێراقیش کۆچیان بۆ هەرێمی کوردستان کردووە و تێیدا بە ئازادی هەموو بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکانمان دەگێڕین، بگرە ژیان و مومارەسەی کەلتوور و دینەکەمان بووەتە بەشێك لەو کەلتوورانەی لەم هەرێمەدا هەیە، ئێمە ڕایدەگەیەنین ئێستا لە دونیادا جوانترین نموونەی پێکەوەژیان هەرێمی کوردستانە و ئەمەش وای کردووە ٨٥٪ی مەسیحییەکانی عێراقیش ڕوو بکەنە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت

**پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە هەر وڵات و شوێنێک هاوشێوەی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بوو، ئەوە مانای بوونی ئاشتی و لێبووردەییە**

**لە سایەی ئەم پێکەوەژیانەیە کە مەسیحییەکانی عێراقیش کۆچیان بۆ هەرێمی کوردستان کردووە و تێیدا بە ئازادی هەموو بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکانمان دەگێڕین**

**هاتنی قەداسەتیی پاپا زۆر گرنگ و مێژووییە و پشتگیری و کارکردنە بۆ گەشەکردن و سەرکەوتن و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک بارزانی و سەرۆکی کابینەی نۆیەم زۆر پاڵپشت و بەرنامەدانەرن بۆ بەرجەستەبوون و گەشەکردنی ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە**

مەسیحییەکان ڕوویان لە هەولێری پایتەختی کوردستان کردووە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەش وەك سابییەی مەندائیی و بەهائییەکان و...هتد، بە هەمان شێوە بەشی هەرە زۆریان ئێستا لە هەرێمی کوردستانن.

*** لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان لە کوردستان چییە؟**

- هەر لە یەکەم ڕۆژدا کە مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کابینەی نویەمدا دەستبەکار بوو و کارنامەکەی لە پەرلەمانی کوردستان خستە ڕوو، ئەو دەمە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە چەندین خاڵ و شوێندا جەختی لەسەر گەشەپێدان و زیاتر قووڵبوونەوەی ئەو پێکەوەژیانە کرد کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، سوپاس بۆ خودا بە شێوەیەکی کردەیی پۆست و بەرپرسیاریەتیی بۆ هەموو پێکهاتەکان و بەتایبەت بۆ ئێمەی مەسیحی لە دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەماندا دەستنیشان کرد، ئەمەش وای کرد، دەنگی مەسیحییەکان و هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بگاتە لای جەنابی سەرۆکی حکومەت، ئەویش ڕاستەوخۆ و شەخسی بە دەنگی ئێمە و داواکارییەکانمانەوە هاتووە، ئەو کارانەی کابینەی نۆیەم کە بۆ گەشەکردنی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان کراوە، لەگەڵ ئەو پێکەوەژیانەی لە مێژووی گەلی کوردستاندا هەیە، بووەتە جێی سەرنجی هەموو وڵاتانی دونیا، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو کە قەداسەتیی پاپا خۆی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و گەورەترین نوێژ و قەداسی لە گۆڕەپانی شەهید فرەنسۆ هەریری لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئەنجام بدات، سەردانەکەی پاپا جگە لەوەی بۆ ئەوە بوو کە لە نزیکەوە بە چاوی خۆی ئەو پێکەوەژیانە سەرکەوتوو و جوانە ببینێت، هاوکات هاتنی قەداسەتیی پاپا زۆر گرنگ و مێژووییە و پشتگیری و کارکردنە بۆ گەشەکردن و سەرکەوتن و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان و دنیاش بزانن کە جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی کابینەی نۆیەم زۆر پاڵپشت و بەرنامەدانەرن بۆ بەرجەستەبوون و گەشەکردنی ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان ئەم هەڵویستەی جەنابی سەرۆك چۆن دەبینن؟**

- بۆ ئەوەی کوردستان بگاتە دوائامانجی خۆی و هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان پێکەوە بە شادی و کامەرانی بژین و کوردستان بۆ هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی بێت، سەرۆك بارزانی بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان هەوڵ دەدات، هەر ئەو بیر و عەقیدە و ئیمانەی سەرۆك مسعود بارزانی بوو، وای کرد هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراقی فیدراڵیشدا لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بەشدار بن، جەنابیان هەر بڕگە و یاسایەك لە دەستووردا لەلای پێکهاتەکان پەسەند نەبووایە، ئەوە پێداگری و پاڵپشتیی لەوە دەکرد، کە دەبێت بەپێی بەرژەوەندی و مافەکانی هەموو پێکهاتەکان بێت، لە نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا جەنابیان ڕایگەیاند و کردیە یاسایەك کە دەبێت نوێنەری هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە لێژنەکانی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا بەشدار بن و خۆیان شاهێد بن لەسەر نووسینەوەی ماف و بەرژەوەندییەکانیان، هەر جەنابی سەرۆك بارزانی بوو وەك جاڕنامەیەك بە هەموو دونیای ڕاگەیاند کە لە کوردستان هیچ نەتەوەیەك کەمینە نییە، بەڵکو هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان نەتەوەی ڕەسەنی کوردستانن، ئەمەش بەو پێیەی کە جەنابیان فەرمووی، نەتەوە بەژمارە نییە، بەڵکو نەتەوە پێکهاتەی ڕاستەقینەن.

*** ئایا بوونی عەنکاوە لە ناحیەوە بۆ قەزا، لای مەسیحییەکان مانای چییە و تا چەند کاریگەریی لەسەر پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

- بوونی عەنکاوە بە قەزا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا واتە زیاتربوونی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی بۆ ئەو قەزایە و، گرنگیدانی زیاتر و گەورە بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوەی عەنکاوە، کە شوێنێکی نموونەیی مەسیحییەکانە لە هەرێم و ناوچەکەدا.

*** ڕووداوی حەمدانییە زۆر خەمباری کردین، بەتایبەتی کە بۆنەیەکی ئاهەنگگێڕان بوو بە ماتەم و شیوەن، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان سێ ڕۆژ ماتەمێنی و هاوخەمی بۆ قوربانییەکان ڕاگەیەندرا و، هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستانیش کەوتنە ئامادەباشی بۆ هاریکاری و چارەسەری قوربانییەکان، ئایا چۆن سەیری ئەو هاریکاری و هەماهەنگی و خەمخۆرییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لەو کارەساتە دڵتەزێنەدا؟**

- لێرەدا دووبارە هاوخەمی خۆمان بۆ ئەو کارەساتە خەفەتبار و نەخوازراوە دەردەبڕین، ئاگرکەوتنەوە لە هۆڵی بووك گواستنەوەی حەمەدانییە وای کرد، هەموو گەلی کوردستان بە سەرکردایەتیی سیاسی و حکومەت و خەڵکەوە، خەفەتبار و دڵتەنگ بن، بەم هۆیەوە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە سێ ڕۆژ ماتەمێنی ڕاگەیەندرا و لە یەکەم ساتی ڕووداوەکە و تا ئێستاش حکومەتی هەرێم یەکەم لایەن بوو کە بەهانای خەڵك و بریندارەکانی حەمدانییەوە هاتووە، زیاتر لە ٦٠ بریندار کە هەندێکیان سووتانەکانیان ڕێژەی بەرز بوو، گەیەندرانە نەخۆشخانەکانی هەولێر و دهۆك، هەرچی لە توانا و چارەسەر هەبوو بۆیان ئەنجام درا. جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتیش بەو پەڕی جددییەتەوە هاوکار و هەماهەنگ بوون، سەرۆکی هەرێم سەردانی یەکە یەکەی بریندارەکانی لە نەخۆشخانە کرد و ئامادەیی نیشان دا، هەرچی پێویست بێت تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش بۆیان دەستەبەر دەکەن و، سەرۆکی حکومەت لە مەراسیمی پرسەکەدا هاوخەم و بەشدار بوو، هەموو ئەمانە بەشێکی دیکەیە لەوەی کە لە کوردستان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکان لە خۆشی و ناخۆشیدا هەماهەنگ و هاوبەشی یەکترن و حکومەتی کوردستانیش خۆی بە خاوەنی هەموو لایەك دەزانێت، ئەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە بۆ هەموو لایەك دەرکەوێت کە دەشتی نەینەوا بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی کوردستانە، چونکە عێراق و ئیدارەی مووسڵ لەو کارەساتە جەرگبڕەی حەمدانییەدا بە یەك ئەمبوڵانسیش بە دەنگی خەڵکەکەوە نەهاتن.

*** مەسیحییەکانی کوردستان بەشدارن لە حکومەت و پەرلەمان و چەندین جومگەی سەرەکیی دامەزراوەکاندا، تا چەند لە کوردستان هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆتان دەکەن؟**

- بێگومان ئێمە نەك لە ئێستادا، پێش ساڵی ١٩٩١یش وەك نەتەوە و ئایینیش بەشدار بووین لە شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، ئێستاکەش بە شێوەیەکی کارا و ڕاستەوخۆ لە حکومەت و پەرلەمان و سەقامگیریی کوردستاندا بەشدارین، ئەمانەش بەڵگەن کە ئێمە هاووڵاتی ئەو هەرێمەین و لە خۆشی و ناخۆشیی یەکتردا بەشدارین و، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا بۆ ئێمەی مەسیحی کراوە، لە هیچ کات و مێژوو و سەردەمێکدا بۆمان نەکراوە.

*** بە دەگمەن پیاوانی ئایینی مەسیحی خۆیان تێکەڵی کاروباری سیاسی دەکەن، بەڵام لە پرسێکدا کە ئەویش مانەوەی سەرۆك بارزانی بوو وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کەنیسەکانی کوردستان هەڵوێستی سیاسییان هەبوو لەسەر ئەوەی سەرۆك بارزانی کۆڵەگەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانە و پێویستە هەر لەو پێگەیەدا بێت، ئایا ئەم هەڵوێستە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئێمە وەك مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەرگیز ناتوانین چاکەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بدەینەوە، لەوەی بە چاوی نەتەوەیی هاوبەش لە کوردستان سەیرمان دەکات، هەر ئەوەش بوو وای کرد لە نووسینەوەی دەستووری عێراق و کوردستانیشدا بەشدار بین و، لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتیش بەشداریی کارامان هەبێت، هەموو ئەوانەش وای کرد کە لەلای مەسیحییەکان و پیاوانی ئایینی مەسیحی دەنگمان بۆ جەنابی سەرۆك بێت، کە هەر خۆی سەرۆك و ڕابەر و مەرجەعی گەلی کوردستان بێت.

**هەر جەنابی سەرۆک بارزانی بوو وەک جاڕنامەیەک بە هەموو دونیای ڕاگەیاند کە لە کوردستان هیچ نەتەوەیەک کەمینە نییە، بەڵکو هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان نەتەوەی ڕەسەنی کوردستانن**

**لە یەکەم ساتی ڕووداوەکە و تا ئێستاش حکومەتی هەرێم یەکەم لایەن بوو کە بەهانای خەڵک و بریندارەکانی حەمدانییەوە هاتووە**

**عێراق و ئیدارەی مووسڵ لەو کارەساتە جەرگبڕەی حەمدانییەدا بە یەک ئەمبوڵانسیش بە دەنگی خەڵکەکەوە نەهاتن**

**ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە کابینەی نۆیەمدا بۆ ئێمەی مەسیحی کراوە، لە هیچ کات و مێژوو و سەردەمێکدا بۆمان نەکراوە**



باوەڕ فلات
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە دژی هەموو حزب و لایەنە نەتەوەییەکانی کوردستانە

# پەکەکە بۆ ئەجێندا و مەرامی دوژمنانی کورد کار لەسەر لاوازکردنی هەرێم دەکات

سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل دوای شکستە یەك لە دوای یەکەکانیان لە باکووری کوردستان و کەمبوونەوەی لایەنگرانیان، لە ئێستادا کار لەسەر نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیری دەکەن. پەکەکە لە گرووپی بچووك بچووکی چەکداریدا سوپای تورکیا ڕادەکێشێتە ناو قووڵایی کوردستان و کار و بژێوی ژیانی خەڵك تێك دەدات، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی سلێمانی و ڕاپەڕین و گەرمیان. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەو پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار دیدارێکی لەگەڵ باوەڕ فلات ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا.

*** وەکو ئاشکرایە پەکەکە شکستی گەورەی لەسەر ئاستی سەربازی و لایەنگرانی لە باکووری کوردستان بەرکەوتووە، لەئێستادا ئەو حزبە کار بۆ نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیری دەکات لە هەرێمی کوردستان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کێ لە پشت ئەم کردەوە و مەرامە گوماناوییانەی پەکەکەوەیە؟**

- لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەم پێگە نائارامەی دەوروبەرماندا، تەنیا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و هێڵی نەتەوەییە وا دەکات کورد لەو هەموو مەرام و پیلانە دوژمنکارییانە پارێزراو بێت، کەچی پەکەکە بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکات و لەبری ئەوەی پاڵپشتی و پشتگیری ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکات، ئەو هەرێمەی بووەتە پێگەی هەموو لێقەوماوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕووی کردووەتە کاری تێکدەرانە و چەکدارانە لە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان و، لێرە و لەوێ کاری ئاژاوە و تەقاندنەوە و تیرۆر ئەنجام دەدات، ئەمە وێڕای ئەوەی سیاسەتە شکستخواردووەکانی بووەتە هۆکاری پەلکێشکردنی سوپا و تانك و چەك و جبەخانەی تورکیا بۆ ناو سنووری هەرێمی کوردستان. بە بۆچوونی من بەو پێیەی شارەزایم لە هەڵسوکەوت و کارە گوماناوییەکانی پەکەکەدا هەیە، ئەم کارە لە ژێر زەبر و فشاری سەرکردە هەلپەرستەکانی قەندیلدا بەڕێوە دەچێت، ئەوان باش دەزانن کوردانی باکوور متمانە و بڕوایان بەم تاقم و گرووپە چەکدارە نەماوە، بۆیە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی، بۆ ئەوەی خەڵکی فریو بدەن و ئاشووب و ئاژاوە بنێننەوە. سەبارەت بەوەڵامی پرسیارەکەشتان کە بۆچی پەکەکە بەم شێوە دوژمنکارییانە ڕەفتار دەکات، ئەمە بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:

١. پەکەکە لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی و سەربەخۆیی و ئازادی بۆ کوردستان دانەمەزراوە، بەڵکو دژی هەموو حزب و لایەنێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریش دەوەستێتەوە.

٢. پەکەکە جەماوەر و لایەنگریان لە باکوور نەماوە، بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگەی دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێم و نانەوەی ناسەقامگیری گەنجەکانی باشووری کوردستان فریو بدەن.

**جەنابی سەرۆک بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا، بەڵام لە دواقۆناغەکان چەکدارانی پەکەکە ئەو هیوا و ئاواتەیان لە گۆڕ نا**

**پەکەکە جەماوەر و لایەنگریان لە باکوور نەماوە، بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگەی دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێم و نانەوەی ناسەقامگیری گەنجەکانی باشووری کوردستان فریو بدەن**

**دوای ئەوەی پەکەکە لە باکوور و باشووری کوردستان هەموو مەرام و ئەجێندەکانی شکستی هێنا، لە ئێستادا سەرقاڵی نانەوەی ئاژاوە و پشێوی و کاری تیرۆرستی و تەقاندنەوەی TNT و کاری قێزەونی دیکەی قاچاخچێتین**

**لە ناو سەنتەری شاردا لەسەر پردێکی پەڕینەوەی خەڵکی سڤیل کردەوەیەکی تیرۆریستییانەیان ئەنجام دا و (تی ئێن تی)یان تەقاندووە، دەبێت حکومەتی کوردستان زۆر بە جددی و هەستیارییەوە ئاگاداری جموجووڵەکانی پەکەکە بێت**

**خەڵکی باکووری کوردستان لە دوای شەڕی خەندەق و وێرانکردنی گوند و ناوچەکانیان نەفرەت لە پەکەکە دەکەن**

٣. پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنێکی سەرەکیی پارێزەر و داکۆکیکاری قەوارەی هەرێمی کوردستانە، کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی دامەزراوە و خەبات دەکات، بۆیە پارتی بە ڕێگرە لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەجیندا و مەرامەکانیان دەزانن.

٤. پەکەکە نەیتوانی ڕاستەوخۆ دژایەتیی هەرێمی کوردستان و قەوارەکەی بکات، بۆیە لە ئێستادا لە ڕێگەی چەند گرووپی چەکداریی بچووک و پەرشوبڵاوەوە دەیانەوێت ئاشووب و ئاژاوە بنێننەوە.

*** بەڵام ئەوان لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و گەرمیان و چەند ناوچەیەکی دیکەی سەرسنوور توانیویانە تەواجودێکی زۆریان هەبێت، ئایا ئەمە تاچەند مەترسیدارە بۆ سەر ژیان و بژێویی خەڵکی ئەو ناوچەیانە؟**

- دوای ئەوەی پەکەکە لە باکوور و باشووری کوردستان هەموو مەرام و ئەجێندەکانی شکستی هێنا، لە ئێستادا سەرقاڵی نانەوەی ئاژاوە و پشێوی و کاری تیرۆرستی و تەقاندنەوەی TNT و کاری قێزەونی دیکەی قاچاخچێتین، ئەمەش لە ڕێگەی گرووپی بچووک بچووک کە هەر کەسەو بۆ بەرژەوەندیی شەخسیی سەرکردەکانیان کار دەکەن، ئەمەش مۆرکێکی تیرۆرستیی وەکو داعش و بۆکۆحەرام و گرووپە چەکدارەکانی دیکەی پێ بەخشیون و زیانیان لەسەر ناو و ناوبانگی کورد لەجیهاندا دەبێت، بەداخیشەوە توانیویانە زەفەر بە سەر سنوور و دەڤەری ڕاپەڕین و گەرمیان و سلێمانی ببەن و بوونەتە هۆکاری بۆردومانکردنی سنووری قەزای ماوەت و چەمچەماڵ و عەربەت و چەندین شوێنی دیکە، لێرەشەوە کێشە بۆ ناوچەکانی شنگال و مەخموور و چیا سەرکەشەکانی کوردستان و گوندنشینەکان دروست دەکەن، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی لە ناوجەرگەی پایتەختی کوردستان بۆ ئاژاوە و ناسەقامگیری تەقینەوە ئەنجام بدەن، وەك ئەوەی لە دوو مانگی ڕابردوودا لە ناو سەنتەری شاردا لەسەر پردێکی پەڕینەوەی خەڵکی سڤیل کردەوەیەکی تیرۆریستییانەیان ئەنجام دا و (تی ئێن تی)یان تەقاندەوە، دەبێت حکومەتی کوردستان زۆر بە جددی و هەستیارییەوە ئاگاداری جموجووڵەکانی پەکەکە بێت.

*** پەکەکە لە کاتێکدا کە خۆی ناساند و بوو بە هێزێکی چەکداری لە کوردستانی باکوور، ئیدعای کوردایەتی دەکرد، کەچی ئێستا پێچەوانەی ئەوە هەڵسوکەوت دەکات، باسی کەمبوونەوەی لایەنگرانی پەکەکە و تەنانەت هەڵهاتن لە ناو چەکدارەکانیان دەکرێت، ئایا ئەمە چی دەگەیەنێت؟**

- ڕەنگە پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنی و دواتر کە خەباتی دەکرد خەڵکانێکی فریو دابێت بەوەی ئەو لەپێناو کوردایەتی و خاکی پیرۆزی کوردستان خەبات دەکات، بەڵام هەر زوو ئەم درۆ و ئیدعایانەی لەسەر ئاشکرا بوو، تەنانەت ئەو گرووپەی ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە ئەوان کار بۆ سۆشیالیستی و مارکسی دەکەن، ئەوانیش ڕووی ڕاستەقینەیان دەرکەوت و بۆ هەمووان دەرکەوت کە ئەوان کۆمەڵە گرووپێکی چەکدارین و کار بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و بەدەستهێنانی دارایی و قازانج دەکەن، ئەمە بە ڕوونی بۆ کوردستانییانی باکوور ڕوون بووەتەوە، خەڵکی باکووری کوردستان لە دوای شەڕی خەندەق و وێرانکردنی گوند و ناوچەکانیان نەفرەت لە پەکەکە دەکەن، تەنانەت شەڕیان لەگەڵ تورکیاشدا بۆ بەرژەوەندی و ئەجندەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و بەدەستهێنانی قازانجی ماددییە، ئەوان لە هەرکوێ پارەیان دەست بکەوێت، لەوێ دەبن، ئەوەتا باکووریان وێران کرد و بوونە هۆی کوشتنی سەدان گەنج، بەمەش چیتر ناتوانن چەکدارەکانیان لە باکووری کوردستان بمێننەوە، ئەوان لە ئێستادا کار بۆ ڕاکێشانی سوپای تورکیا دەکەن بۆ زیاتر هاتنە ناو قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان و تووشکردنی پارتە سیاسییەکانی هەرێم لە شەڕێکی چەکداریدا، ئەوەتا زیاتر لە (٦٠٠) گوندی باشووری کوردستان و بەتایبەت گوندە سنوورییەکان لەگەڵ باکووری کوردستان چۆڵ کراون و ئاوەدان نەکراونەتەوە، هۆکارێکی دیکەی هاتنی چەکدارانی پەکەکە بۆ باشووری کوردستان بە مەبەستی تێکدانی ئارامی و ئازادیی هەرێمەکەیە و، هەوڵدانێکە بۆ نانەوەی کێشە لە بەردەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان،

چونکە وەك دەزانین ئەو هێزەیە ببێتە بەشێك لە هێزی هاوپەیمانیی جیهانی، ئەمەش بە دڵی زۆر وڵاتی ناوچەکە و حەشدی شەعبی نابێت.

*** پەیوەندیی گوماناوی پەکەکە لەگەڵ حەشدی شەعبی دیار و ڕوونە، بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسییە ئەم پەیوەندییە بۆ بێهێزکردن و نانەوەی ئاژاوە و ئاشووب و تێکدانی باروبژێویی ژیانی خەڵکە لە هەرێمی کوردستان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەم پەیوەندییەی پەکەکە لەگەڵ حەشدی شەعبی تا چەند جێگەی مەترسییە بۆ هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی؟**

- مانگانە زیاتر لە هەزار چەکداری پەکەکە لە شنگال و قەندیل لەلایەن حەشدی شەعبییەوە مووچە وەردەگرن، ئەوان بوونەتە بەکرێگیراو دژی خاك و نیشتمانی کوردان، ئەوان کەوتوونەتە بەرەی ئێران و حەشدی شەعبی، تەنانەت دژی هەموو ئەو هێز و حزب و لایەنە سیاسییانەش کار دەکەن کە نەتەوەیین، وەکو لەوەی کوردانی ڕۆژهەڵات بینیمان کە هەر زوو بە ئیعازی ئێران و حەشدی شەعبی ویستیان شوێن و بارەگای ئەو حزبانە کە چۆڵ کراون، داگیری بکەن و وەکو قەندیلی لێ بکەن و تێیدا بمێننەوە و ببنە پشتێنەیەکی ئەمنی بۆ پاستنی ئەو سنوورانە دژی هێزە کوردییەکان، پەکەکە ئەجێندە و مەرامی وڵاتانی ناوچەکە و هیلالی شیعە جێبەجێ دەکات و کار لەسەر لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و دژایەتیی پارتی دەکات، بۆیە پەکەکە لە هەر شوێنێك بێت، نەك ئاوەدان ناکرێتەوە و باروگوزەرانی خەڵکەکە تێك دەدات، بەڵکو ژیانی خەڵکیش دەخاتە مەترسییەوە.

*** بەڵام قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتێکی زۆری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، نەك تەنیا بووەتە پێگەیەك بۆ لەخۆگرتنی قوربانیان و لێقەوماوان، بەڵکو تاکە ئومێدی گەلی کوردستانە، ئایا لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانیان ئەم ڕاستییە نازانن؟**

- پەکەکە و چەکدارەکانیان بۆیان ڕوون بووەتەوە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەو چەتر و پەناگەیەیە کە هەموانی کۆ کردووەتەوە و پێویستە بپارێزرێت، حکومەتی خەڵك مولکی خەباتی خوێنی شەهیدان و قوربانیدان و خەڵکی هەرێمە، ئەوان خوازیارن لە ناوچەیەکدا کە بە نائارامترین و مەترسیدارترین ناوچە لە جیهاندا دادەنرێت، بە ئارامی بژین، کەچی پەکەکە وەکو گرووپێکی چەکداریی بەکرێگیراوی دەرەکی دەیەوێت ئەم قەوارەیە نەمێنێت و بە هاوشێوەی ناوچەکانی خۆی، نائارامی و ناسەقامگیری و کوشتن و دەربەدەری لێ بکەوێتەوە، ئەوان دەزانن ئارامی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیریی هەرێم دەبێتە هۆی هەڵهاتنی چەکدارەکانیان و نیشتەجێبوونیان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەتا هەر هاووڵاتییەکی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە ئاوارە و دەربەدەر دەبێت، دێتە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەولێری پایتەخت، لە هەرێمی کوردستان هەموو کەس سەربەزرانە و ئازادانە دەژین و پێشمەرگە و ئاسایش سەروماڵیان دەپارێزێت، ئەمە بە دڵی پەکەکە نییە و مەترسیی هەڵهاتنی زۆربەی چەکدارەکانی دەکات.

*** کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت بە ڕێگەی ئاشتی کیشەی چەکدارانی پەکەکە چارەسەر بکات، چەکدارانی پەکەکە کەمین بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێن و پێشمەرگە شەهید دەکەن، ئایا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- پەکەکە هیچ کاتێك لەگەڵ پڕۆسەی ئاشتی و ئارامی نییە، چونکە لە ڕێگەی ئەو جۆرە پڕۆسە مرۆڤایەتییانەوە بەرژەوەندی و مەرامەکانیان کۆتایی دێت، بۆیە دیتمان کە جەنابی سەرۆك بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا، بەڵام لە دواقۆناغەکان چەکدارانی پەکەکە ئەو هیوا و ئاواتەیان لە گۆڕ نا، لەلایەکی دیکە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئاشتی و سەقامگیری لە باشووری کوردستانیش هەبێت، ماوە ماوە لێرە و لەوێ ڕێگە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەگرن و لەسەر ڕێگەکانیان تەقینەوە دادەنێن و دەبنە هۆکاری شەهیدبوون و برینداربوونی برا پێشمەرگە قارەمانەکانمان، ئەمەش بەشێکی سەرەکییە لە پیلان و خراپەکاریی سەرکردەکانی پەکەکە.

**زیاتر لە (٦٠٠) گوندی باشووری کوردستان و بەتایبەت گوندە سنوورییەکان لەگەڵ باکووری کوردستان چۆڵ کراون و ئاوەدان نەکراونەتەوە**

**مانگانە زیاتر لە هەزار چەکداری پەکەکە لە شنگال و قەندیل لەلایەن حەشدی شەعبییەوە مووچە وەردەگرن، ئەوان بوونەتە بەکرێگیراو دژی خاک و نیشتمانی کوردان**

**پەکەکە ئەجێندە و مەرامی وڵاتانی ناوچەکە و هیلالی شیعە جێبەجێ دەکات و کار لەسەر لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و دژایەتیی پارتی دەکات**

**لە هەرێمی کوردستان هەموو کەس سەربەزرانە و ئازادانە دەژین و پێشمەرگە و ئاسایش سەروماڵیان دەپارێزێت، ئەمە بە دڵی پەکەکە نییە و مەترسیی هەڵهاتنی زۆربەی چەکدارەکانی دەکات**

## پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس بۆ گوڵان:

# زۆرێک لەو ئیسرائیلییانەی حەماس کوشتنی بەرهەڵستکاری نەتانیاهۆ بوون

**پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك (پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی)، دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرەکانی پتر پەیوەست بوون بە هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و ڕاگەیاندنی جەنگ لەلایەن ئیسرائیل و چەند پرس و بابەتێکی پەیوەندیدار.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین چۆن وەسفی ئەوە دەکەن لە هەفتەی ڕابروودا لە ئیسرائیل ڕووی دا، کاتێك بزووتنەوەی حەماس هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر ئەو وڵاتە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ڕووی دا مەترسیدار بوو، ڕەنگە ئەمە گەورەترین ڕووداوی توندوتیژی و کارەسات بێت کە ڕووبەڕووی دەوڵەتی ئیسرائیل بووبێتەوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەو کاریگەری و ئاکامانەی دروستی دەکات لەسەر کۆمەڵگەی ئیسرائیل. کەواتە ئەمانە پەرەسەندنێکی دراماتیکی بوون و زۆرکەس -خۆم لە نێوانیاندا- تووشی سەرسوڕمان بووین لە ئاست ئەوەی ڕووی دا، بەتایبەتی کە چەکدارەکانی حەماس توانییان بەو ژمارە زۆرە بچنە نێو سنووری ئیسرائیل و ژمارەیەکی زۆری خەڵك بکوژن، کە ڕەنگە یەکێکیش لە هۆکارەکان ئەوە بووبێت کە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (بنیامین نەتانیاهۆ) زۆرێك لە سوپای وڵاتەکەی کە پارێزگارییان لە سنووری ئیسرائیل لەگەڵ کەرتی غەززە دەکرد، کشاندەوە و لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ کەناری ڕۆژئاوا جێگیری کردن، بۆ پشتگیرکردن لەو نیشتەجێبووە جوولەکانەی کە دەستیان بەسەر خاکی دانیشتووانی فەلەستیندا دەگرت. مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە بنیامین نەتانیاهۆ پتر سەرقاڵ بوو بە داگیرکردنی خاکی خەڵکانی دیکەوە، لەبری ئەوەی خەم لە پاراستنی خاك و وڵاتەکەی خۆی بخوات.

*** حکومەت و دەسەڵاتەکانی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا تیشك دەخەنەسەر ئەوەی کە حەماس لە هێرشەکەیدا هێرشی کردووتە سەر خەڵکانی مەدەنی، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من پێم وایە ئەوەی حەماس ئەنجامی دا، نەك هەر هەڵە بوو، بەڵکو پێشێلکاری یاسای نێودەوڵەتی بوو، لە ڕووی سیاسیشەوە دەرەئەنجام و دەرهاویشتەی پێچەوانەی دەبێت لەسەر ئەم بزووتنەوەیە، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕینی

## دیمانەی تایبەت



ڕای گشتیی جیهان و بەتایبەتی ڕای گشتیی نێو ڕۆژئاوا، کە هاوسۆز بوون لەگەڵ ئێش و ئازاری فەلەستینییەکان لە سایەی داگیرکاریدا، واتە ئاراستەی ڕای گشتی بۆ بەرژەوەندیی ئیسرائیل دەگۆڕێت، کە داگیرکارەکەیە. مەبەستم ئەوەیە دۆخێکی دژوار بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە پشتیوانییان لە مافی فەلەستینییەکان دەکرد بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، بەتایبەتی ئەگەر ڕێکخراوێکی فەلەستینی هەبێت و دەستی بچێتە ئەم توندوتیژییە مەترسیدارە. هەروەها ئەوەی دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو خەڵکانەی لە نێو ئیسرائیلدا و لەسەر دەستی حەماس کوژران لە ناوچەی کیبوتس کە ئۆردوگایەکی جوولەکەنشینە و لە کرێکاران و جووتیاران پێکدێن، بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی لە فیستیڤاڵی موسیقاکەدا کوژران، کە ئەوانیش لە کیبوتسەوە چووبوون، کەسانی لیبراڵ و میانڕەو بوون و بەرهەڵستی سیاسەتەکانی نەتانیاهۆ و داگیرکارییان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بوونە قوربانیی سەرەکیی ئەم هێرشە تیرۆریستییە.

*** بەڵام ڕەخنەی ئەوەش دەگیرێت کە ئیسرائیلیش لە میانەی کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوەکانیدا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بە شێوەیەك ئەنجام دەدات، کە لە کۆتاییدا خەڵکی مەدەنی لە نێو فەلەستینییەکاندا دەبنە قوربانی، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستییەکە کە لە مێژووی ململانێی سەربازیی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا، ژمارەی کوژراوانی خەڵکانی مەدەنی نێو فەلەستینییەکان زۆر زیاترە لە ژمارەی کوژراوانی خەڵکانی مەدەنی نێو ئیسرائیل، ئەمەمان بەدی کرد لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٤ و ٢٠١٨، کە ئەگەر هێرشێکی مووشەکی حەماس ١٠ قوربانی لە نێو خەڵکی ئاسایی ئیسرائیلدا لێ بکەوتایەتەوە، ئەوا لە هێرش و بۆردومانەکانی ئیسرائیلدا سەتان خەڵکی

**بنیامین نەتانیاهۆ پتر سەرقاڵ بوو بە داگیرکردنی خاکی خەڵکانی دیکەوە، لەبری ئەوەی خەم لە پاراستنی خاک و وڵاتەکەی خۆی بخوات**

**ئەوەی حەماس ئەنجامی دا، نەک هەر هەڵە بوو، بەڵکو پێشێلکاری یاسای نێودەوڵەتی بوو، لە ڕووی سیاسیشەوە دەرەئەنجام و دەرهاویشتەی پێچەوانەی دەبێت لەسەر ئەم بزووتنەوەیە**

**حەماس دەیەوێت ئەو پەیامە بخاتەڕوو کە تاوەکو داگیرکاری درێژەی هەبێت، ئەوا بارودۆخەکە ئاسایی و ئارام نابێت**

**ئەو هێرشانەی حەماس ئەنجامی دان، سەرەڕای ئەوەی کە نائەخلاقی و نایاسایین، ئەوا ستراتیژییش نین**

**ڕاستە ئێران پشتیوانی لە چەندین گرووپی میلیشیای نێو عێراق و سووریا دەکات و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی هەیە و هاوکاریی حوسییەکان دەکات، بەڵام ڕەنگە نەتوانین بڵێین کە حەماس وەکیلی ئێرانە**

ئاسایی فەلەستینی دەکوژران، کەواتە ئەگەر ئەم ڕێژەیە لەبەر چاو بگرین، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەمجارە ١٠٠٠ هاووڵاتی ئیسرائیلی کوژران، ئەوا لە کاردانەوەدا دەیان هەزار فەلەستینی گیان لە دەست دەدەن، بەتایبەتی لە حاڵەتی هێرشی زەمینی لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ نێو غەززە، کە ناوچەیەکە دانیشتووانێکی زۆر چڕی هەیە و کاتێکیش شەڕەکە دەگۆڕێت بۆ شەڕی نێو شار و ماڵ بە ماڵ، ئەوا نەك ژمارەیەکی زۆری چەکدارانی حەماس و سەربازە ئیسرائیلییەکان گیان لەدەست دەدەن، بەڵکو خەڵکێکی زۆری مەدەنی دەبنە قوربانی و گیان لەدەست دەدەن. بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کەرتی غەززە ناوچەیەکی داخراوە و هیچ دەروازەیەکی نییە و بۆی هەیە کارەساتێکی مرۆیی گەورە و مەترسیداری لێ بکەوێتەوە. نیگەرانیی من لەوەدایە کە چەندین جار ئەمەشمان بەدی کردووە لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا، کە پشتیوانی لە ئیسرائیل بکەن لە هێرشەکانیدا بۆ سەر ئامانجە مەدەنییەکان، بەو پاساوەی کە ئەمە بەرگری لەخۆکردنە و شەرعییەت و ڕەوایەتی هەیە.

*** بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە حەماس پێشوەختە دڵنیا بووە لەوەی کە ئیسرائیل کاردانەوەیەکی توندی دەبێت و لە ئەنجامدا چەندین خەڵکی نێو غەززە دەبنە قوربانی، ئایا بۆچی پەنای بۆ کردەوەیەکی لەم جۆرە برد؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر لۆژیکێك هەبێت لەم کارەدا هەر ئەوەیە کە حەماس دەیەوێت ئەو پەیامە بخاتەڕوو کە تاوەکو داگیرکاری درێژەی هەبێت، ئەوا بارودۆخەکە ئاسایی و ئارام نابێت، واتە ڕەنگە زۆرێك لە ئیسرائیلییەکان وا بیریان کردبێتەوە کە ئێمە وڵاتێکی بەهێزین و ئەگەر داگیرکاریشمان کردبێت، ئەوا دەتوانین ژیانێکی ئاسایی ببەینە سەر و لەم ڕوانگەیەوە پێویست ناکات نیگەران بین لە بەرانبەر ئێش و ئازاری فەلەستینییەکان، کەواتە ڕەنگە ئەمە پەیامی حەماس بووبێت، کە مەسەلەکە بەو شێوەیە نییە کە بیری لێ دەکرێتەوە و تاوەکو داگیرکارییەکە کۆتایی نەیەت، ئەوا ئێوەش سەلامەت نابن و ناتوانن ژیانێکی ئاساییتان هەبێت و پەرەسەندنی لەم شێوەیەش- مەبەست لە هێرشەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی حەماسە بۆ سەر ئیسرائیلییەکان- ڕوو دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هێرشانەی حەماس ئەنجامی دان، سەرەڕای ئەوەی کە نائەخلاقی و نایاسایین، ئەوا ستراتیژییش نین، بەڵکو ئەمە بڕیارێکی زۆر خراپ بوو، نەك تەنیا بۆ ئەو ئیسرائیلییانەی کە دەستبەجێ بوونە قوربانی، بەڵکو بۆ ئەو فەلەستینییانەش کە بوونە قوربانی و بەردەوام ڕووبەڕووی مەترسیی گیان لەدەستدان دەبنەوە.

*** هەندێ لە چاودێران سەرنج دەخەنە سەر کاتی هێرشەکە و پێیان وایە گرێ دراوەتەوە بە هەوڵەکانی لەباربردنی هەر ئەگەرێك بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە، ئێوە چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن؟**

- ئەمە ڕێی تێدەچێت، بەڵام نابێت ئێمە ئەوە لە یاد بکەین کە حەماس بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە پلانی بۆ ئەم هێرشە داڕشتووە و ڕەنگە ئەمە مەسەلەیەك نەبێت، کە تەنیا لە دوای هەوڵەکانی هێنانەئارای ئاشتەوایی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل دروست ببن. هەروەها هەندێك لە چاودێران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران لەم هێرشەی حەماسدا بەشدار بووە، بەڵام دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕاستە ئێران پشتیوانی لە چەندین گرووپی میلیشیای نێو عێراق و سووریا دەکات و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی هەیە و هاوکاریی حوسییەکان دەکات، بەڵام ڕەنگە نەتوانین بڵێین کە حەماس وەکیلی ئێرانە، دواتر ئێران پشتیوانییەکی گەورەی بزووتنەوەی جیهاد دەکات لە نێو غەززەدا، بەڵام بینیمان حەماس ئەم ئۆپەراسیۆنەی ئەنجام دا. کەواتە ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان، ئەوا من تا ڕاددەیەك بە گومانم لەوەی ئەم هێرشانە و کاتی هێرشەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەبێت بە پرس و ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل، ئەگەرچی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی لە نێو غەززەدا دەبێتە هۆی ئەوەی سعودیە پتر دوودڵ بێت بۆ ئەوەی هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا.




پرۆفیسۆرجۆزێف ئۆڵمەرت بۆ گوڵان:

# حەماس دەرگای دۆزەخی کردەوە و خۆیان بە ئاگرەکەی دەسووتێن

**جۆزێف ئۆڵمەرت، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی، پێشتریش پرۆفیسۆری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیراساتی ئەمنی بووە لە زانکۆکانی (تەل ئەبیب، بار ئیلان لە ئیسرائیل) هەروەها وانەبێژ بووە لە زانکۆی کۆرنێل لە ئەمریکا و زانکۆی یۆرك لە کەنەدا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە (مێژووی هاوچەرخی لوبنان و سووریا، کەمینەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرۆسەی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیسرائیل) دەدات. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەندیدار بوون بە پەرەسەندنەکانی پرسی فەلەستین و ئیسرائیل، بەتایبەتی هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و کاردانەوە و پەرچەکرداری دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەگەرەکانی بەرفراوانبوونی شەڕ و تێوگلانی دەوڵەتانی دیکە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**کات و ساتی ئەنجامدانی ئەم هێرشانە پەیوەستن بەو پرۆسەی گفتوگۆیەی لە ئارادا بوو بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە**

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەوەی ڕووی دا لە هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، هەموو لایەکی هەژاند و تووشی سەرسوڕمانی کردن، ئەمە ڕووداو و پەرەسەندنێکی ئاسایی نەبوو و، ئاکام و دەرهاوێشتەی گەورە و درێژخایەنی لێ دەکەوێتەوە، چۆن وەسفی ئەم هێرشانە دەکەن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دەوڵەتی ئیسرائیل تووشی غافڵگیری بوو بە هۆی ئەم هێرشانەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە ئاماژەیان بە بوونی زانیاریی هەواڵگری کردبوو لەم بارەیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئاماژە بە لووتبەرزی و باوەڕبەخۆبوونێکی زیاد لە پێویست و لە سەرووی هەمووشیانەوە تێڕوانین و تێگەیشتنێکی هەڵە بکەین، کە باڵی کێشابوو بەسەر بیرکردنەوە و هزری سەرۆك وەزیران بنیامین نەتانیاهۆدا، چونکە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل پێی وابوو پێویستە سیاسەتی ئیحتیواکردن بگیرێتەبەر لە ئاست بزووتنەوەی حەماس، ئەمەش بەو مانایە دەهات کە بزووتنەوەی حەماس کردەوەیەك ئەنجام نەدات هاوشێوەی ئەوەی ئەمجارە ئەنجامی دا، لە بەرانبەردا ئیسرائیلیش بە سوود و دەرفەتی ئابووری قەرەبووی دەکردنەوە، بەڵام ئاشکرایە ئەم سیاسەتە تووشی شکست بووەوە و ئەو وانەیەی فێرکردین کە دەبێت هەمیشە بە حەزەر بین لە ئاست دوژمنەکانماندا، بە چاوپۆشین لەوەی کە بیروبۆچوون و تێڕوانینی پێشوەختەمان چی بێت.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە سەرەڕای ئەوەی حەماس بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پلانی هێرشێکی لەم چەشنەی داڕشتووە، بەڵام کات و ساتی ئەنجامدانی هێرشەکە پەیوەستە بە پەرەسەندن، یان ئەگەری پەرەسەندنێکی دیکەی گرنگەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە دەبووە وەرچەرخانێکی گەورە، ئەویش ئەگەری ئاساییبونەوەی پەیوەندی و ئاشتەوایی نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کات و ساتی ئەنجامدانی ئەم هێرشانە پەیوەستن بەو پرۆسەی گفتوگۆیەی لە ئارادا بوو بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە بریاری ئەم هێرشانە پەیوەندیدارە بە هەڵەی حیساباتی بزووتنەوەی حەماس و چەند لایەنی دیکە لە بارەی

لێکدانەوە و تێگەیشتنیان بۆ نارەزایەتییەکانی نێو ئیسرائیل، لە ئاست چاکسازییە پێشنیارکراوەکانی تایبەت بە دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن (بنیامین نەتانیاهۆ) سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەوە، واتە لەم ڕووەوە پێیان وابوو ئیسرائیل لە باری دووبەرەکی و لاوازیدایە، بەڵام ئەوان لەم لێکدانەوەیەدا بە هەڵەدا چوون، چونکە من پێم وایە سەرباری نارەزایەتییەکانیان، بەڵام ئیسرائیلییەکان کێشە و ناکۆکی و حیساباتی سیاسیی خۆیان لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە لەگەڵ سەرۆك وەزیران بنیامین نەتانیاهۆ یەکلا دەکەنەوە، چونکە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکەین، یەکبوون و یەکێتییەکی سەرسوڕهێنەرە لە ناوخۆی ئیسرائیلدا.

*** دوای ئەوەی ئیسرائیل کابینەی جەنگی پێك هێنا و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی تووشی شەڕ بووەتەوە و دەستی بە کاردانەوەیەکی توند کرد لە ڕووی بۆردومانکردن و هێرشەکانی بۆ سەر کەرتی غەززە، لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە ئەگەری ئەوە هەیە ئاگری ئەم شەڕە زیاتر کڵپە بسێنێت و بەرفراوانتر ببێت، بە چەشنێك ئیسرائیل ناچار بێت لە چەند بەرەیەکەوە شەڕ بکات، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە ئەگەرێکە کە ڕەنگە شەڕەکە بەرەو بەربڵاوی و بەرفراوانی بچێت، کە ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئیسرائیل دەکەوێتە شەڕەوە لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی و شەڕێکی بەوەکالەت لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا، ئەوەی تا ئێستا لەم ڕووەوە ئاشکرایە ئەوەیە کە حزبوڵڵا هەڕەشە دەکات (١٢ی تشرینی یەکەم کە من وەڵامی ئەم پرسیارانەی ئێوە دەدەمەوە)، بەڵام زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکات بۆ ئەوەی سنوورەکانی ئیسرائیل نەبەزێنێت، هەروەها ئیسرائیلییەکانیش لەم ڕووەوە ئاماژەی زۆر ڕوون دەنێرن، کە ئەوان ئامادەن بۆ ئەگەرێکی لەم چەشنە و پەرەسەندنێکی لەم شێوەیە، بە دڵنیاییەوە دەوڵەتی ئیسرائیل خوازیاری ئەوە نییە تووشی شەڕێکی لەم شێوەیە ببێتەوە، بەڵام ئاشکرایە کە ئەگەری هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بەدەست ئیسرائیل نییە، بەڵکو بڕیاری کۆتایی لە بارەی جووڵە و کردەوەکانی حزبوڵڵاوە، بە دەست ئێرانە و جڵەوی ئەم حزبە لای ئێرانە.

*** هەر چییەك بگوترێت لەبارەی هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس و هێرشی پێچەوانەی ئیسرائیلەوە، ئەوا دەبێت پرسیاری ئەوە بکرێت، بۆچی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل نەیتوانی پێشبینیی هێرشێکی لەم شێوەیە بکات و سوپای ئەو وڵاتەش نەیتوانی پێشگیری لێ بکات؟ ئایا مەسەلەکە پەیوەندیی بە نەبوونی زانیارییەوە هەبوو، یان ئیسرائیل پێی وابوو ئەمە ئەگەرێکی دوورە؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەکە هەرچی بێت، ئەوا لە ئێستادا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دەستپێشخەرییەکە لە دەستی وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیلدایە، ئاشکرایە کە ئەوە حەماسە دەرگا و دەروازەی دۆزەخی کردووەتەوە، کە خۆیان بە ئاگرەکەی دەسووتێن، من پێم وایە سەرکەوتنێکی گەورەی ئیسرائیل لە کۆتایی شەڕەکەدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دەوڵەتە دووبارە بتوانێت هێز و توانای خۆی بچەسپێنێت.

*** باس لەوە دەکرا کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوور کەوتووەتەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانی و، بۆشایی جێ هێشتووە و هێزە جیهانییەکانی دیکە ئەم هەلەیان قۆستووەتەوە، ئایا ئەم ڕووداو و پەرەسەندنەی ئەم جارە نابێتە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە ئەمریکا بە قورساییەکی زیاترەوە بۆ ئەم ناوچەیە بگەڕێتەوە؟**

- ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوان و پاڵپشتێکی بەهێزی دەوڵەتی ئیسرائیلە، کە ئەمە خودی ئیدارەکەی سەرۆك جۆ بایدن و کۆنگرێس و کۆمەڵگەی جوولەکەی نێو ئەمریکا دەگرێتەوە، ڕەنگە ئەم پشتیوانییە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، کاتێك دیمەنی هەزاران لاشەی کوژراوانی نێو غەززە بڵاو دەبێتەوە، دواتر دەبێت ئەوە بزانین کە ئامانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتییە لە بەرپەرچدانەوەی ئێران و پاراستن و ڕزگارکردنی ڕێککەوتنەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی (Abraham Accords)، لەگەڵ ئەگەری هێنانەئارای، یان بەدیهێنانی ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە.

**ئیسرائیلییەکان کێشە و ناکۆکی و حیساباتی سیاسیی خۆیان لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە لەگەڵ سەرۆک وەزیران بنیامین نەتانیاهۆ یەکلا دەکەنەوە، چونکە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکەین، یەکبوون و یەکێتییەکی سەرسوڕهێنەرە لە ناوخۆی ئیسرائیلدا**

**ڕەنگە شەڕەکە بەرەو بەربڵاوی و بەرفراوانی بچێت، کە ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئیسرائیل دەکەوێتە شەڕەوە لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی و دەکەوێتە شەڕێکی بەوەکالەت لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا**

**بڕیاری کۆتایی لە بارەی جووڵە و کردەوەکانی حزبوڵڵاوە، بە دەست ئێرانە و جڵەوی ئەم حزبە لای ئێرانە**

**سەرکەوتنێکی گەورەی ئیسرائیل لە کۆتایی شەڕەکەدا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دەوڵەتە دووبارە بتوانێت هێز و توانای خۆی بچەسپێنێت**



**ئاراس جەواد مەلەکشاهی**

**نووسەرو کەسایەتیی کوردی فەیلی بۆ گوڵان:**

# کوردانی فەیلی مەلا مستەفا بارزانی بە باوکی ڕۆحی و ناسنامەی گەلی کوردستان دادەنێن

# کوردبوونمان و قۆرخکردنی پێگەکانی حوکمداری لە عێراق، هۆکاری سەرەکیی پشتگوێخستنی گەڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی بووە

**کوردانی فەیلی وەکو یەکەمین قوربانیی ڕژێمی بەعس کەوتنە بەر شاڵاوی جینۆساید و کۆمەڵکوژی، بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و گەنجەکانیان دەستگیرکران و لە زیندانەکاندا بێسەروشوێن کران و هەرچی ماڵ و حاڵیان هەبوو، بەسەر پیاوانی ڕژێمدا دابەش کران. گۆڤاری گوڵان بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژووی عێراق کە دەرهەق بە پێکهاتە ڕەسەنەکانی کورد تاوانی دڕندانە ئەنجام دراوە، هەرجارەو لەگەڵ کەسایەتییەکی ناسراوی کوردانی فەیلی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ ئەنجام دەدات، لەم ژمارەیەی گۆڤاری گوڵاندا دیدارێکمان لەگەڵ ئاراس جەواد مەلەکشاهی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتیی کوردی فەیلی ساز دا.**

*** کوردانی فەیلی یەکەمین قوربانیی دەستی ڕژێمی بەعس بوون و دواتر کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی دیکەش بە هەمان شێوە کۆمەڵکوژی و تاوانی دڕندانەیان دەرهەق کرا، دەکرێت وەکو نووسەر و کەسایەتییەکی کوردانی فەیلی باسی ئەو کۆمەڵکوژییەمان بۆ بکەیت؛ ئایا هۆکاری ئەنجامدانی ئەم تاوانە دڕندانەیە چی بوو؟**

- کوردانی فەیلی پێکهاتەیەکی ڕەسەن و جیانەکراوەی کوردن و مۆرکی نەتەوەیی و خۆشەویستییان بۆ کوردایەتی و نیشتمان لە ئاستێکی بەرزدایە و لە هێڵی پێشەوەی بەرگریکردن بوون، دژی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و شاڵاوی تەعریب و تەرحیل، تەنانەت لە شۆڕشی ئەیلوول بەرگریکار و پاڵپشتیەکی سەرسەختی ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون و بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی کوردانی فەیلی لە بەغدا و ڕۆژهەڵاتی عێراق و شارەکانی باشوور سەلمێنەری ئەم ڕۆڵە نیشتمانی و نەتەوەییەن، هەر ئەمەش بوو وای کرد، ڕژێمی بەعس ترس و دڵەڕاوکێی لە کوردانی فەیلی هەبێت و بە پاساوی نابەجێ و نامرۆیی و نایاسایی ڕووبەڕووی کوردانی فەیلی ببێتەوە و تاوانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدیان دەرهەق ئەنجام بدات.

تاوانەکەش گەورە بوو، بەو پێیەی دەچێتە قاڵی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و سڕینەوەی ناسنامەی پێکهاتەیەکی گرنگی نەتەوەیەك، کە بە زۆرەملێ ڕاگواستران و دەستیان بەسەر ماڵ و حاڵی گواستراو و نەگواستراودا گرت، هەورەها لێسەندنەوەی ناسنامە و ڕەگەزنامە و دەستگیرکردن و ڕاپێچکردنی گەنجەکانیان بۆ ناو زیندانەکان و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کیمیاوی لەسەریان و بێسەروشوێنکردنیان و دواتر ئاوارەبوون و دەربەدەری بۆ خێزانەکانی کوردانی فەیلی کە ناسراو بوون بە دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر و چین و توێژە مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکەی بەغدا، ئەو تاوانانە بە هەموو پێوەرێك دەچێنە

**کوردانی فەیلی پێکهاتەیەکی ڕەسەن و جیانەکراوەی کوردن و مۆرکی نەتەوەیی و خۆشەویستییان بۆ کوردایەتی و نیشتمان لە ئاستێکی بەرزدایە**

**ئەوەی زیاتر وای کرد تاوانەکە سەرتاسەری بێت، ترسی ڕژێمی بەعس بوو لە زۆری و چڕیی کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا و بوونی ئیمکاناتێکی ماددی و باڵادەستیان لەناو بازرگان و کاسبکاران و فەرمانبەرانی حکومەت**

قاڵبی تاوانی نێودەوڵەتی و دەبێت بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەم تاوانە تەنیا پاکتاوکردنێکی جەستەیی و فیزیکی نەبوو، بەڵکو جینۆسایدێکی دیکەش ئەنجام درا، کە پێی دەوترێت جینۆسایدی فەرهەنگی دژی کەلتوور و زمانی دایك و دابونەریتی کوردایەتی.

*** کەواتە هۆکاری شیعە مەزهەبی لە پشت جینۆساید و کۆمەڵکوژییەکەوە نەبووە، بەڵکو بە هۆکاری نەتەوەیی هەموو ئەم تاوانە قێزەونە ئەنجام دراوە؟**

- تەنیا لەبەر ئینتمای نەتەوەیی و داینەمۆی شۆڕشی کوردستان و پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی بوو، ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییەیان لەسەر کوردانی فەیلی ئەنجام دا، خۆ لە عێراق لەناو پێکهاتەی عەرەب و تورکمان شیعە مەزهەب هەبوون و هەن، بەڵام تاوانی وا ڕەش و قێزەونیان بەسەردا جێبەجێ نەکراوە. ئەوەی زیاتر وای کرد تاوانەکە سەرتاسەری بێت، ترسی ڕژێمی بەعس بوو لە زۆری و چڕیی کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا و بوونی ئیمکاناتێکی ماددی و باڵادەستیان لەناو بازرگان و کاسبکاران و فەرمانبەرانی حکومەت، ئەمەش بە زەنگێکی مەترسی دادەنرا بۆ ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس کە لە سەروبەندی خۆئامادەکردن بوو بۆ شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ وڵاتی ئێراندا.

*** بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ نەهامەتییەکانی کوردانی فەیلی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە چارەسەر نەکراوە، ئایا چی وای کرد، ئەم تاوانە گەورەیە وا بە بێدەنگی و بێ قەرەبووکردنەوە و گەڕانەوەی مافەکانیان لە عێراقدا بەڕێ بکرێت؟**

- ئەمە پرسیارە گرنگ و گەوهەرییەکەیە، عێراقی نوێ هەڵگری درێژکردنەوەی زۆر لە ڕق و قین و کەلتووری توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرانبەرە، لەبەر کوردبوونمان تاوانێکی وا گەورە تەنانەت زۆر لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانیشیان شاردەوە و گرنگییان پێ نەدا. سەرۆك مەسعود بارزانی لەسەر ڕێبازەکەی مەلا مستەفا بارزانی بە داکۆکیکاری سەرەکی کوردانی فەیلی و داواکاری گەڕانەوەی مافەکانیان ناسراوە، ئێمە بە مەرجەعی نەتەوەیی خۆمانی دەزانین. کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکە بەڵگەیەکی ئەم گرنگیدان و داکۆکیکردنەیە. لە دوای نەمانی ڕژێمی بەعسیش نەتوانراوە مافە فەرهەنگی و کەلتووری و ماددی و پێگە مەعنەوییەکەمان بۆ بگەڕێتەوە. من باسی ئەو هەزارەها گەنجە بێسەروشوێنە ناکەم، کە زۆربەیان ڕوفاتەکانیشیانمان بەدەست نەکەوتەوە، کاریگەرییەکانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی کوردانی فەیلی بەردەوامی هەیە و تا ئێستاش خێزانی کوردی فەیلی هەن لە تاراوگە و ئاوارەیی ناسنامەی نیشتمانییان لێ زەوت کراوە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیان و گەڕانەوەیان هەبووە. کوردانی فەیلی بە شادەمار و بڕبڕەی پشتی ئابووری و بازرگانی و کاسبی و فەرمانبەریی دەوڵەتی عێراق ناسراو بوون، ئەی ئێستا بۆچی مافەکان نەگەڕاوەتەوە؟ ڕەنگە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و نائارامی و شەڕەکانی نێوخۆ تا ڕادەیەك هۆکار بێت بۆ دواکەوتنی گەڕانەوەی مافەکان، بەڵام کوردبوونمان و قۆرخکردنی پێگەکانی حوکمداری لە عێراق هۆکاری سەرەکیی پشتگوێخستنی گەڕانەوەی ماف بووە بۆ خاوەنەکەی.

*** لە قسەکانت جەخت لەسەر لایەنی کەلتووری و فەرهەنگی کوردانی فەیلی وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەن و سەرەکیی کورد دەکەیتەوە، ئایا ئێستا بۆچی ئەم فەرهەنگە کەلتوورییەی کوردانی فەیلی بزرە؟**

- کوردانی فەیلی وەکو هەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانی دیکەی نەتەوەی کورد خاوەنی کەلتوور و دابونەریت و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیانن، ئەوەتا شێوەزاری زمانی کوردی فەیلی هەوڵی زۆر درا لەناو ببرێت. زۆر لەو فاکتەرانەی کە زیانی گەیاندووە بۆ بە ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بوونیان هەیە و ڕێگریش بووە لە بەرەوپێشچوونی دۆسیێکەمان و هەڵگرتنی لایەنە نەرێنییەکانی جینۆسایدەکە، بەداخەوە لە دوای ڕووخانی ڕژێم و باڵادەستیی حزبە شیعەکان هەوڵی زۆر دراوە و دەدرێت بۆ ئەوەی کوردانی فەیلی زیاتر ڕابکێشرێنە لایەنی مەزهەبییەوە، بەڵام بوونی کەلتوورێکی نەتەوەیی و حەز و خۆشەویستیی

**عێراقی نوێ هەڵگری درێژکردنەوەی زۆر لە ڕق و قین و کەلتووری توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی بەرانبەرە، لەبەر کوردبوونمان تاوانێکی وا گەورە تەنانەت زۆر لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانیشیان شاردەوە و گرنگییان پێ نەدا**

**سەرۆك مەسعود بارزانی لەسەر ڕێبازەکەی مەلا مستەفا بارزانی بە داکۆکیکاری سەرەکی کوردانی فەیلی و داواکاری گەڕانەوەی مافەکانیان ناسراوە**

**تا ئێستاش خێزانی کوردی فەیلی هەن لە تاراوگە و ئاوارەیی ناسنامەی نیشتمانییان لێ زەوت کراوە و کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژیان و گەڕانەوەیان هەبووە**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێم و باڵادەستیی حزبە شیعەکان هەوڵی زۆر دراوە و دەدرێت بۆ ئەوەی کوردانی فەیلی زیاتر ڕابکێشرێنە لایەنی مەزهەبییەوە، بەڵام بوونی کەلتوورێکی نەتەوەیی و حەز و خۆشەویستیی بەهێزی کوردانی فەیلی بۆ لایەنی نەتەوەیی لەبەردەم هەموو ئەو هەوڵانەدا ڕێگر بووە**

بەهێزی کوردانی فەیلی بۆ لایەنی نەتەوەیی لەبەردەم هەموو ئەو هەوڵانەدا ڕێگر بووە.

*** باسی ڕۆڵی کوردانی فەیلیت کرد لەناو شۆڕشی ئەیلوول و خۆشەویستییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و پاڵپشتیکردنی خەباتی نەتەوەیی، ئایا مەلا مستەفا بارزانی چۆن دەیڕوانییە ئەم ڕۆڵە و گەنجەکانی کوردانی فەیلیش چۆن لە دەوری کۆبوونەوە؟**

- ئەو ئینتما نەتەوەیی و خۆشەویستییەی کوردانی فەیلی کە بۆ نەتەوە و خاك و نیشتمانەکەیان هەیان بووە، لەپاڵ بوونی پێکهاتەیەکی مەدەنی و ڕۆشنبیری وای کردبوو، بەردەوام خۆشەویستی و پشتگیری لە شۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازی بکەن، هەروەکو چۆن لەناو حزبی شیوعی و شۆڕشەکانی کورد ڕۆڵیان هەبوو، هەرواش خۆشەویستیەکی زۆر و بەرزیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول هەبووە، ئەوان لە کەس و کادیرە دیار و گەورەکانی ناو پارتی بوون و تەنانەت ژمارەیەکی زۆری بازرگان و پیشەوەرانی فەیلی هاوکاریی شۆڕشیان کردووە و لەناو پارتیدا لە کادیرە ناسراوەکان و دامەزرێنەری پارتی بوون، وەکو جەعفەر محەمەد و حەبیب محەمەد و یەدوڵڵا فەیلی و زەکییە ئیسماعیل و دەیان تێکۆشەری دیکەی گەلەکەمان، کوردانی فەیلی پەیوەندییەکی ڕۆحییان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، بە باوکی ڕۆحی و ناسنامەی گەلی کوردستانی دەزانن و ئەمەش وەکو میراتێکی نەتەوەیی لای کوردانی فەیلی نەوە لە دوای نەوە ماوەتەوە.

هەموومان پێشوازییە دە هەزار کەسییەکەی بەسرەمان لەبیرە، کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت گەڕایەوە و زۆرینەی کورد کوردانی فەیلی بوون و دواتر کۆمەك و هاوکاریی مەلا مستەفا بارزانیان دەکرد و تەنانەت لە ڕێپێوانە مێژووییەکەی ١١ی ئادار زۆرینەی کوردانی فەیلی بەشدار بوون و ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا، یەکەمین ئێزگەی دەنگی کوردستان بە کۆمەك و هاوکاریی کوردانی فەیلی گەیشتە شۆڕش و تەنانەت کاتێك لەناو جەرگەی بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی کاك ئیدریس بارزانی درا، ئەوانەی پاراستیان کوردانی فەیلی بوون. لەو سەردەمەدا هەرچی کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پارتی بوو لە بەغدا بە ئامادەبوون و پاڵپشتیی کوردانی فەیلی بوو، کاتێك مەلا مستەفا بارزانی، حەبیب محەمەد کەریمی بۆ پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق کرد، خۆ تەنیا لەبەر حەبیب محەمەد کەریم نەبوو، بەڵکو بۆ گەڕانەوەی ئیعتوبار بوو بۆ کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا و عێراقدا. لە ئێستاشدا هەر سەرۆك مەسعود بارزانییە داکۆکیکاری سەرسەختی مافی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستانە و لە ناویاندا کوردانی فەیلی و هەر ئەوە ڕووبەڕووی هەموو داگیرکار و



دوژمنانی کورد دەبێتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان، بۆیە بە هاوشێوەی سەرکەوتنی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی چاوەڕوانین سەنتەرێك بۆ بەدواداچوونی پێشنیارەکانی کۆنگرەکە دابمەزرێت و بەداواداچوون بۆ کەیس و کێشەکانی کوردانی فەیلی بکرێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەیسەکەمان بەجینۆساید بناسرێت و بەڵگەنامەکان کۆبکرێنەوە و گرنگییان پێ بدرێت و کار لەسەر دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێکی پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارەدا بکرێت، ئەمەش دەبێتە خاڵی دەستپێك بۆ پڕۆژە و کاری گەورەتر.


**کاتێک مەلا مستەفا بارزانی، حەبیب محەمەد کەریمی بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق کرد، خۆ تەنیا لەبەر حەبیب محەمەد کەریم نەبوو، بەڵکو بۆ گەڕانەوەی ئیعتوبار بوو بۆ کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا و عێراقدا**

**بە هاوشێوەی سەرکەوتنی کۆنگرەی نێودەوڵەتیی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی چاوەڕوانین سەنتەرێک بۆ بەدواداچوونی پێشنیارەکانی کۆنگرەکە دابمەزرێت و بەداواداچوون بۆ کەیس و کێشەکانی کوردانی فەیلی بکرێت و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەیسەکەمان بەجینۆساید بناسرێت**



# هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوای جیهان





عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەمساڵیش وەك ساڵانی پێشوو کۆنفڕانسێکی دیکەی لایەنەکان لەبارەی گۆڕانی کەشوهەواوە بەڕێوە دەچێت، کۆنفڕانسی لایەنەکان ناسراو بە «کۆپ ئۆف پارتیس» بۆ جاری بیست و هەشتەمینە دەبەسترێت و، هەر ساڵێکیش وڵاتێك میوانداریی دەکات و، هەر ساڵەو لە کیشوەرێك دەبێت، ئەمساڵ لە کیشوەری ئاسیا دەبێت لە ئیمارات.

کۆنفڕانسی لایەنەکان لەماوەی دوو هەفتەدا چەندین کۆبوونەوەی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام دەدرێت، بە ڕەچاوکردنی ئاستەکانی بەرپرسیارێتی وەك کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی وڵاتان و سەرۆك وەزیران و وەزیرەکانی ژینگە

و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و زانکۆکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکە تاکەکان.

ساڵانی ڕابردووش لە کۆنفرانسی لایەنەکان ناسراو بە «کۆپ ٢٦» لە شاری گلاسکۆی بەریتانیا لە ساڵی (٢٠٢١) و، «کۆپ٢٧» لە ساڵی (٢٠٢٢) لە شاری «شرم الشيخ»ی میسر، شاندی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی وەزارەتی ژینگەی عێراق بەشدارییان کرد.

بۆ ئەمساڵیش لە «کۆپ٢٨» لە ئیمارات بە هەمان شێوە شاندی دەستەی ژینگە و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارییان دەبێت، بەڵام لە کۆنفرانسی ئەمساڵ بەشدارییەکی کاراتری هەرێمی کوردستان دەبیندرێت، پاش ئەوەی بانگهێشتنامەی فەرمیی وڵاتی ئیمارات لەلایەن بەڕێز کونسوڵی ئیمارات لە هەرێم گەیەندرایە ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداربوون لە «کۆپ٢٨» لە دوبەی.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق لە ڕێگەی لیژنەی باڵای تایبەت بە گۆڕانکاریی کەشوهەوا لە هەرێمی کوردستان، کە دەستەی ژینگە سەرۆکایەتی دەکات و، نوێنەری زۆرێك لە وەزارەت و دەستەکانیش ئەندامن تیایدا، توانی ئەرکەکانی هەر وەزارەت و دەستەیەك دیاری بکات، لە بواری کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گازە گەرمکەرەکان و خۆگونجاندنیش لەگەڵ هەندێك لە ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

هەروەها لە ڕووی پەیکەریشەوە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی نیشان دا، لەسەر کردنەوەی «بەشی گۆڕانکاریی کەشوهەوا» لە دەستەی ژینگە وەك بەدەمەوەچوونێك بۆ ئەو بایەخپێدانە جیهانییەی کە هەیە بۆ پرسی گۆڕانی کەشوهەوا. لە دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش، ئەمساڵ «تیمی گۆڕانی کەشوهەوا» پێکهێنرا بە سەرۆکایەتیی ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی هەرێم بۆ کاروباری گۆڕانی کەشوهەوا و پەیوەندییەکانی دەرەوە.

ئێستاش وەك ئاوڕدانەوەیەك لەو کارانەی کە لە ماوەی پێشوودا ئەنجام دراون، باشە ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین، لەوانە:

١- بەشداریی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق بە سەرپەرشتیی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لە وۆرکشۆپی ئاستی باڵای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١ بۆ دیاریکردنی ئاستی خواستی عێراق لە (بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکانی عێراق) ناسراو بە «ئێن. دی. سی».

لەو بەڵگەنامەیەدا عێراق و هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن بۆ دیاریکردنی توانا و هەوڵەکانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا بۆ ماوەی (١٠) ساڵی نێوان ٢٠٢١ هەتا ٢٠٣٠، بە مەرجی سەقامگیریی سیاسی لە عێراقدا بۆ ئەوەی بەم کارانە هەستن:

یەکەم: کەمکردنەوەی بڕی دەرهاویشتەکان و گازە گەرمکەرەکان بە ڕێژەی ١٪ تا ٢٪ بە هەوڵی ناوخۆیی.

دووەم: کەمکردنەوەی بڕی دەرهاویشتەکان و گازە گەرمکەرەکان بە ڕێژەی ١٥٪ بە هاوکاریی نێودەوڵەتی.

سێیەم: داواکردنی یارمەتیی دارایی بۆ عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە گوژمەی (١٠٠) ملیار دۆلار بۆ ماوەی هەر ١٠ ساڵەکە لە سندوقی سەوزی کەشوهەوا ناسراو بە «جی. سی. ئێف».

چوارەم: بەرهەمهێنانی بڕی ١٢ گێگاوات لە کارەبا لە سەرچاوەی وزەی خاوێنەوە.

٢- کۆبوونەوەی فراوان لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق بۆ بڕیاردان لە بارەی:

یەکەم: پێویستیی کاراکردن و جێبەجێکردنی پابەندییەکانی نێو بەڵگەنامەی پشکدارییە نیشتمانییەکانی عێراق.

دووەم: بەجێهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی

بەردەوام و قەڵاچۆکردنی هەژاری و پاڵپشتیکردنی توێژ و چینە فشەڵ و زیانلێکەوتووەکان بە هۆی گۆڕانی کەشوهەوا کە هەندێك لە ئاسەوارەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا دەرکەوتوون، وەك کەمئاویی و بەبیابانبوون و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و کەمبوونەوەی رووبەری سەوزایی.

سێیەم: داواکردن لە دەستە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی هەرێمی کوردستان بە تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگە و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزەی نوێبوەوە و خاوێن.

چوارەم: سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ گواستنەوە بەرەو کشتوکاڵکردنی زیرەك و فرەچەشنکردنی ئابووری.

پێنجەم: بایەخدان بە وەبەرهێنانی ژینگەیی و زەمینەسازی و رەخساندنی دەرفەت بۆ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ کارکردن لەبواری وەبەرهێنانی ژینگەییدا، وەك ئەو جۆرە پرۆژانەی کە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، یان بە هۆیانەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئاسەوارەکانیدا، لەنموونەی ئەو پرۆژانە:

١- پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆر و ئاو و با.

٢- پرۆژەکانی دابینکردنی هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتیی بەردەوام.

٣- پرۆژەکانی تایبەت بە بینا و باڵەخانەی ژینگەیی ناسراو بە بیناکردنی سەوز.

٤- پرۆژەکانی تایبەت بە دامەزراندنی بانکی سەوز و دۆزینەوەی هەلی کار و پیشە سەوزەکان.

٥- پرۆژەکانی دامەزراندنی پارێزراوە سرووشتییەکان و پاراستنی بایۆدایڤێرسیتی و فرەجۆریی زیندەوەرەکان.

٦- پرۆژە بچووکەکانی تایبەت بە لاوان و ئافرەتان لە بواری ئەو کارانەی کە ئاسەوارەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا کەم دەکەنەوە.

٧- پرۆژەکانی ریسایکلینی ئاوی قورس و پاشەڕۆکان.

٨- پرۆژەکانی سەوزکردنی شار و زیادکردنی رووبەری سەوزایی.

٩- پرۆژەکانی پاڵاوتنی نەوت بە تەکنۆلۆژیای نوێی ناسراو بە تەکنۆلۆژیای سەوز.

١٠- پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان هەر دوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە بواری دابینکردنی وزەی خاوێندا.

١١- گواستنەوە لە ئابووری ناسراو بە ئابووریی هێڵی ڕاست بۆ ئابووریی ناسراو بە ئابووریی بازنەیی.

بۆ ئاینده و داهاتووش زۆر هەنگاوی پێویست هەن، بنرێن لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا وەك:

١- لە بواری پەروەردە: باشترکردنی پرۆسە و پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن لە بواری گۆڕانی کەشوهەوا.

٢- لە بواری ڕاگەیاندن: زیادکردنی بەرنامەی هۆشیاری لە بارەی گۆڕانی کەشوهەوا.

٣- لە بواری تەندروستی: هۆشیاریدان لە بارەی ئەو نەخۆشییانەی کە بە هۆی گۆڕانی کەشوهەواوە دێنە ئاراوە.

٤- لە بواری ئاسایش: روانینە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و وشکەساڵی و بەبیابانبوون وەك بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانی.

٥- لە بواری کشتوکاڵ: بەئاگابوون لە ئاسایشی خۆراك و زیادکردن و پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و ڕووکردنە کشتوکاڵکردنی زیرەك.

٦- لە بواری وزە: زیادکردنی وزەی بەرهەمهێنراو لە سەرچاوەکانی وزەی خاوێن.

٧- لە بواری ئاو: بایەخدانی زیاتر بە کۆکردنەوەی ئاو و باشتر دابەشکردنی و کەمتر بەفیڕۆدانی.

٨- لە بواری ئابووری: گۆڕینی بەرهەمهێنان لە ئابووریی کۆنەوە بەرەو ئابوورییەکی بەردەوام و بەهێز و فرەجۆردا.

٩- لە بواری وەبەرهێنان: بایەدانی زیاتر بە پرۆسەی وەبەرهێنانی سەوز و پرۆژەی ژینگەیی و ڕەچاوکردنی مەرجە ژینگەییەکان.

١٠- لە بواری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی: کردنەوەی زیاتری بەشەکانی زانستە ژینگەییەکان و بایەخدانی زیاتر بە توێژینەوەکانی پەیوەست بە کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

# خواستی قوتابییانی زانکۆ لەسەر چەند بەشێکی دیاریکراوە و چەندین بەشیش لە ئاستی داخستندان



لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك بەش و پسپۆڕی هەن، ساڵانە دەرچووانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی فۆڕم بۆ ئەو بەشە پڕدەكەنەوە كە دڵخوازیانە، بەپێی بەدواداچوونەكان لە ئێستادا زۆرترین خواستی فێرخوازانی زانكۆ لەسەر بەشە پزیشكییەكانە بە گشتی، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە كە بەشە پزیشكییەكان دەرفەتی كاریان زیاترە، هەر بۆیە دەگوترێت بەشێكی زۆری قوتابییانی زانكۆ لە پسپۆڕییەكەی خۆیان قووڵ نابنەوە و دوای دەرچوون بەپێی پێویست لە زانیاریی پسپۆڕییەكە پڕ زانست نین. چۆن دەكرێت هانی قوتابییانی زانكۆ بدرێت، بۆ ئەوەی زیاتر لە پسپۆڕییەكانی خۆیان قووڵ ببنەوە، بە مەبەستی وەدەستهێنانی هەلی كار و بەردەوامبوون لە فێربوونی زانست؟ ئایا چۆن دەكرێت بە كردار وەبەرهێنان لە ئەقڵی مرۆڤەكاندا بكرێت، نەوەك تەنیا بڕوانامە ببەخشرێتەوە؟ مامۆستایانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەكان دەدەنەوە.

گوڵان: كۆمەڵایەتی



**بەشێکی زۆری قوتابییانی زانکۆ لە پسپۆرییەکەی خۆیان قووڵ نابنەوە و دوای دەرچوون بە پێی پێویست لە زانیاریی پسپۆرییەکە پڕ زانست نین**

**کاری لە پێشینەی حکومەت دابینکردنی خوێندن و فێرکردنە بۆ قوتابییان بە ئاستێکی بەرز و بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیر و ئامادەکراو بۆ بازاڕی کار و دروستکردنی دەستی کاری کارامە و لێهاتوو و ڕاهاتووە**

**ئەمساڵ ٤٧ هەزار قوتابی پۆلی ١٢ یان تەواو کردووە، تەنیا ١٥ هەزاری بەشی ئەدەبی بووە، هۆکارەکەی ئەوەی دەرچووانی بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان دوای دەرچوون کاریان دەستناکەوێت**

بەپێی چەند سەرچاوەیەك بۆ خوێندنی ئەمساڵ بەش هەیە دوو قوتابی تێدا وەرگیراوە، بەپێی هەمان سەرچاوە لە بەشەکانی فەلسەفە، شوێنەوار و کۆمەڵناسیی زانکۆی سەلاحەدین هەر بەشەو یەك قوتابی وەرگیراون، هاوکات لە زانکۆی گەرمیان هیچ قوتابییەك لە بەشەکانی مێژوو و جوگرافیا وەرنەگیراون، لە کاتێکدا بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەر بەشێك کەمتر لە ١٠ قوتابی هەبێت، ئەو بەشە ناکرێتەوە و پێویست دەکات قوتابی بەشەکەی خۆی بگوازێتەوە.

ئاشنا بابان مامۆستای زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ساڵانە کۆمەڵێك قوتابی لە پۆلەکانی ١٢ـەوە دەچنە قۆناغێکی نوێی خوێندن، لە زانکۆ و پەیمانگاکان، واتا دەستپێکی خوێندن لەو بەشەی ئارەزوو و خواستی خۆی بووە، هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی ١٢ ساڵی خۆی و خێزانی بۆ گەیشتن بەو بەشەی دڵخوازی خۆیەتی.

دەزانین ئاوات و خەونی هەموو دایك و باوکێك دابینکردنی داهاتوویەکی پڕشنگدارە بۆ منداڵەکانی، بۆیە هەر لەو ڕوانگەیەوە کاری لەپێشینەی حکومەت دابینکردنی خوێندن و فێرکردنە بۆ قوتابییان بە ئاستێکی بەرز و بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیر و ئامادەکراو بۆ بازاڕی کار و دروستکردنی دەستی کاری کارامە و لێهاتوو و ڕاهاتووە، هەندێك جار نمرەی قوتابییەکە کە لە پۆلی ١٢ بە دەستی دەهێنێت، لە ئاستی خواستی خۆی نییە، بۆیە ئەو بەش و کۆلێژەی دڵخوازی خۆیەتی لەوێ وەرناگیرێت. ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە وەك عورفێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە خواست لەسەر کۆلێژی پزیشکی و ئەندازیاری و دەرمانسازییە و ئەو بەشانەش پێویستیان بە کۆنمرەیەکی بەرز هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو بەشێك گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەیە لە بازاڕی کار و لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و نیشتماندا، هۆکارێکی دیکە بۆ نەبوونی خواستی قوتابی بۆ هەندێك لە بەشەکان ناڕوونیی داهاتووە، کاتێك دەرچوون لە زانکۆ و پەیمانگا کاریان دەست ناکەوێت و قوتابیان زیاتر خواستیان لەسەر ئەو بەشانەیە کە دوای دەرچوون کاریان دەست دەکەوێت، دەشێت بڵێین بەشە پزیشکییەکان و شیکاریی نەخۆشی و ئەو بەشانەی لە بواری تەندروستیدان بازاڕیان باشترە بەراورد بە هەندێك بەش، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو بەشێك گرنگیی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی قوتابی خۆی بدۆزێتەوە لەو بەشەی دڵخوازی خۆیەتی، پێویستە حکومەت بازاڕی کاری بۆ بڕەخسێنێت و کەرتی تایبەت هاوکاری حکومەت بێت بۆ دابینکردنی هەلی کار و لە هەمووی گرنگتر مەرجەکانیان ئاسان بێت بۆ دامەزراندن، نەك وەك ئەوەی ئێستا کە بەداخەوە لە زۆریك لە کەرتە تایبەتەکان گرنگی بە بڕوانامە نادەن و زیاتر وەك مەرجی وەرگرتن، پێداگری لەسەر زانینی زمانی بێگانەی وەك ئینگلیزی و عەرەبی و...دەکەن، لە کاتێکدا هەندێك کار پەیوەستە بە بڕوانامە و ڕاستە زمان زانین گرنگە، بەڵام دەکرێت کارئاسانی بکرێت. لە لایەکی دیکەوە واسیتە و خزم خزمێنە هۆکارێکی دەست نەکەوتنی هەلی کارە و بووەتە هۆی بێ ئومێدیی گەنج و پێیوایە ئەگەر بەشێك بخوێنێت، ڕەنگە لە داهاتوو کاری دەست نەکەوێت.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ سەبارەت بە ڕێکارەکانی چارەسەر دەڵێت: «بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت، یان لایەنی کەم هەوڵ بدرێت کەم بکرێتەوە و قوتابی هەموو بەشەکانی لا گرنگ بێت بێ جیاوازی، دروستکردنی هەلی کار و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی و گرنگیدانە بە هەموو بەشێك بۆ کۆمەڵگە، چونکە کۆمەڵگە پێویستی بە هەموو جۆرە دەستی کارێکە کە لە ڕێگەی زانستەوە ئامادەباشی بۆ بکرێت».

د. هەرێم حەسەن ئەحمەد سەرۆکی بەشی مێژوو زانکۆی ڕاپەڕین، سەبارەت بە کەمبوونەوەی خواست لەسەر بەشەکانی زانستە مرۆییەکان چەند هۆکارێك دەخاتەڕوو و دەڵێت: «یەکەم هۆکار زاڵبوونی سیستمی سەرمایەدارییە لە جیهاندا، کە وای کردووە ئەو کێشەیە وەك کێشەیەکی جیهانی بەجەستەیە، واتە تەنها لە کوردستان ئەو دیاردەیە بوونی نییە، لە وڵاتانی ئەورپاش وایە زانستە مرۆڤایەتیەکان خەڵك ڕووی تێناکات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە وڵاتانی ئەوروپا پیشەسازین و کارگەی زۆر هەیە خەڵك هەستی پێ ناکات. ئەگینا لە ئەوروپاش ساڵانە هەزاران کەس زانستە مرۆییەکان تەواو دەکەن و لە بەشی خۆیان کاریان دەست ناکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانە ژێر خانی ئابووری بەهێزیان هەیە و کارگەیان زۆرە لە بواری دیکەدا کار دەکەن.»

هەروەها گوتی: «من لە ساڵی ٢٠١٣ کە ماستەرم تەواو کرد لە بەریتانی ئەوەم بینی لەوێ، ئەوکات لە کوردستان بارودۆخی ئابووری زۆر باش بوو شەڕی داعش ڕووی نەدابوو خەڵکێکی زۆر لە ئەوروپا دەهاتنەوە کوردستان، تەنانەت ئەو کاتە لە بەریتانیا چەندین زانکۆ بەشەکانی مێژوو و جوگرافیا و فەلسەفە قوتابیان نەبوو داخران. هۆکاری دووەم دەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی، چونکە ساڵانی ڕابردوو هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کە زانکۆکان لە کوردستان دروستکران، بە بەشی زانستە مرۆییەکان دەستیان پێکرد، نموونەی بەشی کوردی و عەرەبی و مێژوو و جوگرافیا و فەلسەفە، ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زۆر ببنە خاوەن بڕوانامە لە زانستە مرۆییەکان، ئەمەش وای کرد هەڵاوسان لە بڕوانامە ڕووبدات. خاڵێکی تر کە دیسان بێ پلانی حکومەتە کە لە زۆربەی قەزا و ناحیەکان زانکۆ کرایەوە دیسان بە زانستە مرۆییەکان دەستی پێکرد، دەتوانم

بڵێم ٩٨٪ ئەو دەرچووانە تائێستا دانەمەزراون، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە زانستە مرۆییەکان بابەتێکی ئاسانترە بە بەراورد بە زانستە سروشتییەکان بۆیە خەڵکێکی زۆر بڕوانامە لەو بوارە دێنێتەوە، بۆ نموونە بەهۆی ئاسانی مەنهەجی وەزارەتی پەروەردە کە پرسیارەکان بە هەڵبژاردن وەڵام دەدرێنەوە و ماددەکان کەمکراونەتەوە. هۆکارێکی تر بۆ زۆربوونی بڕوانامە بوونی قوتابخانەی شەوانەیە کە خەڵکانێکی زۆر لە کاسبکاران گەڕاونەتەوە قوتابخانە، هەروەها تاقیکردنەوەی دەرەکی زەربەیەکی زۆری لە زانستە مرۆییەکان داوە، ساڵانە سەدان کەس تاقیکردنەوەی دەرەکی ئەنجامدەدەن و ٩٠٪ لە زانستە مرۆییەکان دەخوێنن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە ئێستا قوتابی بەشی ئەدەبی نەماوە».

سەرۆکی بەشی مێژووی زانکۆی ڕاپەڕین لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «ئەمساڵ ٤٧ هەزار قوتابی پۆلی ١٢ یان تەواو کردووە، تەنیا ١٥ هەزاری بەشی ئەدەبی بووە، هۆکارەکەی ئەوەی دەرچووانی بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان دوای دەرچوون کاریان دەستناکەوێت و ئەو بەشە ناتوانێ لەگەڵ بازاڕ خۆی بگونجێنێت. چونکە دەرفەتەکانی کار کۆمپیوتەر و کارگێڕی و ژمێریاری و بازرگانی و یاسای دەوێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سروشتی کۆمەڵگەی کوردی وایە زیاتر بایەخ بە زانستە سروشتییەکان دەدات بە تایبەت پزیشکی و ئەندازیاری.»

د. ماجید خەلیل مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەوەی وای کردووە کە هەندێك لە بەشەکان قوتابی بۆ دانەنراوە، پەیوەندی بە پرسێکی کاریگەری کەلتووری و خوێندنی باڵاوە هەیە، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا زانکۆکان ڕووبەڕووی بوونەوە». گرفتەکانیشی لەم خاڵانەدا خستەڕوو:

یەکەم: ئەو سیستەمەی کە قوتابی بەسەر بەش و کۆلێژی زانکۆکاندا دابەش دەکات، وا بۆ دوو ساڵە گرفتەکەی تۆختر بووەتەوە. بۆ نموونە لۆژیکییەن دەیسەلمێنین پەیوەندی بە خواستی قوتابییەوە نییە، واتە بەشی وا هەیە لە ساڵی ٢٠٢١ دا ٨٠ خوێندکاری بۆ ڕۆیشتووە، کەچی لە ٢٠٢٢ و ئەمساڵدا یەك خوێندکاری بۆ چووە. کەواتە لێرەدا پێویستمان بە گەڕان نییە بۆ هۆکارەکە، چونکە پەیوەندی بە قبووڵی ناوەندییەوە هەیە کە هەڵەی تێدایە.

دووەم: هەڵەیەکی دیکە ئەوەیە ساڵانێکە لۆژیکێکی لابەلای بێ ئاگا لە بابەتی نەتەوە و نیشتمان و ئایندەسازی، لۆژیکێکی دابڕاو لە دونیابینی پەروەردە و پرسی هەرە جددیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، پێی وایە هەر بەشێك بازاڕی نەبوو، دەبێت دابخرێت. بیرکەرەوانی ئەم ئەدەبیاتی تێگەیشتنە لە وڵاتانی دیکەدا، (هەڵبەتە وڵاتانی بە فەرهەنگ دەڵێم)، شایانی دادگایی کردنن.

هەرچەندە گرنگە بایەخ بە کەرتێکی زانستی بدرێت کە بازاڕ پێویستییەتی، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەلف بۆ یای یادەوەری نەتەوەییمان نیازی بە بازاڕ بێت. هاوکات لەم ساڵانەدا بەشە پزیشکییەکان بە لێشاو قوتابی لەخۆ گرت، ئەمەش لە بەهای بابەتییانەیان دێنێتە خوارەوە، ئەوەتا لە گەرمیان مانیان گرتووە و خەریکە ڕەنج بەخەسار دەبن، چونکە تاقیگە و مامۆستای نییە. لە چەرمۆ زۆربەیان داخران، بۆیە ڕاستە هەموو بەشێك گرنگە و پێویستە بایەخی هەبێت. ڕەنگە هۆکارێکی ئەو بەشانەش کە قوتابی بۆ ناچێت، لاوازیی ئەدای سەرۆك بەشەکان و ستافەکان بێت، کە نەیانتوانیوە بوونی بەشەکە لەنێو قوتابیدا زیندوو ڕابگرن، یان نەیانتوانیوە چالاکانە چارەنووسی بەشەکە بە داخستن نەدەن».

د. سندس عەلی مامۆستای زانکۆ، بۆچوونی وایە: «ئەو دیاردەیە ڕەنگدانەوەی بازاڕی کۆمەڵگەی ئێمەیە، بۆ نموونە پزیشکەکان بازاڕی باشیان هەیە، بۆیە قوتابی زیاتر دەچێتە ئەو بەشە، بەڵام هەندێك بەش هەیە لەبەر ئەوەی بازاڕی نییە، واتە پارەی لێ دەست ناکەوێت، قوتابی هەر لە سەرەتاوە پڕی ناکاتەوە، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی قوتابی هەندێك جار بەبێ ئەوەی حەزی هەبێت، دەچێتە بەشێك و پرۆفیشناڵیەتی ئاستی دادەبەزێت، بەوەش خواستی پسپۆڕیمان تا دێت کەم دەبێتەوە. واتە سەرکەوتن بەوە نییە کە پلەیەکی بەرزت هێنابێت، بەڵکو دەبێت پێشتر خواستت لەو بەشە هەبێت لەڕووی جەستەیی و لە ڕووی فکری و دەروونیشەوە، نەك لەبەر ئەوەی کە ئەم بەشە پارەی تێدایە، یان بازاڕی زۆرە».

سەبارەت بە ڕێگە چارەسەریش گوتی: «پێویستە لە پۆلی نۆی ناوەندییەوە پسپۆڕییەکان جیا بکرێنەوە و بەپێی خواستی قوتابی بێت و تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە ڕەچاوی نمرەکانی لە پۆلی نۆ دەکەن، پێشتریش قوتابییەکە لە بیرکاری و لە زیندەزانیدا زۆر زیرەك بووبێت، دیارە حەز و خولیا و خۆشەویستییەکی بۆ ئەم وانانە هەبووە، بۆیە تێیدا زیرەك و سەرکەوتوو بووە، بۆیە ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی لەم شێوەیە بکرێت و بەپێی ئەم تاقیکردنەوە خواستی پسپۆڕی دابنرێت، بەم پێوەرانە و پرسیارکردن لە خۆی لە دەوروبەری و لە کەشی دەکرێت، بزانرێت ئەم قوتابییە خواستی لەسەر چییە، بەوەش لە بری ئەوەی پزیشکمان زۆر بێت، خواستی پسپۆڕیمان زۆر دەبێت». گوتیشی: «بە ڕای من پێویست ناکات قوتابی کە پۆلی نۆی تەواو کرد و چووە پۆلی دە، هەموو وانەکانی کیمیا و فیزیا و زیندەزانی و...هتد بخوێنێت. ئێستا زانستی و ئەدەبی جیا کراونەتەوە، زانستییەکەش کوردی و عەرەبی و زمانەکان هەر دەخوێنن، ئەمە شتێکی بێمانایە».

**هەندێک جار نمرەی قوتابییەکە کە لە پۆلی ١٢ بە دەستی دەهێنێت، لە ئاستی خواستی خۆی نییە، بۆیە ئەو بەش و کۆلێژەی دڵخوازی خۆیەتی لەوێ وەرناگیرێت**

**وەک عورفێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە خواست لەسەر کۆلێژی پزیشکی و ئەندازیاری و دەرمانسازییە و ئەو بەشانەش پێویستیان بە کۆنمرەیەکی بەرز هەیە**

**واسیتە و خزم خزمێنە هۆکارێکی دەست نەکەوتنی هەلی کارە و بووەتە هۆی بێ ئومێدیی گەنج و پێیوایە ئەگەر بەشێک بخوێنێت، ڕەنگە لە داهاتوو کاری دەست نەکەوێت**

# تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان

ژینگەی کۆمەڵگا بریتییە لەو بارودۆخەی کە تاك تێیدا لە دایك دەبێت، گەشە دەکات، دەژیت و کار دەکات، بۆیە تاك زۆر جار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێك هزر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا، چونکە ئێمەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و لە کۆمەڵگادا دەژین و تاك ڕەنگە لە هەر قۆناغ و تەمەنێك ڕووبەڕووی شڵەژان و نەخۆشیی دەروونی ببێتەوە، بەم توێژەران ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵگاوە هەیە لە ئاستێکی بەرز و باشدایە، وەکو پەیوەندیی نێوان تاك و خێزان و هاوڕێ، لە ڕووی جەستەوە تەندروستترن و زیاتر دەژین، لە هەمان کاتدا ئەوانە کەمتر تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبنەوە، بەراورد بەو کەسانەی کە کەمتر پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە دەکەن و گۆشەگیرن.

**توێژەران ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە کۆمەڵگاوە هەیە لە ئاستێکی بەرز و باشدایە، وەکو پەیوەندیی نێوان تاك و خێزان و هاوڕێ، لە ڕووی جەستەوە تەندروستترن و زیاتر دەژین**

توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن، هەموو تاکەکان کە لەدایك دەبن، هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتن کە ڕەنگە لە داهاتوو ڕووبەڕووی شڵەژان، یان نەخۆشیی دەروونییان بکاتەوە. نەخۆشییە دەروونییەکانیش هەروەکو نەخۆشییە جەستەییەکان ئاساییە لە هەر تەمەنێك و قۆناغێك ڕووبەڕووی تاك ببێتەوە، چونکە وەکو هەر نەخۆشییەکی جەستەیی دەتوانرێت لەلایەن پسپۆڕی دەروونی و ڕاوێژکاری دەروونی چارەسەر بکرێت، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کاتێك کەسێك تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێت، خێزانەکەی تووشی شەرمەزاری دەبنەوە لەلایەن کۆمەڵگاوە، چونکە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی نەرێنی و کەم بایەخ سەیری نەخۆشەکە دەکەن و شێوازی مامەڵەکردنیان بەراورد بە کەسێکی ئاسایی کەمترە، ئەم جیاوازییەش وا لە تاکی دەروون نەخۆش دەکات، حاڵەتەکەی بەرەو خراپتر ببات. لە کۆمەڵگای ئێستا کاتێك بە کەسێك دەوترێت «دەروون ناساغ» ئەوا بە مەترسیدار، یان شێت لە قەڵەمی دەدەن و ڕووبەڕووی گاڵتەپێکردن دەبێتەوە، لەلایەن دەوروبەری، لە کاتێکدا ئەوانەی نەخۆشیی دەروونیان هەیە، یان ڕووبەڕووی شڵەژانێك بوونەتەوە، زیاتر پێویستییان بە پاڵپشتی و گرنگیپێدانە، بۆ ئەوەی حاڵەتەکەیان لەلا ئاسایی ببێتەوە.

**ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی خراپدا گەشە دەکەن، ئەگەری ئەوەیان هەیە زیاتر تووشی گرفت و نەخۆشیی دەروونی ببنەوە، وەکو کێشەکانی فێربوون و شەڕانگێزی**

هۆکاری تێڕوانینی هەڵەی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوەی بۆ چەند شتێکی نادروست و دوور لە ڕاستی سەبارەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان! لە کاتێکدا هۆکاری سەرەکی بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە دەروونییەکان ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی خێزانە» بۆ ئەوەی تاك لە هەر حاڵەتێك تووشی شڵەژان ببێتەوە و دواتر چارەسەرنەکردنی گەشە دەکات و دەبێتە نەخۆشیی دەروونی.

نەبوونی زانیاریی پێویست خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی لەلای تاك ئاسایی نەبێت، کاتێك تووشی گرفتی دەروونی دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا پەیوەستکردنی نەخۆشیی دەروونی بە کارێکی خراپ واتا کاتێك هەر کردەوەیەکی تاوان، یان توندوتیژی ئەنجام بدرێت، ئەوا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پەیوەستی دەکەن بە نەخۆشیی دەروونی، بۆیە لێرەدا بیروبۆچوونێکی هەڵە لەلای تاکی کۆمەڵگا دروست دەبێت و تێڕوانینی نەرێنی سەبارەت بە نەخۆشیی دەروونی دروست دەبێت، بەوەی کە گوایە هەموو ئەو کەسانەی نەخۆشیی دەروونییان هەیە، مەترسیدار و توندوتیژن و کردەوەی تاوانی ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەمەش لە کاتێکدایە کە



**ئیمان محەمەد شێرکاوەیی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

زۆر جار ئەو کەسانەی نەخۆشیی دەروونییان هەیە، دەبنە قوربانیی کۆمەڵگا. چونکە ئەوانەی دەروون دروست نین، ڕەنگە کەسانێك بن کە هیچ زیانیان بۆ کۆمەڵگا و کەسانی دەوروبەر نەبێت. بێگومان کۆمەڵگا هۆکارە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی، بەڵام هەندێك لە نەخۆشییە دەروونییەکان بە ڕێگەی کرۆمۆسۆمەکانەوە دەگوازرێتەوە، واتا بە شێوەی بۆماوەیی لە تاکدا دروست دەبێت و دەبێتە بەشێك لە سیماتی کەسایەتیی ئەو تاکە و لەگەڵی گەشە دەکات، بەڵام دەکرێت لە ژینگەیەکی باش و تەندروست بتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. جیا لەمانە چەند هۆکارێکی دیکەی گرنگ و سەرەکی هەن، کە وا لە تاك دەکات، ڕووبەڕووی شڵەژان و گرفتی دەروونی ببێتەوە، وەکو پەروەردەی هەڵە و ژینگەی ناسەقامگیر.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانیا دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی لە ژینگەیەکی خراپدا گەشە دەکەن، ئەگەری ئەوەیان هەیە زیاتر تووشی گرفت و نەخۆشیی دەروونی ببنەوە، وەکو کێشەکانی فێربوون و شەڕانگێزی. هەروەها نایەکسانیی کۆمەڵگا هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی تاك تووشی گرفتی دەروونی ببێتەوە، چونکە تاك لێرەدا هەست بە بێبەشبون دەکات و کاریگەری دەبێت لەسەر کەمیی بڕوابەخۆبوون و تووشی نائومێدی و گۆشەگیری دەکات.

بە هۆی ئەوەی ئێمە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و پەیوەندیمان بە کەسانی دەوروبەرمانەوە هەیە، ڕەنگە زۆر جار لە دەستدانی کەسێکی ئازیز تاك تووشی زەبر، یان شۆکی دەروونی و خەمۆکی بکات. بە هەمان شێوە تێپەڕاندنی ڕووداوێکی سەخت و نەخوازراو تاك تووشی شڵەژانی دەروونی دەکات.

یەکێك لە خاڵە گرنگەکان بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی، ئاستی کەمیی داهاتی ئابووری و هەژارییە. نوێترین توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە پەیوەندیی بەهێز هەیە لەنێوان هەژاری و بێکاری بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی و تاوان. هەروەها ئەوە دەرکەوتووە، کەوا پەیوەندی هەیە لە نێوان نەخۆشیی دەروونی و پلەکانی گەرما و کەشوهەوا، واتا زیاتر ئەو کەسانەی کە لە ژینگەیەکی گەرمدا دەژین، ئەگەری هەیە تووشی نەخۆشیی دەروونی ببنەوە. یەکێکی دی لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ڕەنگە زۆر جار بە هۆی فشاری کارەوە، یان فشاری خوێندن، تاك تووشی نەخۆشییەکی دەروونی ببێتەوە، هەروەها بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و خواردنەوە کحوولییەکان بە یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکان دادەنرێن، بۆ ئەوەی تاك تووشی نەخۆشیی دەروونی ببێت. هەموو ئەو لایەنانە و چەندین لایەنی دی کاریگەرن بۆ ئەوەی تاك تووشی نەخۆشیی دەروونی ببێت، بۆیە لێرەدا تاك پێویستی بە پاڵپشتیکردنی کەسانی دەوروبەرە، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا بگونجێنێت.

هەر بۆیە ژینگەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورە دەگێڕێت لە دەروون دروستیی تاکەکاندا، هەروەها بوونی کەسانی نزیك و متمانەپێکراو لە ژیانی تاکدا، دەتوانێت ژینگەیەکی ئەرێنی بۆ بڕەخسێنێت و توانای خۆگونجاندنی زیاتر بێت.

**نوێترین توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە پەیوەندیی بەهێز هەیە لەنێوان هەژاری و بێکاری بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دەروونی و تاوان**

**بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و خواردنەوە کحوولییەکان بە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان دادەنرێن، بۆ ئەوەی تاك تووشی نەخۆشیی دەروونی ببێت**



زۆیا بۆگوڵان:

# سەرەڕای ئاستەنگەکان هونەری کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان پێشکەوتووە

زۆیا لە ڕۆژئاوای کوردستان دەستی بە کاری هونەری کرد، سەرەتا زیاتر بە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ناسرا بوو، دواتر چەند بەرهەمێکی دیکەشی بڵاو کردەوە، ماوەیەك لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوو و چەندین بەرهەمی جیاجیای پێشکەش کرد، دواتر ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کرد و ئێستا لەوێ نیشتەجییە و بەردەوامە لە پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی دایـنەوە.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە لە ئەورووپا ڕووبەڕووتان دەبنەوە؟**

- یەکێك لە ئاستەنگە گەورەکانی سەر ڕێگەی هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا بریتییە لە نەبوونی گرووپی مۆسیقای پرۆفیشناڵ، کۆکردنەوەی کۆمەڵێك مۆسیقاژەن لە شوێنێك و کاتێکی دیاریکراودا، کارێکی زۆر قورسە بۆ ئەوەی بتوانین پرۆڤەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی هونەریی نوێ بکەین، بەڵام لە کاتی سازکردنی ئاهەنگە تایبەتەکان و کۆنسێرتەکان کە لە شارەکاندا بەڕێوە دەچن کۆدەبینەوە، مۆسیقاژەنی پیشەگەری کورد لە ئەورووپا ژمارەیان زۆرە، بەڵام هەموویان لە شار و وڵاتێکدا کۆ نەبوونەتەوە، بە گشتی نەبوونی مۆسیقاژەن بە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی ئێستامان دادەنرێت.، چونکە کۆکردنەوەیان لە شارێکی دیاریکراودا پێویستی بە هەوڵێکی ماددی زۆر هەیە کە هونەرمەند ناتوانێت لە ئەستۆی بگرێت.

*** سەرەتا بەرهەمەکانت زیاتر فۆلکلۆری بوون، ئێستاش لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوامی؟**

- لە ڕاستیدا من فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردیم خۆشدەوێت، لە ئەلبوومەکانی پێشوودا بەرهەمی فۆلکلۆریی زۆر هەبوون کە مایەی ڕەزامەندیی جەماوەر بوون و یەکێك بوون لەو هۆکارانەی کە منیان بە جەماور ناساند و سەرنجی ڕاکێشان، لە بەرهەمی داهاتووشمدا چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری پێشکەش دەکەم، دڵنیام کە دەبنە مایەی ڕەزامەندی جەماوەر، چونکە لە زۆر ڕووەوە جیاوازن و زۆر ماندوو بووم لە ئەنجامدانیان، بەڵام لە ئێستادا نامەوێ ئاشکرایان بکەم و ئەم بابەتە بە سوپرایزێك بۆ جەماوەر دەهێڵمەوە.

*** ئەو خۆشەویستییەت بۆ فۆلکلۆر لە چییەوە سەری هەڵداوە؟**

- ڕاستییەکە ئەوەیە کە من کەسێکم فۆلکلۆرم خۆش دەوێت و بە خۆشەویستیی فۆلکلۆرەوە گۆرانی دەڵێم و بەردەوام دەبم لە گوتنی گۆرانیی فۆلکلۆر، هەوڵ دەدەم لەسەر ئەو ستایلە بەردەوام بم تا ئەو کاتەی لە بواری هونەریدا کار دەکەم.

*** پێشتر ڕات گەیاندبوو کە حەز دەکەی بە ئەکادیمی هونەر بخوێنیت، ئەو ئاواتەت هاتووەتە دی؟**

- راستە لە منداڵییەوە خەونی من خوێندن بوو لە بواری مۆسیقا و گۆرانیدا، بەردەوامیش دەبم لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو خەونە، بە داخەوە تا ئێستا دەرفەتی خوێندنی هونەرم نەبووە بۆ ئەوەی مۆسیقاو گۆرانی بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێر بم، بەڵام لە داهاتوودا بەنیازم ئەوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی بکەم، چونکە هەمیشە خەونی من بووە و هەوڵیشی بۆ دەدەم، چونکە گەیشتن بە ئاستی زانیاریی بەرز لە بواری گۆرانی و مۆسیقا کارێکی پێویستە بۆ هونەرمەند.



*** هەفتانە چەند ڕۆژ وەرزش ئەنجام دەدەیت؟**

- هەوڵ دەدەم هەفتەی دووجار وەرزش بکەم، بەڵام لە ئەوروپا ئەمە زۆر قورسە بەهۆی کەمیی کات، سەرەڕای ئەوەش لە کۆتایی هەفتەدا ڕۆژێك وەرزش ئەنجام دەدەم، هەوڵ دەدەم ماوەیەکی زۆربەپێ بڕۆم، وەرزش بە گشتی و ڕۆیشتن بەتایبەتی زۆر گرنگە بۆ تەندروستی مرۆڤ.

*** لە ئەوروپا چ کارێك ئەنجام دەدەیت؟**

- جگە لە گۆرانیگوتن، کارێکی تایبەتم هەیە لە ئەڵمانیا ئەنجامی دەدەم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەشداری کۆنسێرت و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەکەم، هەروەها بەشداری لە ئاهەنگە خێزانییەکانیش دەکەم، پێم خۆشە لە هونەر و جەماوەری خۆم دوور نەکەومەوە و بەردەوام لە پەیوەندیدا بم لەگەڵیان، چونکە بە یەکەم سامانی خۆمی دەزانم، هونەر کارە و ئەمە خولیای منە سەرەڕای ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم کاری هونەری.



*** کاری داهاتووت چییە؟**

- ئێستا خەریکی خۆئامادەکردنم بۆ تۆمارکردنی ژمارەیەك بەرهەمی هونەریی نوێ، لەوانە گۆرانییەکی فۆلکلۆریی کۆن کە دووبارە بە شێوازێکی نوێ دەیڵێمەوە، دوو گۆرانیی نیشتمانی، گۆرانییەکی تایبەت بۆ جەژنی نەورۆز، بێگومان دوای تۆمارکردنی ئەو گۆرانییانە وێنەیان دەگرم و بە ڤیدیۆ کلیپێك پێشکەشی بینەرانی خۆشەویستی دوکەم لە هەر شوێنێکی جیهان بن.

*** هونەر لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چ دۆخێکدایە؟**

- هونەرمەندان لە ڕۆژئاوای کوردستان جیاوازن، بە باشترین شێوە بەرهەمی هونەریی بەتایبەت مۆسیقای فۆلکلۆری پێشکەش دەکەن، سەرەڕای ئەو هەلومەرجەی کە ڕۆژئاوای کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت لە ڕووی شەڕ و کێشەکانی ئەوێ، بەڵام ئەوان بەرهەمی هونەریی بەباشی ئامادە دەکەن و لەلایەن جەماوەری کورد لە هەموو جیهاندا پێشوازییان لێدەکرێت، ئامۆژگاریم بۆ ئەم گەنجانەی گۆرانی فۆلکلۆری پێشکەش دەکەن، ئەوەیە کە نابێت هیچ وشەیەك لە تێکستی گۆرانی فۆلکلۆر بگۆڕدرێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەم گۆرانییە و ڕەخنەی توندیان لێدەگیرێت لەلایەن جەماوەر و پسپۆڕانەوە، هیوادارم هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی هونەرەکەیان بەرەوپێش ببەن و بە باشترین شێوە ئەو کارە بکەن، لە هەمان کاتدا ڕەسەنایەتیی فۆلکلۆری کوردی بپارێزن.

*** ڕۆژانە چەند کاتت بۆ سۆشیال میدیا تەرخان دەکەی؟**

- ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی هەموو کەسێك، مرۆڤەکان پەیوەندیی بەردەوامیان هەیە بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە دڵنیاییەوە وەك هونەرمەندێك گرنگی بەم بابەتە دەدەم و ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێتەوە دەخوێنمەوە، هەروەها خۆم چالاکی و کارە هونەرییەکانم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکەمەوە، جا فەیسبووك بێت یان تێلێگرام یان ئینستاگرام، بەڵام کۆمێنت و لێدوان هەیە کە لە ڕێگەی سۆشیال میدیا یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆم دێت، وا دەکات هەست بە بێزارییەکی زۆر بکەم لێیان، چونکە خەڵکێك لە ماڵەکانیان دانیشتوون هیچ شتێکیان نییە تەنیا کۆمێنت بڵاودەکەنەوە و ڕەخنە لە هەموو ئەو شتانە دەگرن کە لە مێشکیاندایە، بەبێ ئەوەی ڕەخنەکانیان بنیاتنەر بێت یان لەسەر بنەما زانستییەکان بن، بە گشتی پەیوەندییەکی بەهێزم لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، هەروەها چەند کەسێك هاوکاریم دەکەن لەم کارەدا بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام لە پەیوەندیدا بم لەگەڵ جەماوەرەکەم.

# تێزی دکتۆرا لە بواری هونەرەکان.. ئەزموون و هەنگاو بەرەو پێشەوە



فەرهەنگ غەفوور

هونەر لەناو گەلێکی داگیرکراو و بەش بەشکراو و ستەملێکراوی وەك کورد، وەك زمان و کلتوور و کەلەپوورەکەی، دەستاودەست و زارەوزار هاتووە و پارێزراوە و گەیەنراوەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، دەنا لەناو ئەو هەموو ڕاوەدوونان و مەرگەساتەدا، زۆر زەحمەت بوو خۆی بگرێ و گەشە بکات، بەڵام باوانمان وێڕای خەبات بۆ مانەوە، وێڕای کار بۆ بنیاتنانەوەی زێدی خاپوور، وێڕای کەسابەت بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی، زۆر جوامێرانە و بەوپەڕی هەستیاری و بەرپرسیارێتییەوە فۆلکلۆر و کەلەپوور و کلتوور و زمان و دابونەریت و هەرچیی جوانی و شانازیی گەلەکەیانە پاراستوویانە و وردە وردە پێشیان خستووە و گەشەیان پێ کردووە، تا گەیشتە ڕۆژگارێك، لەمەوبەر لەسەر ئاستی تاك یان کۆ، تیپی هونەری و گرووپی ئەدەبی دەرکەوتن و ئینجا قۆناغێکی دیکە چوونە پێشتر و بە شێوەی زانستی و ئەکادیمی دەستیان بە خوێندن لە بواری هونەرەکانەوە کرد و تیۆرەکانی هونەرەکانی موزیك، شانۆ، دراما، شێوەکاری و ...تدیان، خوێند و ئەزموونیان کرد، ئینجا تیایاندا هەبوو دبلۆمی لە هونەرەکانەوە بەدەست هێنا، کە ئەوە تا ڕۆژگارێکی زۆر دوورنا، بەرزترین پلە و پێگەی ئەکادیمیی هونەری بوو.

ئەو گۆرانکارییانەی لە ناوچەکە بەگشتی ڕوویاندا، بوونە مایەی ئەوەی هونەرەکانیش پێش بکەون و داهێنان و گۆڕانکارییان تێدا دروست بێ و بە زانستییانە پەرە بە بابەت و داهێنانەکان بدرێت. ئێستا کە دەرفەتی زۆر باشتر لەبەردەم کادیرانی بواری هونەر واڵا بووە، دەتوانن لە ئامرازەکانی سەردەم، لە زانستەکانی ئەو بوارانە بەهرەمەند بن و ببن بە کاراکتەری بەتوانا و بەئەزموون، بە تایبەت کە ئەمساڵ لە بواری هونەرەکاندا، نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لەلایەن چەند مامۆستایەکی هونەرمەند پێشکەش کران.

ئەم ناونیشانانە تەنیا بۆ ناو نین، بەڵکوو ئەم ناونیشانانە هەڵگری خەسڵەتی هونەری و شارەزایین لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا و، بۆ لەمەودوا دەتوانن ئەزموون و وانەکان بە باشترین شێوە بە قوتابییان و بەهرەداران بڵێنەوە و ڕایان بهێنن و پێیان بگەیەنن، بەمەش تەکانێکی چەندایەتی و چۆنایەتی بە بواری هونەرەکان بەگشتی بدەن.



## ئەلێکساندرا داداریۆ: تەسلیم نەبووم بە جوانیی خۆم

ئەلێکساندرا داداریۆ خانمە ئەکتەری ئەمریکی ددانی بەوەدا نا کە جگە لە نواندن، لە هیچ شتێکدا باش نییە، هەروەها ناتوانێت بە خەیاڵیش لە هیچ پیشەیەکی دیکەدا کاربکات، ئاماژەی بەوەش کرد کە لە تەمەنی ١١ ساڵییەوە ئەو پیشەیەی خۆش دەوێت، و خۆی لەو پیشەیەدا بینیەوەتەوە، هیواداره جێبهێڵێت نیشانەیەکی جیاواز تێیدا.

داداریۆ (٣٦ ساڵ) ئاماژەی بەوەشدا کە بنەچەی ئەو تێکەڵەیەك لە چەندین نەتەوەیە لەوانە (ئیتاڵی، ئێرلەندی، سلۆڤاکیا، هەنگاری و ئینگلیزی) جگە لە پەروەردەکردنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەمە تایبەتمەندیی جیاوازیی پێ بەخشیوە بۆ جینە بۆماوەییەکان لە چەندین سەرچاوەوە.

داداریۆ ئاماژەی بەوەش کردووە لە سەرەتای کاری نواندنەوە لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا، کاتێك بەشداریی لە تەلەفزیۆنەکاندا کردووە، بە بیرۆکەی ئەوەی کە جوانە و حەزی لە ڕۆڵی فرە و هەمەچەشن بووە، لەوانە کارەکتەرە ئاڵۆز و خراپەکان زنجیرەی (هەموو منداڵەکانم). ئاماژەی بەوەش کردووە، شانازی بە ڕۆڵی ئانابێس چەییزەوە دەکات لە فیلمی (دزی ڕەشەبا) کە لە کەشێکی سەرگەرمی و فانتازیادا ڕووی دا و لە ساڵی ٢٠١٠ نمایش کرا، هەروەها خۆی بە بەختەوەر دەزانێت، چونکە ساڵی ڕابردوو بەشداریی دوو بەرهەمی کردووە وەك: کۆمیدیای ڕۆمانسی «دەتوانیت نهێنییەك بهێڵیتەوە؟»، یان «ئایا تۆ نهێنییەك دەهێڵیتەوە؟»، هەروەها فیلمی ترسناك «ئێمە بانگی تاریکی دەکەین.»

سەرچاوە: www.alroeya.com



# یادگارییەک هەمیشە هاندی ئازار دەدات

خانمە ئەکتەرێکی تورکی (هاندی ئەتایزی) ئاشکرای کرد، کە لەلایەن یەکێك لە هاوڕێ ئەکتەرەکانیەوە دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری و بەپێی چەند ڕاپۆرتێکی میدیایی، ئەو ئەکتەرە چەندین جار بە تۆمەتی گێچەڵی سێکسی تۆمەتبارە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی هاندی ئەتایزیی ئەکتەری تورك ڕایگەیاند کە بەر لە ٢٢ ساڵ، لەلایەن ئەکتەری ناسراوی تورك (تەلعەت بۆلۆت) دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەری ئەو کاتەی سەرقاڵی وێنەگرتنی زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی بوون، هاندی بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە، کە من زانیومە ئەتایزی پێشتر دەستدرێژیی کردووەتە سەر چەند ئافرەتێکی دیکە، هەمان شتی لەگەڵ منیش ئەنجامدا، شەوێکیان بانگی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی لە هوتێل بە مەبەستی خوێندنەوەی سیناریۆی زنجیرەکە، لەوێ دەستدرێژیی کردە سەرم.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی زیاتر ڕایگەیاندووە کە یاریدەدەری دیزاینی جلوبەرگ (ئۆزگا شیمشك) پێشتر تەلعەتی تەمەن ٦٢ ساڵی بە دەستدرێژی تۆمەتبار کردووە لە سەروبەندی تۆمارکردنی زنجیرەی (سێوی قەدەغە) کاتێك بانگی کردبوو بۆ ڕێکخستنی جلوبەرگ و بە زۆری ماچی کردووە،وەك خۆی دەڵێت ئەمەش منی تووشی شۆك کرد، شیمشك ئەوەشی ڕاگەیاند کە لە دادگا سکاڵا لە دژی بەرز دەکاتەوە و واز ناهێنێ، تا ئەو کاتەی مافی خۆی وەردەگرێت، چونکە بە قسەی خۆی، ناکرێ ئەم جۆرە تاوانانە بەبێ سزا تێپەڕ بن. لەلایەن خۆیەوە تەلعەت بۆلۆت لە ڕێگەی پارێزەرەکەی خۆیەوە تۆمەتەکانی ڕەت کردەوە و بە دوور لە ڕاستی وەسفی کرد.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەش بەرهەمهێنەری زنجیرە دراماکە ڕایگەیاند کە ڕۆڵی تەڵعەت لە زنجیرەکە هەڵدەپەسێرێت، ئەگەر داواکاری گشتی لێکۆڵینەوەیەك لەو تۆمەتانە بکاتەوە کە ئاراستەی کراون.

**لینا عەلی**

**یاریزانی کاراتی یانەی هەڵەبجە:**

# ئەگەر گرێبەستیشم بۆ بێت قبوڵی ناکەم و لەیانەی هەڵەبجە دەمێنمەوە



یانەی هەڵەبجە یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لەسەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکان، بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و نازناوەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی هەڵەبجە (لینا عەلی)یە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ و ئێستاش بەردەوامە لە تیپی کاراتی لە یانەی هەڵەبجە و قوتابی قۆناغی ئامادەییە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

■ دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو هاتیتە نێو جیهانی وەرزشی؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزم بە وەرزشکردن بوو.

*** لە نێو ئەم هەموو وەرزشەدا چۆن بوو یاریی کاراتێت هەڵبژارد؟**

- زۆربەی یارییەکانم ئەنجام داوە، وەك: تۆپی پێی و بالە و تێنس، بەڵام حەزێکی تایبەتم بۆ یاریی کاراتێ هەبووە، زۆر حەزم کردووە ببم بە یاریزانێکی باش لەم یارییە.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- بەڵێ یارییەکی قورسە، بەڵام بەر ئەوەی حەزێکی خۆومە بە لامەوە ئاسانە.

*** ئاستی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-لەم چەند ساڵەی ڕابردوو پەرەی زۆری پێدراوە، بەڵام هێشتا لە ئاستێکی باش دا نییە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- هاندانی ڕۆڵی وەرزش و یاریزان و ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بەردەوام بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانەکان بەرەوپێش بچێت.

*** ڕاستە دەڵێن یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان لە یانەکانیان پشتگوێ خستووە؟**

- یاریزانی کچ لەم یارییەدا کەمە، بۆیە زیاتر پشتگوێ خراوە، خۆشبەختانە ئێستا تارادەیەك باشترە، ڕاستە کوران لەم یارییەدا باشترن، بەڵام لە ئێستادا کچانیش ڕکابەری یەکتر دەکەن.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-بەرنامەم ئەوەیە ئاستی خۆم زۆر باشتر بکەم و بەشداری پاڵەوانێتی زیاتر بکەم.

***سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- سەرکەوتن بۆ هەموو کەسێك هەستێکی خۆشە، بەڵام زیاتر بۆ ئەو کەسانەی خۆیان زۆر ماندوو کردووە و هەوڵی زیاتریان داوە، تا بگەن بە ئاستێکی باش و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

***کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

- هیچ کەسێك بە ڕکابەری خۆم نازانم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بتوانم زیاتر گرنگی بە تواناکانی خۆم بدەم و ئاستێکی باش پێشکەش بکەم و خۆم زیاتر بەرەو پێشببەم.

***بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- چونکە وەکو پێویست گرنگییەکی باش بەم یارییە نەدراوە، بەڵام ئەگەر خەڵك زیاتر لە سەر ئەم وەرزشە بخوێنینەوە دەزانین کە یارییەکی چەند بە سوودە.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

- نەخێر لە هیچ یانەیەك گرێبەستم پێشکەش نەکراوە، ئەگەر گرێبەستیشم بۆ بێت قبوڵی ناکەم من هەر لەم یانەیە دەبم کە تێدا فێربووم هەر لەم یانەیەش بەردەوام دەبم.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- هەر چەندە کاراتێ وەرزشێکی قورسە و زیاتر وا پێشان دراوە کەوا بۆ کوران بێت، بەڵام کە کچێکیش بەردەوام بێت لەم یارییەدا بێگومان پێویستی بە پاڵپشتی خێزانە تا بگاتە ئەم ئاستە.

*** ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی یاریزانان، سوپاس بۆ ڕاهێنەرکەم کە بەردەوام پاڵپشت بووە.

# پێشنیاری شوێنگرەوەی محەمەد سەڵاح بۆ لیڤەرپوول دەکرێت

ستێفن وارنۆکی بەرگریکاری پێشووی یانەی لیڤەرپوول پێشنیارێکی بۆ یانەی لیڤەرپوول کردووە بۆ شوێنگرەوەی محەمەد سەڵاح لە ئەگەری ڕۆیشتنی ئەستێرە میسرییەکە لە هاوینی داهاتوو بۆ خولی ڕۆشنی سعوودیە.

لە بازاڕی گواستنەوەی هاوینەی ساڵی ٢٠٢٣دا، محەمەد سەڵاح نزیک بوو لە ڕۆیشتنی بۆ ڕیزەکانی یانەی جەدەی سعودیە، بەڵام لیڤەرپوول سەرەڕای ئۆفەرێکی دارایی گرانبەها، بەڵام پارێزگاری لە یاریزانەکە کرد.

ستێفن وارنۆکی بەرگریکاری ئینگلیزی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ تا ٢٠٢٢ یاری بۆ لیڤەرپوول کردووە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (تۆکسپۆرتی بەریتانیا) ڕایگەیاند پێشتر لە کاتی ڕۆیشتنی لویس سوارێز و فیلیپ کۆتینهۆ لە لیڤەرپوول پێشنیاری گونجاوم بۆ شوێنگرەوەیان خستە بەردەم لیڤەرپوول ئێستاش هەمان شت لە بارەی ئەگەری ڕۆیشتنی محەمەد سەڵاح دووبارە دەکەمەوە بەوپێیەی بە ئەگەرێکی زۆر ئەو یاریزانە وەرزی داهاتوو لە لیڤەرپوول نامێنێت.

ستێفن وارنۆك هێمای بۆ ئەوەش کرد دڵنیایە ئەگەر محەمەد سەڵاح ئۆفەرێکی بە ١٧٥ ملیۆن پاوەند پێبگات زەحمەتە ڕەتی بکاتەوە، دەشڵێت: لە گواستنەوەی زستانەدا لیڤەرپوول سەڵاح نافرۆشێت، بەڵام وەرزی داهاتوو بە ناچاری دەستبەرداری دەبن و پێویستە لە ئێستاوە شوێنگرەوەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

وارنۆك ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کڤاراتسیخێلیای هێرشبەری جۆرجیای یانەی ناپۆلی باشترین بژاردەیە بۆ شوێنگرەوەی محەمەد سەڵاح، دەشڵێت: پێویستە ئەو یاریزانەی دەبێتە شوێنگرەوەی محەمەد سەڵاح یاریزانێکی ورووژێنەر و لێهاتوو بێت پێموایە تاکە یاریزان، کە شوێنی سەڵاح بگرێتەوە کڤارایە، چونکە یاریزانێکی گەورە و کاریگەرە لە باڵەکان.

کڤاراتسیخێلیای نازناوی (مارادۆنای نوێ)ی لێنراوە بەهۆی ئەوەی یاریکردنی لە دییگۆ مارادۆنا ئەفسانەی کۆچکردووی نزیکە، وەرزی ڕابردوو وەک باشترین یاریزانی خولی ئیتاڵیا دانرا دوای ئەوەی لە یەکەم وەرزی لەگەڵ ناپۆلی دوای ٣٣ ساڵ لە چاوەڕوانیی نازناوەکەی بۆ ناپۆلی بردەوە.

کڤاراتسیخێلیا (٢٢ ساڵ) لە هاوینی ٢٠٢٢ لە یانەی دینامۆ باتومی جۆرجییەوە پەیوەندی بە یانەی ناپۆلی کرد بەهای ئەو یاریزانە ٨٥ ملیۆن یۆرۆیە کڤارا لە کۆی ٥٢ یاری بە د ر یسی ناپۆلی ٢١ ئاسیست و ١٥ گۆڵی کردووە.



## ئەستێرەیەک یانەی ڕیال مەدرید جێدەهێڵێت

کارلۆ ئەنچێلۆتی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر فرۆشتنی یەکێک لە یاریزانەکانی مێرێنگێ بە یانەی یۆڤانتوسی ئیتاڵی لە گواستنەوەی زستانەی داهاتوودا.

یۆڤانتوس پێشتر لە هاوینی ٢٠٢٣ هەوڵی بەدەستهێنانی گرێبەستی لوکاس ڤاسکێزی باڵی ڕاستی ڕیال مەدریدی دابوو، بەڵام یانەی ڕیال مەدرید سوور بوو لەسەر هێشتنەوەی لە یانەکە.

بەگوێرەی تۆڕی دیفێنس سێنتراڵ یانەی یۆڤانتوس ئارەزووی خۆی بۆ گواستنەوەی لوکاس ڤاسکێز لە گواستنەوەی زستانی داهاتووی نوێکردەوە.

لوکاس ڤاسکێز ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید تاوەکو ساڵی ٢٠٢٤ هەیە.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەنچێلۆتی ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر ڕۆیشتنی ڤاسکێز، بەڵام ڕیال مەدرید مەرجی ئەوەیان داناوە، کە بە کەمتر لە ٨ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری نابێت.

ڕوونیشیکردەوە یانەی ریال مەدرید گرێبەستی ڤینیسیۆس تۆبیاسی بە تەواوی کڕیوە ئەویش لە وەرزی داهاتووەوە دەبێتە یاریزانی تیپی یەکەم، بۆ ئەوەی جێگەی دانی کارڤاخال بگرێتەوە لە بەرگریکاری ڕاست.

لوکاس ڤاسکێز لەوە تێ دەگات، کە کڕینی تۆبیاس یان گرێبەستکردن لەگەڵ بەرگریکاری ڕاستی دیکە لە زستاندا چانسی بەشداریکردنی لەگەڵ تیپەکەدا کەم دەکاتەوە.



## ئیدین هازارد ماڵئاوایی یەکجاری کرد

ئیدین هازارد یاریزانی بەلژیکی دوای کاروانێکی وەرزشی سەرکەوتوو بڕیاریدا بە یەکجارەی واز لە یاری تۆپی پێ بهێنێت.

ئەم یاریزانە بەلژیکییەکە لە هاویندا ڕیزەکانی یانە ڕیال مەدریدی بەجێهێشت بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو دەستەوارانەی، کە پێشکەشی دەکرێن، بەڵام لە کۆتاییدا وازهێنانی لە تۆپی پێ ڕاگەیاند.

ئەستێرە بەلژیکییەکە، لە پەیامێکدا وازهێنانی یەکجارەکی خۆی لە یاریکردن ڕاگەیاند، لە پەیامەکەیدا هاتووە: پێویستە گوێ لەخۆت بگریت و بڵێیت لە کاتی گونجاودا بوەستە، دوای ١٦ ساڵ و ئەنجامدانی زیاتر لە ٧٠٠ یاری بڕیارمداوە کۆتایی بە ژیانی وەرزشیی خۆم بهێنم، وەک یاریزانێکی پیشەگەری تۆپی پێ.

هازارد زیاتر گوتی: توانیم خەونەکەم بەدی بهێنم، لە زۆربەی یاریگاکانی جیهان یاریم کرد و کاتێکی خۆشم بەسەربرد لە ماوەی ژیانی وەرزشیمدا بەختم هەبوو بەڕێوەبەر و ڕاهێنەر و هاوڕێی نایاب بناسم، سوپاس بۆ هەمووان بۆ ئەو کاتە ناوازانە، بیری هەمووتان دەکەم.

لە درێژەی قسەکانیدا، هازارد دەڵێت: هەروەها دەمەوێت سوپاسی ئەو یانانە بکەم، کە یاریم بۆ کردوون (لیل، چێلسی، ڕیال مەدرید) سوپاسێکی تایبەت بۆ ماڵباتەکەم، هاوڕێکانم و ڕاوێژکارەکانم و ئەو کەسانەی، کە لە خۆشی و ناخۆشیدا لە منەوە نزیک بوون.

لە کۆتایی قسەکانیدا، ئەستێرەی پێشووی ڕیال مەدرید، گووتی: زۆر سوپاس بۆ هاندەرانم، کە ئەم هەموو ساڵە هانیان داوم سوپاس بۆ هاندانی ئێوە لە هەر شوێنێک بن، کە یاریم کردووە ئێستا کاتی ئەوەیە چێژ لە ئازیزانم وەربگرم و ئەزموونی نوێم هەبێت بەم زووانە لە دەرەوەی یاریگە دەتانبینمەوە هاوڕێکانم.

یاریزانە بەلژیکییەکە لە ماوەی ژیانی وەرزشیدا لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکاندا بەشداری لە ٦٢٣ یارییدا کردووە و توانیویەتی ١٦٧ گۆڵ تۆماربکات و ١٥٧ ئاسیستی هەبووە.



# پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی عێراقی، دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە بە ئامانجی گەیشتن بە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی عێراقی، یانەکە ئەم وەرزەش گرێبەستی لەگەڵ کۆمەڵێك لە یاریزانانی ناوخۆ و عێراقی و بیانی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت، بۆ ئەم مەبەستەش کارگێڕیی یانەکە کەمپێکی مەشقی بۆ یانەکە لە شاری هەولێر ڕێك خستووە، بە هیوای باشتر خۆئامادەکردنی تیپەکەیان، یانەکەش بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەر یەك لە یاریزانان (وەدوود یاقوبی غانی لە هێلی ناوەند، کینگلسلی ئۆبۆمێنێ نایجیری لە هێڵی بەرگری، حسێن نەجم لە یانەی دهۆك، عەلی حوسێن لە یانەی نەفتی بەسرا، هاوکار جەمال لە یانەی سەید سادق، دانا مستەفا لە یانەی نەورۆز، جۆستیس ئانانی غانی، محەمەد تەقی لە یانەی مەسافیی جنووب، دیار کاکەبرا لە یانەی دەربەندیخان، ستیڤن کوادۆ سارڤۆی غانی لە یانەی حدوود، ئیبراهیم محەمەد لە یانەی نەورۆز، ڕعدفەنەر لە یانەی کەربەلا) یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەم وەرزە دەیەوێت بە شێوازیەکی دیکە خۆی ئامادە بکات، کارگێڕیی یانەکەش پاڵپشتی تەواوی تیپەکە دەکات بۆ سەرکەوتن بۆ خولی پلە نایابی عێراقی».

# خانزاد درێژە بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکانی دەدات

لە درێژەی ئەنجامدانی چالاکییەکانی یاریی شەترەنج، بۆ بەهێزکردنی ئاستی یاریزانانی شاری هەولێر و، خۆ ئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان، یانەی شەترەنجی خانزاد پاڵەوانێتی ٣٨ی شەترەنجی ڕاپیدی خانزادی نێودەوڵەتیی بە سیستمی سویسری بە نۆ ڕاوند ئەنجام دا، لەم پاڵەوانێتییەشدا زیاتر لە هەشتا یاریزانی کوڕ و کچ بەشدار بوون، کە یارییەکانی بە سێ ڕاوند یەك لە دوای یەك بەڕێوە چوو، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش دکتۆر (دڵزار حەمە ساڵح) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە هەرە بابەتە گرنگەکان ئەوە بوو یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنج (فیداك) گرنگی بابەتی یاریی شەترەنج بۆ خستە ناو پرۆگرامی خوێندن، باسی یانەی خانزادیشی کرد، کە کاری بۆ ئەم بابەتە کردووە و بەرنامەی داناوە، بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان ڕەزامەندی دەربڕیوە وەکو خوێندنی ئەو بابەتە لە خوێندنی وانەی وەرزشدا زیاد بکرێت»، هاوکات گوتیشی: «ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش لە درێژەی بەرنامەکانی خۆماندایە بۆ گرنگیدانی زیاتر بەم یارییە».

ئەنجامی کۆتایی یاریزانەکانیش بەم شێوەی خوارەوەیە بوو.

١-پۆلا ئازاد ٨,٥خاڵ
٢-پەیوەند مەحمود ٧خاڵ
٣-نزار جەمیل ٧خاڵ
٤-عەبدولا عەمار٧خاڵ
٥-نۆژند عیسا ٦,٥خاڵ



# نەفتی باکور بەشداری لە پاڵەوانێتی تۆپی پێی کچانی عێراق دەکات

هەر چەندە بڕیار بوو ڕۆژی ٥ی ئەم مانگە پاڵەوانێتی تۆپی پێی یاریگەی گەورە بۆ یانەکانی کچانی عێراقی بەڕێوە بچێت، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەی یانەکان پاڵەوانێتییەکە دواخرا، یانە بەشداربووەکانیش لە ئامادەکارییەکانیان بەردەوام بوون بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن، ئێستا ژمارەیان لە زیاد بووندایە بۆ بەشداری کردن، یانەی نەفتی باکوری شاری کەرکووکیش بە ڕاهێنەری کورد و یاریزانانی کورد دەچێتە نێو ئەم کێبڕکێیە، لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش مامۆستا (مەزن عەزیز) ڕاهێنەری کچانی نەفتی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ بۆ خولی عێراقی گرێبەستمان لەگەڵ یانەی نەفتی باکوور واژوو کردوە، خۆم وەکو ڕاهێنەر و لەگەڵ کۆمەڵێك یاریزانی کورد، دەمانەوێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین و بتوانین کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانە بەشداربووەکان بکەین، هەر چەندە دەبوایە خولەکە زووتر بەڕێوە بچووبایە، بەڵام دواخرا، ڕەنگە بەر لە کۆتایی ئەم مانگە یارییەکانی دەست پێ بکات، خۆشتان دەزانن یاریی یاریگەی گەورە وەکو فوتساڵ نییە و زەحمەتی زیاتری هەیە، بەڵام هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئاست پێشکەش بکەین و ئەنجامان شایستە بێت لە خولەکەدا».






## دووشی سارد سوودی تەندروستی هەیە

پسپۆڕان جەختیان کرووەتەوە کە وەرگرتنی دووشی سارد Cold showers لە هەر وەرزێکی ساڵدا بێت بۆ کەسانی تەندروست گەلێك سوودی هەیە، ئەگەرچی لە وەرزی زستاندا زۆربەی خەڵك پێیەوە ناڕەحەت دەبن. سوودە تەندروستییەکانی دووشی سارد: هاندانی سووڕی خوێن کە هاندەرە بۆ سووککردنی ماندووبوون و بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، باشترکردنی مەزاج و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و هەستی پۆزەتیڤ، سووککردنی خەمۆکی بەهۆی هاندانی دەردانی هۆرمۆنە ئیندۆرفینەکان Endorphins، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هاندانی خاوبوونەوەی لەش، باشترکردنی کرداری میتابۆلیزم و سووتاندنی چەوری کە یارمەتیدەرە بۆ کەمبوونەوەی کێشی لەش، کەمکردنەوەی ئاستی سترێس و سووککردنی پەستی، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، سووککردنی ئازاری ماسوولکە و هەوکردنی جومگەکان، باشترکردنی کوالێتیی خەو، هەروەها سافکردنی پێست. پێویستە کە لەم حاڵەتانەدا هەرگیز دوشی سارد وەرنەگیرێت: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش (تا)، نەخۆشیی کۆئەندامی هەرس، هەڵامەت یان ئەنفلوەنزا، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشییەکانی دیکەی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، نەخۆشییەکان پێست، هەروەها دووگیانی.



## قەڵەوی هاندەرە بۆ نۆری دڵ

قەڵەوی بۆووەتە پەتایەکی جیهانی لە هەموو تەمەنەکاندا. ئەمە زانراوە کە قەڵەوی ئەگەری تووشبوون بە گەلێك نەخۆشی زیاد دەکات وەکو نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، جەڵتەی مێشك..تاد. ڕاپۆرتە پزیشکییە نوێیەکان لەم چەند دەیەی دواییدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە قەڵەوی نەك هەر لە تەمەنی گەورە، بەڵکو هەتا لە گەنجەکانیشدا ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ Heart at-tack بەرزدەکاتەوە کە زۆر جار کوشندەیە. کاریگەرییەکانی هەڵگرتنی بڕی زیادی چەوری لە لەشدا جگە لە شێواندنی شێوەی فیزیکی لەش، مەترسیی گەورە دەخاتە سەر تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان. بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بەلای کەم ٣٤٠ ملیۆن منداڵ و نەوجەوان لە تەمەنی ٥-١٩ساڵیدا لە سەرتاسەری جیهان کێشیان زیادە، یان قەڵەون کە چەندین حاڵەتی نۆرەی دڵ لە نێویاندا ڕاپۆرت کراوە. هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قەڵەوی هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، لەگەڵ دروستبوونی بەرگری دژ بە هۆرمۆنی ئینسۆلین کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات، کە ئەویش بە دەوری خۆی هاندەرە بۆ تووشبوون بە بەرزبوونەوی پەستانی خوێن و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان. ئەم فاکتەرانە لەگەڵ بارگرانیی کێشی زیاد لەسەر دڵدا ئەگەری نۆرەی دڵ لە هەموو تەمەنێك لە هەردوو ڕەگەزدا زیاد دەکەن.





# ئایا بەکارهێنانی میلاتۆنین بۆ خەو زیانی هەیە؟

دەنکی میلاتۆنین بە مەبەستی هاندانی خەو بۆ چەند حاڵەتێکی دیاریکراو بە ڕێنمایی دکتۆر بەکاردێت. بە ڕای پسپۆڕانی تەندروستی، بەکارهێنانی میلاتۆنین هەموو شەوێك زیانێکی تەندروستیی ئەوتۆی نابێت، بە مەرجێك بۆ ماوەیەکی کورت بێت نەك بە بەردەوامی. میلاتۆنین Melatonin کە بە هۆرمۆنی خەو ناسراوە، لە مێشکدا لەگەڵ تاریکبوون بە ڕێژەیەکی کەم دەردەدرێت بۆ هاندانی خەو. لەش بە تێکرایی ڕۆژانە ٠،١ -٠،١ ملگم میلاتۆنین دروست دەکات، کەچی دەنکی میلاتۆنینی دەستکرد ڕێژەیەکی بەرزتر لەخۆدەگرێت. واباشترە کە بەکارهێنانی میلاتۆنین سنووردار بکرێت بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە: خەوزڕانی پەیوەست بە بەساڵاچوون، گرفتی درەنگ لە خەوهەڵسان DSP، خەوزڕان وسەرئێشەی پەیوەست بە سەفەری دوور Jet lag، نەخۆشیی ئەلزهایمەر، پاش زەبر بۆ ناوچەی سەر، خەوزڕانی پەیوەست بە کارکردن بە شیفت، لەگەڵ هەندێك گرفتی خەو لە منداڵدا. زیانە لابەلاکانی دەنکی میلاتۆنین: سەرئێشە، سەرسووران، هێڵنج، لەگەڵ هەستکردن بە بوڕژان لەکاتی ڕۆژدا. نابێت لەم حاڵەتانەی خوارەودا دەنکی میلاتۆنین بەکاربهێنرێت: لەکاتی دووگیانی و شیردانی سرووشتی، خەمۆکی، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، حاڵەتەکانی پەرکەم و گرفت لە مەیینی خوێندا، نەخۆشیی شەکرە، هەروەها ئەو کەسانەی کە ئەندامێکیان بۆ گواستراوەتەوە.



# چۆن بە درێژایی ڕۆژ چالاک دەمێنیتەوە؟



ئەمە بۆ هەموو کەسێك ئاساییە کە هەندێك ڕۆژ هەست بە بێهێزی و کەمیی چالاکیی بەدەنی و هزری بکات، بەڵام ئەگەر حاڵەتەکە لە زۆربەی ڕۆژانی هەفتەدا بەردەوام بێت، ئەوا پێویست بە گۆڕینی چەند شتێك و گرتنەبەری چەند هەنگاوێکێك دەکات، لەوانەشە گرفتێکی تەندروستی لەپاڵەوە بێت، بەتایبەتی ئەگەر هاوکات بێت لەگەڵ چەند نیشانەیەکی وەکو کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن یان ئازار، تا، سەرئێشە یان نیشانەی دیکە. ئەگەر هەستت بە بێهێزی و کەم وزەیی کرد بە بێ بوونی نیشانەی دیکە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکیی لەش و هزر، پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکە: گرنگیدان بە نووستن، زیادکردنی پرۆتین لە خۆراکی ڕۆژانەدا، زیادکردنی جوولە و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی کە هاندەرە بۆ تاودانی کرداری میتابۆلیزم و باشترکردنی مەزاج و خەوێکی ئارامتر، خواردنەوەی بڕی زیاتری ئاو کە هاندەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی، هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەستە نێگەتیڤەکان، هەواگۆڕی و چوونە دەرەوە، گوێگرتن لە موسیکی هێمن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئەلکهول و کەمکردنەوەی کافائین، بۆنموونە کەمتر خواردنەوەی قاوە، چای، سۆدا، خواردنەوە وزەبەخشەکان Energy drinks، لەگەڵ شوکولاتە کە ڕێژەی جیاوازی کافائین لەخۆدەگرن.





## سوودەکانی شۆکۆلاتەی تاریک بۆ پێست

شۆکۆلاتەی تاریک Dark chocolate گەلێک سوودی تەندروستی هەیە بەتایبەتی بۆ پێست و قژ. شۆکۆلاتەی تاریک رێژەیەکی بەرزی پاودەری کاکاو و کەرەی کاکاو لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چێژی ڤانێلا و شەکر، هەر چەند رێژەی پاودەری کاکاو لە شوکولاتە بەرزتر بێت، هێندە تەندروستتر دەبێت. شوکولاتەی تاریك دەوڵەمەندە بە ماددە دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆلەکان، فلاڤانۆلەکان لەگەڵ کاتێچینەکان Cat-echins، هەروەها کانزاکانی مەنگەنیز، کۆپەر، ئاسن، لەگەڵ مەگنسیۆم، فۆسفۆر، پۆتاسیۆم، سیلینیۆم، زینك. سوودەکانی شوکولاتەی تاریك بۆ پێست و قژ: پاراستنی پێست لە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی خۆر بەتایبەتی کەمکردنەوەی سووربوونەوەی پێست، سافکردن و پاراستنی نەرمی و توانای لاستیکی پێست، کاڵکردنەوەی تاریکبوونی رەنگی پێست و پاراستنی لە پیربوون یان لۆچبوونی پێشوەختە، رێگرتن لە دروستبوونی پەڵەی تاریك، پاراستنی شێداریی پێست، هاندانی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین کە زۆر گرنگە بۆ پاراستنی لاستیکیی پێست، هاندانی سووڕی خوێن لە پێستدا کە سوودبەخشە بۆ دواخستنی دەرکەوتنی هێڵە وردەکان کە بناغەن بۆ هێڵەکانی لۆچبوون، هاندانی گەشەی خانە نوێیەکانی پێست، هاندانی زوو چاکبوونەوەی پێست پاش هەر زەبر و برینێك، کەمکردنەوەی سترێس و هاندانی خەونێکی باشتر کە هەردووکیان سوودی ئەرێنییان بۆ تەندروستیی پێست هەیە، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا کە سوودبەخشە بۆ پاراستنی پێست، هاندانی گەشەی قژ و باشترکردنی کوالیتیی قژ.

## وروژێنەرەکانی وشکبوونی چاو

وشکبوونی چاو Dry eye بە نەخۆشیی هەژمار دەکرێت و بریتییە لە نەبوونی توانای فرمێسك بۆ تەرکردنی تەواوی رووی چاو بە شێوەی کەمیی فرمێسك یان خراپی کوالێتی فرمێسك. خۆپاراستن لە وروژێنەرەکانی وشکبوونی چاو بە کلیلی سەرەکی چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی وشکبوونی چاو دەژمێررێت. وروژێنەرەکانی وشکبوونی چاو بریتین لەو هۆکارانەی کە نیشانەکان زیاتر و سەختتر دەکەن، باوترین وروژێنەرەکان ئەمانەن: کەشی وشك و گەرم، بای بەهێز، بەرکەوتنی چاو بە دوکەڵ و تۆز و ماددەی کیمایی دیکە، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان وەکو دەرمانی دژەهیستامین، زیاد سەیرکردنی شاشەی تەلەڤزیۆن یان شاشەی مۆبایل کە هۆکارە بۆ کەمتر داخستنی پێڵووی چاوەکان، بەکارهێنانی هاوێنەی لکاو Contact lenses، هەروەها کەمی ڤیتامین A. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: دەستنیشانکردنی هۆکارە وروژێنەرەکان، بەکارهێنانی چاویلکەی هەتاویی گەورە لەکاتی چوونە دەرەوەدا، کەمکردنەوەی سەیرکردنی شاشەی تەلەڤزیۆن و شاشەی شین، رۆژانە خواردنەوەی برێکی باشی ئاو، تەرخانکردنی کاتی تەواو بۆ نووستن، خۆپاراستن لە بەرکەوتن بە تۆز و دوکەڵ، بەکارهێنانی ئامێری کارەبایی شێدارکەرەوە Humidi-fier لەناو ماڵ، هەروەها خواردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە ترشە چەورییەکانی ئۆمیگا٣.







# کیبۆردێکی ناوازە لە LGیەوە

کۆمپانیای LG کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ، لەم دواییەدا کیبۆردێکی ناوازەی بەرهەمهێناوە کە دەنووشترێتەوە و لوول دەدرێ بۆ ئەوەی لە ناو جانتادا بە باشی جێگای بێتەوە شوێنێکی ئەوتۆ نەگرێت. هەرچەندە LG کەمتر کەلوپەلی بواری کۆمپیوتەر بەرهەم دێنێت، بەڵام بەراستی ئەو کیبۆردە لە هەموو بوارێکدا ناوازەیە.

کیبۆردی جۆری LG KBB-700 بۆ مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەر دەبێت، وایەرلەیسە. دیزاینێکی سەرنج راکێشی هەیە و خۆی ستاندی دانانی تەبلێت و مۆبایلە، دەکرێت تەبلێتێکی ١٠ ئینجی لەسەر دابندرێت. شەحن دەکرێتەوە و هەتا وەرزێك واتە سێ مانگ شەحنی دانابەزێت. لەگەڵ سیستەمەکانی ئەندرۆید و ماك و ویندۆز دەگونجێت. کیبۆردەکە وەك کیبۆردی ئاسایی لە چوار ریزە دوگمە پێکهاتووە، بەڵام کاتێك لوول دەدرێ هەموو ریزە دوگمەکان دەچنەوە سەر یەك. لە یەك کاتدا لەگەڵ دوو ئامێر پێکەوە پەیوەند دەدرێت.


# شاشە دوانەکان




مۆنیتۆر یا شاشە بۆ ئەو ئامێرەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری گرنگی خۆی هەیە. جا ئەگەر شاشەکە جمك بێت ئەوە گرنگییەکی زیاتر دەبێت.

شاشەی جۆری Geminos - Stacked screens دوو شاشەی جمکن و تەواو وەك لاپتۆپێك دەچن. شاشەکان پێکەوە ٢٤ ئینجن. لەگەڵ کۆمپیوتەر و مۆبایل پەیوەند دەدرێن. بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانیت لە نێوان دوو شاشەکەدا پەیوەندی دابمەزرێنێ و ئەگەر پێویست بکات هەردوو شاشە پێکەوە دیمەنێك نیشان بدەن و دەکرێت هەر کام لە شاشەکانیش بە جیا پرۆگرامێکی جیا نیشان بدەن. شاشەکە پێکهاتووە لە چەندین پۆرتی USB و شەحنکردنەوەیەکی ١٠٠ واتی، سپیکەر و کامێرایەکی فوول ئیچ دی. شاشەکە دەتوانرێت بە بەشێوەی ستوونی یا ئاسۆیی دابندرێت.

لەگەڵ جمکە شاشەکەدا ستاندێك هەیە کە هەردوو شاشەکەی لەسەر دادەنرێ و بۆ هەندێك کات سوود لە ستاندەکە وەردەگیردرێت.





# ئەڵقەی سیحری بۆ کۆنترۆڵی هەموو شتێک

لە ئەفسانە و چیرۆکاندا بیستووتانە، ئەڵقەیەکی سیحری هەبووە و بەکارهێنەرەکەی ئەوەی ویستوویەتی بەو ئەڵقە سیحرییە جێبەجێی کردووە.

لەم ساڵانەی دواییدا ئەڵقەی سیحری واتە ئەو ئەنگوستیلانەی جگە لە جوانی زۆر ئەرك جێبەجێ دەکەن بەرهەم هاتوون! ئەڵقەی سیحری jakcom R5 جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەڵقەکانی دیکە. بەهۆیەوە دەتوانی لە یەك کاتدا شەش کارتی بانکی بە سیستەمی FRID دابنێی و ئاسانکارییەکی زۆر بۆ پارەدانی ئەلکترۆنی. بۆ کۆنترۆڵی ماڵە زیرەکەکان وەك: کردنەوەی دەرگا، گڵۆپ هەڵکردن، کوژانەو پێکردنی تەلەڤزیۆن و ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی دیکە.. ئامێرێکی گرنگ بۆ بیرهێنانەوەی دیدارەکان. فلاش میمۆرییەك بۆ داکردنی داتاکان بە قەوارەی ١٢٨ گیگا و خێراییەکی زۆر. سیستەمی GPS. پەیوەندی دان بە مۆبایل و وەرگرتنی پەیوەندییەکان و کورتە پەیامەکان.

کێشی ئەڵقەکە تەنیا ٩ گرامە و لە سیرامیکی مایکرۆ کریستال بەرهەم هاتووە. دژە ئاوە و بە تەڕبوونی هیچی لێنایەت.

# تەلەڤزیۆن – تەبلێت ئامێرێکی نوێ

لە سەردەمی تەکنەلۆژیای نوێدا، ئەوەی پشتی تێکرا و گرنگی پێنادرێ تەلەڤزیۆنە، هەرچەندە تەلەڤزیۆنەکان زیرەکن و وەك تەلەڤزیۆنی پێشوو ناچن، بەڵام هێشتاش ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تەبلێت لە بەکارهێناندا لە پێشترن.

کۆمپانیای LG ئامێرێکی نوێی بەرهەمهێناوە دەکرێ پێی بگوترێت تەلەڤزیۆن- تەبلێت! واتە ئامێرەکە تەبلێتێکی گەورەیە بەڵام دەکرێت وەك تیڤیش سوودی لێوەربگری.

ئامێرەکە StanbyME ناسراوە، بۆکس یا سندوقێکە و لەناویدا شاشەیەکی ٢٧ ئینجی هەیە، بۆکسەکە دەبێتە ستاندی شاشەکە و بە هەردوو شێوازی ستوونی و ئاسۆیی شاشەکەی لەسەر دادەنرێت. تەبلێت تیڤیەکە شەحن دەکرێتەوە و هەتا ٣ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت، ئەو ماوەیە کەمە، بەڵام شاشەکەش گەورەیە.

بۆ گەشت و گەڕان و سەیرانگاکان، ئامێرێکی باشە! هەموو ئەندامانی ماڵەوە دەتوانن پێکەوە سوودی لێوەربگرن. کامێرایەکی فوول ئیچدی لەسەرە و بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئەگەر بە گروپ بی سوودی زۆرە. جووتە بڵندگۆیەکی ٢٠ واتی لەسەرە و ئەگەر بۆکسەکە دابخرێت دەکرێت وەك ئامێری گۆرانی و مۆسیقا سوودی لێوەربگری.



# تەبلێتێک تایبەت بە کتێب خوێندنەوە



شاشەی تایبەت بە کتێبخوێندنەوە وەك کیندڵی ئامازۆن گەلێك زۆرن، ئەو شاشانەی تەنیا یەك رەنگ نیشان دەدەن و وەك کتێبخانەیەك وان و کتێبگەلێکی زۆری لەسەر دادەنرێت و تەنیا بۆ کتێب خوێندنەوەش دەبن. ئەوان لەگەڵ تەبلێت جیاوازن.

تەبلێتی جۆری one R1 eReader تەبلێتێکی تایبەت بە کتێب خوێندنەوەیە. شاشەکەی ١٠ ئینجە و راستە ئەویش نیشاندانەکەی لە جۆری کاغەزی دیجیتالییە، بەڵام رەنگییە و سیستەمی تەبلێتەکەش ئەندرۆیدە. قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ نووسینی پەراوێزەکان. رامەکەی ٤ گیگابایتە. داتاگەی ٦٤ گیگابایتە. و یەکەی لێکدانەوەی ٤ ناوەکییە. بڵندگۆی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ خوێندنەوەی کتێبە دەنگییەکان و هەروەها مایکی هەیە بۆ دانانی پەراوێز و یادداشت بە دەنگ. تەبلێتەکە بە هەر جارێك شەحنکردنەوە هەتا ٣ حەوتوو شەحنی دانابەزێت. لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب دەکرێت زۆربەی ئاپەکانی ئەندرۆیدیش دابەزینی چونکە سیستەمی ئەندرۆید ١١ی لەسەرە. کێشی ٤٢٥ گرامە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت**
**بۆچی فلاش میمۆرییەکەم لەسەر کۆمپیوتەر ناکرێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز گەلێك هۆکار هەن بۆ نیشان نەدان و نەخوێندنەوەی فلاش میمۆری. لەسەرەتادا کۆمپیوتەرەکەت ریستارت بکەوە، دوای ئەوە لەسەر کۆمپیوتەر چەند شوێنی دانانی فلاش هەن، یەکە یەکە تاقیان بکەوە، رەنگە یەکێکیان تێك چووبێ. ئەگەر ئەوەش نەبوو، بڕۆ بەشی USB Troubleshooter بکەوە لە کۆمپیوتەردا، بۆ کردنەوەی ئەو بەشە دەبێ بچی سەر بەشی File Explorer و پاشان فلاش میمۆرییەکەت هەڵبژێرە و دواتر کلیکی راست بکە و بچۆ سەر Properties و لە بەشی Toolsدا Check هەڵبژێرە و ماوەیەك سەبر بکە، هەر گرفتێکی هەبێ دەریدەخات. ئەگەر ئەوەش نەبوو، سەرلەنوێ تەعریف (پێناسەی) درایڤی USB بکە.

# رۆبۆتێکی بچووک چاودێر



ئێستا کامێرای چاودێری بۆتە باو بۆ چاودێری و پاراستنی ئەمنییەت، بەهۆی کامێرای چاودێرییەوە تا رادەیەکی زۆر تاوانەکان ئاشکرا بکرێن.

رۆبۆتی بچووکی Moorebot SC3100 ئەویش کامێرای چاودێری گەڕۆکە. جیاوازی لەگەڵ کامێرای چاودێری ئەوەیە کە لەیەك شوێن جێگیر نییە و دەتوانێت مەودایەکی زۆری پێبسپێری و تەنانەت ئەو خاڵ و شوێنانەی کە کامێرای چاودێری نایانگرێتەوە.

رۆبۆتی ناوبراو بە سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد چاودێری وردی شوێنی خۆی دەکات و دەتوانێت وای لێبکرێت بەدوای مرۆڤ یا گیانلەبەری دیکە بکەوێت. کامێراکە لەگەڵ

# پرۆگرامێكی گرنگ بۆ فایلی ڤیدیۆیی

پرۆگرامێكی زۆر هەیە بۆ دەستكاری كردنی وێنە، وەك گۆڕینی فۆرمات، بەرزكردنەوەی كوالیتی، كەم كردنەوەی قەبارەی، ئیفێكت دانان و ژێرنووس دانان و...تاد. پرۆگرامی Hand-Brakeیش یەكێكە بژاردەكان.

پرۆگرامە فۆرماتەكان دەگۆڕێت، دەكرێت لە یەك كاتدا و بەیەك فرمان، فۆرماتی كۆمەڵێك فایل پێكەوە بگۆڕدرێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتواندرێ ژێرنووس بۆ فیلمەكان دابندرێ، رەنگی فۆنتی ژێرنووسەكان بگۆڕی و هەروەها لە یەك فایلی ڤیدیۆییدا، چەند ژێرنووس بە چەند زمانێك دابنێی. خاڵێكی گرنگ لەو پرۆگرامەدا ئەوەیە دەكرێت قەبارەی فیلمێكی گەورە بچووك بكەیەوە بەبێ ئەوەی كاریگەری هەبێت لەسەر كوالیتی نیشاندانی، هەروەها دەتوانی كوالیتی فیلمێك بگۆڕی و شوێنە تێكچووەكانی بەتایبەتی بۆ فیلمە كۆنەكان باش بكەیەوە. خاڵێكی بەهێزی تر پرۆگرامەكە ئەوەیە ئەو فیلمانەی كە بە مۆبایل گیراون بكەی بە فیلمێكی ئاسایی و لەسەر تیڤی نیشان بدرێ، چونكە فیلمەكانی كە بە مۆبایل دەگیردرێن، بەتایبەت مۆبایلە كۆنەكان كوالیتیان لە خوارێیە و پانتایی نیشاندانیان كەمە. قەبارەی پرۆگرامەكەش كەمە و شوێنێكی ئەوتۆ ناگرێت لە كۆمپیوتەردا.






## ماڵپەڕێكی زیرەک بۆ بەرزكردنەوەی كوالیتی وێنە

ئەوانەی كاری گرافیك و نەخشەسازی دەكەن، یەكێك لە گرفتەكانیان بوونی وێنەی كوالیتی نزمە یان وێنەی كۆنە كە بە كامێرای فیلم هەڵگرتنەوە گیراون، یا زۆر كەس هەیە وێنەی كۆنی هەیە و كوالیتی لە خوارێیە و نیازی هەیە كوالیتی بەرز بكاتەوە، لەسەردەمی زیرەكی دەستكرددا، كورد گوتەنی بە چاوتروكانێك دەكرێت كوالیتی وێنەكان بەرز بكەیەوە و بێ ئەوەی پێیەوە ماندوو بی دەگەی بە ئامانج.. ماڵپەڕی زیرەكی www.restorephotos.io یەكێكە لەو ماڵپەڕە زیرەكانە كە لە ماوەی كەمتر لە دە خولەكدا وێنەیەكی زۆر كۆن و بێ كوالیتی دەكاتە وێنەی سەردەم. بەكارهێنانی زۆر ئاسانە و بەخۆڕاییە هەتا ئێستا نزیكەی نیو ملیون كەس سوود لەو پرۆگرامە وەردەگرن. بۆكسی Restore your Photos دابنێ و چاوەڕێ بكە و بە دە خولەك وێنەكەت باش دەبێت.

## ...ری ماڵەوە دەكات

مۆبایل و كۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. بە دەنگی بەكارهێنەرەكەی كۆنترۆڵ دەكرێت. كامێرای فوول ئیچ دی لەسەرە و ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێت. هەروەها كۆدی كراوەیە و شارەزایانی بواری پرۆگرام نووسی دەتوانن دەستكاری بكەن و فەرمانی دیكەی پێبسپێرن. لەكاتی نەمانی شەحندا خۆی خۆكار دەڕوات بۆ سەر ئامێری شەحنكردنەوە. كامێرایەكی شەش هاوێنەی هەیە و هەموو لایەكی خۆی دەبینێت.








# چۆن ئاستەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیت دەپارێزیت

پەیوەندی نێوان خۆشەویستان و هاوسەران، تەنانەت هاوڕێ و برادەنیش چەند پایە و ئاستێکی هەیە، دەکرێت ئەو ئاستانە بپارێزرێن و ئامادەیی بۆ بکرێت، چونکە بوونی کێشە و گرفت لە نێو پەیوەندییەکاندا دەبنە مایەی تێکچوونی نێوانتان لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بۆیە دەتوانی لە پەیوەندییەکانتدا چەند لایەنێك گەڵاڵە بکەیت، کە ببێتە هەنگاوی سەرەتایی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و دەستپێشخەری لە گرنیگدان بە کەسانی دەوروبەر لە هەر ئاستێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش وا دەکات کە کەسێکی کۆمەڵایەتی بیت، کە کاریگەری دەکاتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هەوڵەکانت بۆ دەرخستنی کەسایەتیی خۆت بەرامبەر کەسانی دیکەدا، چەند لایەنێك هەن پەیڕەویان بکە کە کەسایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ دەوروبەر بە دەست دەهێنیت، سەرەتا: قسەکردن و گفتوگۆ، کە نابێت دابڕان بۆ ماوەیەکی زۆر هەبێت، بە تایبەت لەگەڵ ئەوانەی کە کەسی نزیکن، تا وێڕای بوونی ئامادەیی و هاوکاری لە هەموو کاتێکدا تا کەسی بەرامبەر هەست بە گەورەییت بکات، لایەنەکانی دیکەش بریتیین لە: یەکبخستنی بیرکردنەوەتان، لەخۆبردوویی و خاتر هەبێت لە نێوانتاندا، ڕێزی زۆر بۆ یەکتر، هاوکاری و لێبووردەیی، پشتگیری و گرنگیدان، بەرژەوەندخواز مەبە لەگەڵ ئەو کەسەدا، متمانە و هەستی پاکت بۆی هەبێت.





# تەوقە و خشڵەکانی بەستنی قژ





خشڵەکانی قژبەستن زۆرن، هەندێکیان لە شێوی قوماش و پلاستیك و کانزا و شووشەن، بەڵام واچاکە کەرەستەیەك بێت کە شکانی نەبێت، چونکە لەسەر سەرت بشکێ ڕەنگە زیان بە سەر و پرچت بگەیەنێن، هەست و خواستی خانمان بەندە بە چەندین چەشنی ئێکسسوارەوە، هەموو کچێك حەزی بە ئێکسسوارە، ڕۆژانە زیاتر لە ئێکسسوارێك بە خۆیانەوە دەکەن، وەك: ملوانکە، گوارە، ئەنگوستیلە، بازن و تەوقە ودەستبەند، ئەوانە هەمووی ئێکسسوارن تا کچان خۆیانی پێ جوانتر بکەن، سەر و پرچی زۆربەی کچان، خاوە، تەنانەت هەندێك خۆیان پرچیان خاو دەکەنەوە، ئیدی خاوکردنی پرچ پێویستی بە بەستنە، یان ئەو نانمانەی پرچیان درێژە، پێویستیان بە ئێکسسوارە تا قژیانی پێ ببەستن. تەوقەی پرچ کۆمەڵێك شێوازی هەیە، بەڵام دەبێ خانمان وریا بن لە هەڵبژاردنی ئەو تەوقانەی بۆ بەستنی پرچیان بەکاری دەهێنن، هەوڵ بدە تەوقەکە ئەوەندە توند نەبێت کە ئەزیەتی ڕەگ و تاڵەمووی پرچت بدات، هەروەها لە شێوە و قەبارەشدا ئەوەندە گەورە نەبێت کە شێوەی سەر و پرچت تێك بدات، لە بیرییش مەکە کە ڕەنگی تەوقەکەت با لەگەڵ جلوبەرگت یان ڕەنگێکی ماکیاژت ڕێك بێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت، چ سوود لە تەوقە نابینی جگە لە بەستنی پرچت.




# ڕەنگی جلەکانت لە وەرزی پاییزدا شیک بکە

ڕەش و سپی، مۆدێکی ناوازەیە دەکرێت کە ڕەنگێکی سادە و ئاسایین، کۆکردنەوەی ئەو دوو ڕەنگە لە جلێکدا، مۆدێکی سەرنجڕاکێش و پڕ کەسایەتی لێ دەردەچێت، بۆ کاتی دەرچوون و فەرمی دەپۆشرێت. شین و سەوز، دوو ڕەنگی سەرنجڕاکێشن، لە وەرزەکانی پاییز و زستاندا دەپۆشرێن، کاتێك کراسێکی سەوز و پانتۆڵێکی شینت لەبەر دەبێت، شێوازێکی ناسکی پێوە دیار دەبێت، بۆ دەرچوون و گەشت گونجاوە. سوور و شەکەری یان زەرد، دوو ڕەنگی زەق و سەرنجڕاکێشن، لە دوورەوە دیار دەبن، بۆ بۆنە و یادەکان لەبەر دەکرێن، هەروەها بۆ ئاهەنگ و کۆبوونەوەی خێزانیش مۆدێکی ناوازەیە. ڕەش و سەوز، یەکێکە لە مۆدە شیکەکانی جلوبەرگ، کە زیاتر بۆ کاتی زانکۆ و دەوام لەبەر دەکرێت، لەگەڵ پێڵاوی لەم ڕەنگانە، دەستە جلێکی تێکەڵ لە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سەوز، مۆدێکی نایابی دەبێت. نیللی و سپی، دوو ڕەنگی سەرنجڕاکێشن، کاتێك پانتۆڵێکی سپی و کراس یان بلووزێکی نیللیت لەبەربێت، سەرنجڕاکێشترین کەس دەبیت لە نێوان هاوەڵ و کەسانی دەوروبەرتدا، بۆیە ئەو دوو ڕەنگە بە شیکترین مۆد ناسراون.



## مۆزەخانەی میترۆپۆلیتانی



پێشتر قژ و شێوەی ئارایشتی ئافرەتان، تەنیا یەك شێوە بوو، ئەویش کە لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە باس دەکرێت یان وێنەی کۆن ماون، یەکێك لەو شێوازە پارچەی قژی یەکێك لە شازادە بیانییەکانە کە هاوسەری ئیمپراتۆر (تحتمس)ی سێیەم بوو، ئەمە لە نێو ناوەڕۆکی گۆڕی ژنە بیانییەکانی تحتمسی سێیەم لە ڕۆژئاوای ئەقسەر دۆزراوەتەوە، زۆر بە وریاییەوە بە شریتی کەتانی چنراوە و بە زێر ڕۆپۆش کراوە و لە دۆخێکی باشی پاراستنیدایە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شانشینی نوێی بنەماڵەی هەژدەیەم، نزیکەی ساڵی ١٤٥٠ پێش زایین.



## ڕێگەی شێوە ئەژدیها

ڕێگەکان لە جیهاندا بە پێی پێگەی جیۆماتیك و جیۆلۆجی پێویستە بە شێوەیەك دروست بکرێن کە ئاسانکاری بۆ هاتووچۆ و ئوتۆمبێلەکان لە ڕووی ئەندازییەوە بکرێت، یەکێك لەو ڕێگەیانە بریتییە لە: ڕێگەی کۆنی پانلۆنگە لە شاری شینجیانگ لە وڵاتی چین، کە دەکەوێتە سەر بەرزاییەکانی پامیر کە زیاتر لە ٤١٠٠ مەتر لە ئاستی دەریاوەیە، ئەم شوێنە دەکەوێتە ناوچەی شینجیانگ لە باکووری ڕۆژئاوای چین، ڕێگەیەکی پێچاوپێچە و درێژییەکەی ٧٥ کیلۆمەترە و زیاتر لە ٦٠٠ پێچی تیژی هەیە، لە ئەژدیهایەکی زەبەلاح دەچێت کە لە نێوان بەرزاییەکانی چیای کونلون هەڵکەوتووە.




## بەلەمی خانوو بۆ نیشتەجێی بوون


خانووەکان لەسەر زەوی و وشکانین، بەڵام ئەمجارەیان بەلەم کراوەتە خانوو، ئەو حاڵەتە لە گوندێکی باکووری فەڕەنسا سەریهەڵداوە، کە ناوی (ئیکیهین بلاج)ە، بە گوندی خانووە بەلەمەکان ناسراوە، هەندێ لەو بەلەمانەش بە سەراوژێری دانراون تاوەکو شێوەی خانووێکی ئاسایی وەربگرن، ژمارەی دانیشتووانی ئەو گوندە دەگاتە (٣٠٠٠) کەس، گوندەکە دەکەوێتە دووری (٤) کیلۆمەتر لە شاری بۆلۆنەوە، لە دوای جەنگەکانی جیهانیدا، تەواوی خانووەکانی ئەو گوندە خابوور و وێران بوون، هەر بۆیە دانیشتوانی ئەو گوندە لەو کاتەوە سوودیان لە بەلەم و کەشتییەکان وەرگرتووە تا ببێتە جێگەی حەوانە و ماڵیان. خۆشی ئەو خانووە بەلەمانە لەوەدایە کە دەتوانیت شوێنی نیشتەجێبوونت بگوازیتەوە بۆ ئەو شوێنەی خۆت دەستینشانی دەکەیت.







# فیستیڤاڵی بەرووبوومی خۆماڵی و خواردنی کوردەواری



گرنگیدان بە بەربوومی خۆمانە و کوردەواری، بابەتێکی گرنگە لای ئامادەکاران و شێف و خاوەن بیرۆکەکان، تاوەکو بتوانن بەرهەمی خۆماڵی لە نمایشگا و فیستیڤاڵەکاندا بە خەڵك و گەشتیاران و میوانانی بیانی بناسێنرێن، خاتوو (شێف چنار) یەکێکە لەوانەی کە هەمیشە دەیەوێت گرنگی بە کلتووری کوردی بدات و، ڤیستیڤاڵێکی قەشەنگی بۆ خزمەتکردن بە بەربوومی خۆماڵی و خواردنی کوردەواریی دەڤەرەکانی کوردستان لە ناو بازاڕی شەقڵاوە کردەوە، نمایشەکەکان بریتیی بوون لە خواردنی خۆمانە، بە بەرچاوی خەڵکەوە بۆ ئەوەی زۆرترین میوان و گەشتیاران بە چاوی خۆیان خواردنەکان ببینن و تامی بکەن، شێف چنار وەك خاتوونێکی دەسترەنگین بەنمایشکردنی دەیان خواردنی کوردەواری و بەربووبوومی شاخ و چیای کوردستان، فیستیڤاڵێکی ناوازەی پێشکەش کرد، فیستیڤاڵی بەروبوومی خۆماڵی لە شەقڵاوە ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو، دەیان خواردنی کوردەواری و بەرهەمی سرووشتی و بەروبوومی شارەکە وەک هەنار و هەنگوین و گوێز و چەندان بەرهەمی دیکە نمایش کران.





## کاریکاتێر

باس لە گۆڕینی مووشەك بۆ قەڵەم دەكات، كە ئەگەر بێتو لە جیاتی مووشەك سوود لە قەڵەم وەربگرین، داهاتووی چۆن دەبێت.



## دیمەنە سەیرەکان

لەم وێنەیەدا خانمێك سەما دەكات، كە بە چەند گرتەیەك وێنەی گیراوە، هەوڵ بدە بزانیت كەسەكە هەمان كەسە یان چەند كەسێكن لە وێنەكەدا دەركەوتوون.

# گەورەترین گوڵ لە جیهاندا



گوڵی تەرمی بەرزییەكەی دەگاتە زیاتر لە ٣ مەتر، پێنج ساڵ جارێك گوڵ دەدات، گوڵەكە تەنیا ٤٨ كاتژمێر دەكرێتەوە و دادەخرێتەوە، تا گوڵگرتنی داهاتوو كە دوای پێنج ساڵە، ئەمەش لە حیكمەتی خودای گەورەوەیە، چونكە بۆنەكەی قێزەونە و وەك بۆنی تەرمی شیبووەوە وایە، ئەو مێروانە ڕادەكێشێت كە جەستە شیبووەكان دەخۆن، هەر بۆیە ناوی لێنراوە گوڵی تەرمی، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەسڵی ئەم گوڵە دوورگەكانی ئەندونیسیایە، بە یەكێك لە سەیرترین ڕووەكانی جیهان دادەنرێت و یەكێكە لە جۆرەكان كە مەترسی لەناوچوونی لەسەرە.

# یاسا



### سزای چاوداگرتن

چاوداگرتن دوو جۆری هەیە، یەكەم: ئەگەر لە ڕێگەی نامەو تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوەبوو، جا بە چاوداگرتنی كەسەكە خۆی بێت یان ئێمۆجی، جیاوازی نییە و كارەكەی دەچێتە چوارچێوەی یاسای خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی پەیوەندیكردنەوە، لەو یاسایەشدا زیاتر (مادە)ی سێ تایبەتە بەو حاڵەتە. سزای مادەكەش لە نێوان سێ مانگ بۆ یەك ساڵ بەندكردنە. دووەم: ئەگەر چاوداگرتنەكە بەڕاستەوخۆیی بوو، ئەوە یاسای سزادانی بەسەردا جێبەجێ دەكرێت و مادە ٤٠٢ دەیگرێتەوە، چونكە چاوداگرتن دەبێتە كردارێكی ئابڕووبەرانە، سزای مادەكەش لە نێوان ڕۆژێك بۆ سێ مانگ زیندانیكردنە.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

دەتەوێت كەشێكی ئارام تەرخان بكەیت بۆ خۆت لە كارەكەت بۆ ئەوەی بتوانیت كاربكەیت و ئەركەكانت جێبەجێ بكەیت، ئاگاداربە پەلە مەكە لە هیچ شتێكدا، دەنا لە كۆتاییدا لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەنجامێكی باشی نابێت، ئەگەر پێویست بوو سەردانی پزیشك بكە باشترە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پەستانێكی زۆرت لەسەرە لە كارەكەت و ئەم ماوەیە تەواو سەرقاڵیت بەهۆی پێسپاردنی ئەركی بەرپرسانتەوە، لەلایەنی كۆمەڵایەتییەوە ڕەنگە بڕیارێكی نوێ بدەیت بەهۆی پەستانی زۆری چواردەورتەوە، ئەمەش كاریگەری لەسەر پەیوەندی سۆزداریت دەبێت، كاتێكی باش تەرخان بكە بۆ ئەوەی كێشت دابەزێنیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

پێویستت بە یارمەتی هەیە لە كارەكەتدا و دەتوانیت لە هاوپیشەكانتی داوا بكەیت بەبێ بیركردنەوە، بەڵام ئەوانەی جێگەی متمانەن، پەیوەندیی سۆزداریت سەركەتوو نابێت ئەگەر پەیوەست نەبن بەیەكەوە و لەپێناو خۆشەویستیتاندا قوربانی نەدەن، ڕێگەمەدە نەخۆشییەكی سادە بەسەرتدا زاڵبێت و چالاكییەكانت دوا بخات.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

كارەكەت فەرامۆش مەكە و هەوڵ بدە لە ئاستی بەرپرسیارێتیی پیشەكەتدا بە، دەنا زیان بە خۆت دەگەیەنیت، لەگەڵ خۆشەویستەكەت پەیوەندییەكی سۆزداریی جێگیرتان هەیە لە ئێستادا و گۆڕانكاریی تێدا نییە، سوود لە پشووی كۆتایی هەفتە وەربگرە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


ئەمڕۆ گۆڕانكاریی نوێ ڕوو دەدات و لایەنی سۆزداریت زۆر باش دەبێت و ئاسوودە دەبیت و كەسی دڵخوازت پێكەوە كاتێكی ڕۆمانسی بەسەردەبەن، ڕووبەڕووی هەندێك گرفت دەبیتەوە بەهۆی كارەكەتەوە و ڕەنگە كاربكاتە سەر لایەنی دەروونیت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ڕێگەمەدە دڵەڕاوكێ زاڵبێت بەسەر كارەكانتدا و لایەنی پیشەییت دوا بخات، كاتێكی گونجاوە بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو كێشەكانت بكەیت لەلایەنی سۆزدارییەوە، خۆت بەدووربگرە لە شوێنی قەرەباڵغ و بێزاركەر، ئەم ماوەیە پێویست بە پشوودان هەیە.

بۆ زانیاریت


# گرێی کەشتیی دەریایی



گرێ، یەکەیەکی خێرایی کەشتییە، کە یەکسانە بە یەك میلی دەریایی یان جوگرافی، واتا ١,٨٥٢ کم لە کاتژمێرێکدا، کەشتییەك کە خێراییەکەی ٢٠ گرێیە، واتا دەتوانێت بە خێرایی ٢٠ میلی دەریایی، یان ٣٧ کم لە کاتژمێرێکدا بڕوات، بەکارهێنانی زاراوەی (گرێ) لە سەردەمی سەرەتای گەشتی دەریاییەوە دەستی پێکرد، کاتێك کەشتییەکان ئامێرێکیان هەڵدەگرت، پێی دەوترا بەکرە و پارچە دار و پەت، ئەوەش پارچە دار و پەتێکە، پەتەکە لەسەر کۆڵییەك بە (بەکرە)دەپێچرا، لەکاتێکدا پارچەدارەکە فڕێدرایە ناو ئاوی پشت کەشتییەکە و لەگەڵ جوولەی کەشتییەکە، پەتەکە بە ئازادی بەجێ بهێڵێت و پارچە دارەکە بە جێگیری بمێنێتەوە، پەتەکە بە گرێ بە درێژایی مەودایەك هەڵدەگیرا کە هەریەکەیان درێژییەکەی ١٤.٤ مەتر بوو، گرێی یەکەم بە مانای کۆتایی مەودای یەکەم بوو، و دوای دوو گرێ دوو مەودا کۆتایی پێهات و هتد، بە حیسابکردنی ژمارەی گرێکان و مەوداکانیان و دابەشکردنی بەپێی ئەو کاتەی کە وەرگیراون.

فیلم

## شوێنێک بۆ شەڕ - A Place to Fight For




فیلمێکی ڕۆمانسی و سەرکێشیە، باس لە ئەفسەرێك بە ناوی (گرێگ دەکات) کە لە شوێنێك کچێك بە ناوی میریام دەناسێت کە چالاکوانێکی ژینگەیە، دواتر دەکەونە داوی خۆشەویستی و دوای ١٨ مانگ بەیەکەوەبوون، گرێگ بۆ کارێکی فەرمی دەگەڕێتەوە و ئاگای لە میریام نامێنێت، بەمەش دوای گەڕانەوەی دەبینێت کە منداڵیان بووە، کە ئەوکاتە ژیانی دەبێتە دوو لایەن، یان خێزان و منداڵەکەی هەڵبژێرێت، یان بەرەو کارە پرۆفیشناڵەکەی هەنگاو بنێت. فیلمەکە لە دەرهێنانی ڕۆماین کۆگیتۆرە، نووسینی جولیان هیرسیچ، ٧٤ ملیۆن دۆلاریش بودجەکەی بووە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٣ خولەکە، لە نواندنی: لینا خاودەری، فرانچویس سیڤیل، مانۆن بریسیچ، فلیکس بۆسویت، ناتالی ڕیچارد.



## پەند و وتە

ئۆلیڤەر ویندڵ هۆڵمز، فیزیاگەری ئەمریکی و نووسەر، لە ساڵی ١٨٠٩ لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٩٤ لە ویلایەتی ماساسیوتیش لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بێدەنگی دەڵێت: «بێدەنگی و قسەنەکردن باشترین ڕێگەیە لەگەڵ کەسێك کە قەدر و پێگەت نەزانێت و پایە بۆ هەستت دانەنێت».



## یاریی وێنە

ئەمە دیمەنی ڕەنگی زەیتوونە، لە قۆناغەکانی پێگەیشتنی هەر لە سەرەتاوە کە کاڵە و بچووکە، تاوەکو پێدەگات نزیکەی حەوت بۆ هەشت ڕەنگ دەگۆڕێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

نابێت بێهیوا بیت بەرامبەر بەو بەربەستانەی لە کارەکەتدا ڕووبەڕووت دەبێتەوە، پێویستە بوێرانە هەوڵ بدەیت بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانجەکانت، خۆشەویستەکەت هەندێك ڕێنمایی گرنگت پێ دەدات دەکرێت بە هەند وەری بگریت و سوودی لێ ببینیت، هەوڵ بدە کێشەکانت کار نەکەنە سەر ژیانت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکەیت لە کارەکەت، ئەمەش لەلایەنی دەروونییەوە گرفتت بۆ دروست دەکات بەرامبەر بە پیشەکەت، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە بەشداری چەندین چالاکی دەکەیت و ئەگەر تا ئێستا پەیوەندیی سۆزداری لە ژیانتدا نەبێت، ڕەنگە هاوبەشی ژیانت بدۆزیتەوە، هیچ شتیك گرنگتر نییە لە تەندروستیت، بۆیە ئاگاداری جەستەت بە.



**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هێندە خۆت سەرقاڵ مەکە بە کارێکەوە کە پەیوەندی بە تۆوە نییە و لەگەڵ پلانەکانی تۆ یەك ناگرێتەوە، بەڵام هەوڵ بدە زانیاریی نوێ وەربگریت، پەیوەندیی سۆزداریت جێگیر نییە و هەندێك ناکۆکی ڕوو دەدات، هێندە بیر لە داهاتوو مەکەرەوە و مێشك سەرقاڵ مەکە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

پێویستە هەوڵ بدەیت و زیاتر ماندوو ببیت بۆ ئەوەی ئەمڕۆ هەموو کارەکانت بەشێوەیەکی گونجاو جێبەجێ بکەیت و، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانت ئەرکەکانی سەر شانت کەم بکەیتەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەم ماوەیە پەیوەندییەکەت جێگیر دەبێت و پەیوەست دەبێت بە ڕۆتینییەوە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**


پڕۆژەکانت لەڕووی پیشەییەوە پێویستە پلان بۆ داڕێژراو و ڕێکخراو بێت، گرنگی بە ئامانجەکانت بدە و بیر لە داهاتوو بکەرەوە، لایەنی سۆزداریت جێگیرە و ئارامی و خۆشەویستی تێیدا زاڵە، پێویستە زیاتر گرنگی بە کارەکانت بدەیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لەڕووی پیشەییەوە هەندێك هەنگاو و کاری نوێ لە پیشەکەت وادەکات کە ئارام ببیتەوە و دووربکەویتەوە لە دڵەڕاوکێ، ئەمڕۆ هەست دەکەیت سۆزێکی زۆرت پێ دەدرێت لەچاو ڕۆژەکانی ڕابردودا، داهاتوو ڕوونە و پەیوەندیی سۆزداریی نوێ دێتە ژیانتەوە، هەست بە پەستانی دەروونیی زۆر ناخۆش دەکەیت و کاریگەری لەسەر جەستەت دەبێت.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly October 16, 2023 Issue,No.1385


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و رێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە رێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626